حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

زمان و ئەدەبی کوردی

بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی

دانانی
لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە

بژارکردن و پێداچوونەوەی زانستیی دووەم

صادق احمد عثمان   نەمام جلال رشید   ئەختەر سدیق حسین
سۆزان عەلی محەمەد   موحسین عەلی حسین   حسین صابر علی
شوان غازی پیرداود

چاپی یازدەم   ١٤٣٨ کۆچی   ٢٠١٧ زاینی   ٢٧١٧ کوردی

سەرپەرشتیی زانستی: صادق احمد عثمان - نەمام جلال رشید
سەرپەرشتیی چاپ: عوسمان پیرداود - خالد سلیم محمود
نەخشەسازی ناوەرۆک: خالد سلیم محمود
بەرگ: ئاری محسن احمد
بژاری هونەری: شیماء یاسین اکرم

پێشەکی

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق، لیژنەیەکی بۆ بژارکردن و پێداچوونەوەی زانستی کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی) ی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی پێکهێنا.

لێژنەکە بە شێوەیەکی ورد و زانستیی، پێداچوونەوەی بۆ هەر سێ بەشی (ڕێزمان و ئەدەب و خوێندنەوە) کرد. لە بەشی ڕێزماندا هەوڵدراوە هەڵە ڕێزمانییەکان بەشێوەیەکی زانستیی ورد ڕاستبکرێنەوە.

بە هەمان شێوەش لە بەشی ئەدەبدا، هەڵە زانستییەکان ڕاستکراونەتەوە، لە بەشی نمونەی ئەدەبیشدا ئەگەر شاعیرێک یان نووسەرێک لا برابێت، ئەوە لەبەر ئەوە بووە کە لە قۆناغەکانی داهاتوو هەمان شاعیر یان نووسەر بە فراوانتری دەخوێنرێت لە هەمان بەشیشدا وێنەی شاعیر یان نووسەر دانراوە.

لە بەشی خوێندنەوەدا هەڵەی چاپ و ڕێنووس و زمانەوانی ڕاستکراونەتەوە.

بێگومان لە هەموو کارێک کەم و کوڕی ڕوودەدات، بۆیە داوا لە مامۆستایانی بەڕێز و کەسانی شارەزا دەکەین کە ئەگەر هەڵەیەکیان بەرچاوکەوت، ئەوە لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەکانیان ئاگادارمان بکەنەوە.

لێژنەی بژارکردن و پێداچوونەوە زانستی

١/ ٢٠١٧

بەشی ڕێزمان

وەرزی یەکەم

١. ناو لەڕووی پێکهاتنەوە
٢. چاوگ
٣. چاوگ لەڕووی پێکهاتنەوە
٤. بەکارهێنانی چاوگ وەک ناو
٥. ڕەگی کار
٦. دۆزینەوەی ڕەگی کار
٧. چاوگ سەرچاوەی داڕشتنی کارە
٨. دەمەکانی کاری ڕابردوو
٩. دەمەکانی کاری ڕانەبردوو
١٠. کاری داخوازی
١١. کاری بکەر دیارو کاری بکەر نادیار لە شێوەزاری کرمانجی خواروو

وەرزی دووەم

١. کاری بکەر دیارو کاری بکەر نادیار لە شێوەزاری کرمانجی سەروو
٢. جێناوی پرس
٣. هاوەڵناوی پرس
٤. هاوەڵکاری پرس
٥. ڕستەی لێکدراو
٦. ئامرازی پەیوەندی
٧. ئامرازی دانەپاڵ

وەرزی یەکەم

ناو لە ڕووی پێکهاتنەوە

یەکەم:

١- کەوێک لەسەر بەردەکە هەڵنیشتبوو.

٢- پاڵە کاری دەکرد.

٣- ئەڤینیا مەم و زینێ ناڤدارە.

٤- ئازادی دەستێ خۆ هاڤێتە دەستێ کامەرانی .

٥- پیاوەکە پەزی لە مێرگەکەدا دەلەوەڕاند .

٦- لە هەموو هەورێک باران نابارێت .

٧- ئاڤا چەمی کێمە.

دووەم: (ئـ)

١- کوردستان بە دارستان دەڕازێنینەوە.

٢- ڕەزڤان دوو گوڵدانی هێنا.

٣- جوتیارەکە دەستەکی لە دوو جێگە داناوە.

٤- شەرمین هەندێک سەرینی کڕییە.

٥- زاناو توانا پێکڤە دچنە هاڤینگەها سۆلاڤێ.

٦- نڤیسەرو هۆزانڤان بەرهەمێن خۆ بلاڤ دکەن.

٧- کۆکەو ناڵەی نەخۆشەکە کاری لە ئێمە کرد.

٨- نەرمین حەز لە چاکەو جوانی دەکات.

٩- هاوکارو هاوڕێ دڵسۆزن.

(ب)

١- دۆتماما تە گولاڤێ ژ گوڵەباخێ دروستدکەت.

٢- خویشکا نەوزادی زیرەکە.

٣- هەڤاڵێن مە ژ گردەسۆری چوونە کێوەڕەشێ.

٤-تەمۆ لەبن ڕەشماڵەکە ڕەشمارێکی کوشت.

٥- دڵخواز سەرپۆشی هەیە.

٦- شۆڕەسوارەکە بە خێرایی گەیشت.

٧-ژێرپیاڵەکەم بۆ بهێنە.

خستنەڕوو

پێشتر زانیومانە، کە ناو وشەیەکە بۆ ناونانی شتێک یان هەر گیانلەبەرێک بەکاردێت. ئێمە لەم وانەیەدا تەماشای ناو دەکەین لە ڕووی پێکهاتنەوە، واتە لەڕووی دروستکردنییەوە، ئینجا ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی یەکەمی بکەین، دەبینین کۆمەڵێک ناو هەیە بۆ نمونە:

یەکەم:

ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی یەکەم بکەین دەبینین کۆمەڵێک ناو هەن وەک (کەو، بەرد ، پاڵە، کار، ئەڤین، مەم، زین ، ئازاد، دەست، کامەران ، پیاو، پەز، مێرگ ، هەور، باران ، ئاڤ، چەم) هەموویان ناوی سادەن و مەبەستێک پیشاندەدەن و هەریەکەیان لە یەک وشەی واتادار پێکهاتووە.

دووەم:

ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی دووەم (ئـ) بکەین دەبینین

١- لە ڕستەی یەکەمدا وشەی (کوردستان، دارستان) هەردووکیان ناوی دارِژاون، ماناو مەبەستێک پیشاندەدەن، هەریەکەیان لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پاشگرێک پێکهاتووە، ناوی (کوردستان) لە ناوی (کورد) لەگەڵ پاشگری (ستان) پێکهاتووە، ناوی (دارستان) لە ناوی (دار)* لەگەڵ پاشگری (ستان) پێکهاتووە، واتە (ناو + ستان).

٢- لە ڕستەی دووەمدا وشەی (ڕەزڤان، گوڵدان) هەردووکیان ناوی دارِێژراون واتاو مەبەستێک پیشاندەدەن، لە ڕووی دروستکردنەوە، لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پاشگرێک پێکهاتوون، ناوی (ڕەزڤان) لە ناوی (ڕەز) لەگەڵ پاشگری (ڤان) پێکهاتووە، ناوی (گوڵدان) لە ناوی(گوڵ) لەگەڵ پاشگری (دان) پێکهاتووە، واتە (ناو+ ڤان)، (ناو+دان).

٣- لە ڕستەی سێیەمدا وشەی (جوتیار، دەستەک، جێگە) هەرسێکیان ناوی دارِێژراون و واتاو مەبەستێک پیشاندەدەن، لەڕووی دروستکردنەوە هەریەکەیان لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پاشگرێک پێکهاتووە، ناوی (جوتیار) لە ناوی (جوت) لەگەڵ پاشگری (یار) پێکهاتووە، ناوی (دەستەک) لە ناوی (دەست) لەگەڵ پاشگری (ەک) پێکهاتووە، ناوی (جێگە) لە ناوی (جێ) لەگەڵ پاشگری (گە) پێکهاتووە، واتە (ناو+یار)، (ناو+ەک) ، (ناو+ گە).

٤- لە ڕستەی چوارەمدا وشەی (شەرمین، سەرین) ناوی دارِێژراون و ماناو مەبەستێک پیشاندەدەن، هەریەکەیان لە وشەیەکی واتادار

---

* ئەگەر (دار ، زار ، یار) وەک وشەیەکی سەربەخۆ بەکارنەهاتن دەبن بە پاشگر.

لەگەڵ پاشگرێک پێکهاتووە، ناوی (شەرمین) لە ناوی (شەرم) لەگەڵ پاشگری (ین) پێکهاتووە، ناوی (سەرین) لە ناوی (سەر) لەگەڵ پاشگری(ین) پێکهاتووە، واتە (ناو+ین).

٥- لەڕستەی پێنجەمدا وشەی (زانا، توانا، هاڤینگە) ناوی داڕێژراون و ماناو مەبەستێک پیشاندەدەن، هەریەکەیان لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پاشگرێک پێکهاتووە، ناوی (زانا) لە ڕەگی کار (زان) لەگەڵ پاشگری (ا) پێکهاتووە، ناوی (توانا) لە ڕەگی کار (توان) لەگەڵ پاشگری (ا) پێکهاتووە، ناوی (هاڤینگە) لە ناوی (هاڤین) لەگەڵ پاشگری (گە) پێکهاتووە، واتە (ڕەگی کار+ ا)، (ناو + گە).

٦- لە ڕستەی شەشەمدا وشەی (نڤیسەر، هۆزانڤان) ناوی داڕێژراون، هەریەکەیان واتاو مەبەستێک پیشاندەدەن، لەڕووی دروستکردنەوە هەریەکەیان لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پاشگرێک پێکهاتووە، ناوی (نڤیسەر) لە ڕەگی کار (نڤیس) لەگەڵ پاشگری (ەر) پێکهاتووە، ناوی (هۆزانڤان) لە ناوی (هۆزان) لەگەڵ پاشگری (ڤان) پێکهاتووە، واتە(ڕەگیکار+ەر)،(ناو+ ڤان)

٧- لە ڕستەی حەوتەمدا وشەی (کۆکە، ناڵە) ناوی داڕێژراون و واتاو مەبەستێک پیشاندەدەن، لە ڕووی پێکهاتنەوە هەریەکەیان لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پاشگرێک پێکهاتووە، ناوی (کۆکە) لە ڕەگی کار (کۆک) لەگەڵ پاشگری(ە) پێکهاتووە، ناوی (ناڵە) لە ڕەگی کار (ناڵ) لەگەڵ پاشگری (ە) پێکهاتووە واتە(ڕەگیکار+ە)

٨- لە ڕستەی هەشتەمدا وشەی (نەرمین، چاکە، جوانی) ناوی داڕێژراون و ماناو مەبەستێک پیشاندەدەن، هەریەکەیان لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پاشگرێک پێکهاتووە، ناوی (نەرمین) لە هاوەڵناوی

چۆنی (نەرم) لەگەڵ پاشگری (ین) پێکهاتووە، ناوی (چاکە) لە هاوەڵناوی چۆنی (چاک) لەگەڵ پاشگری (ە) پێکهاتووە، ناوی (جوانی) لە هاوەڵناوی چۆنی(جوان) لەگەڵ پاشگری (ی) پێکهاتووە، واتە (هاوەڵناو+پاشگر).

٩- لە ڕستەی نۆیەمدا وشەی (هاوکار، هاوڕێ) ناوی داڕێژراون و واتاو مەبەستێک پیشاندەدەن، لە ڕووی دروستکردنەوە هەریەکەیان لە پێشگری (هاو) لەگەڵ ناوی (کار) پێکاتووە، ناوی هاوڕێ لە پێشگری (هاو) لەگەڵ ناوی (ڕێ) پێکهاتووە، واتا (پێشگر + ناو).

هەروەها لە ڕستەکانی بەشی دووەم (ب) دەبینین:

١- لە ڕستەی یەکەمدا وشەی(دۆتمام، گولاڤ، گوڵەباخ) ناوی (لێکدراون) و واتاو مەبەستێک پیشاندەدەن، لە ڕووی دروستکردنەوە هەریەکەیان بەم شێوەیە پێکهاتووە، ناوی (دۆتمام) لە دوو ناو پێکهاتووە، (ناو+ناو)، (دۆت+مام) ناوی (گولاڤ) لە دوو ناو پێکهاتووە (گوڵ+ئاڤ) واتە(ناو+ناو)، ناوی (گوڵەباخ) لە دوو ناو لەگەڵ ئامرازی لێکدەری (ە)، کە کەوتۆتە نێوانیان پێکهاتووە، (گوڵ+ە+باخ)، (ناو+ە+ناو).

٢- لە ڕستەی دووەمدا وشەی (نەوزاد) ناوێکی لێکدراوە و واتا و مەبەستێک پیشاندەدات، لە هاوەڵناوی (نەو) لەگەڵ ناوی (زاد) پێکهاتووە، واتە (هاوەڵناو + ناو).

٣- لە ڕستەی سێیەمدا وشەی (گردەسۆر، کێوەڕەش)، ناوی (لێکدراون) و واتا و مەبەستێک پیشاندەدەن، ناوی (گردەسۆر) لە ناوی (گرد) لەگەڵ ئامرازی لێکداری (ە) و هاوەڵناوی (سۆر) پێکهاتووە، (ناو+ە+هاوەڵناو) ناوی (کێوەڕەش) لە ناوی (کێو) و ئامرازی لێکداری (ە) و هاوەڵناوی (ڕەش) پێکهاتووە، (ناو+ە+هاوەڵناو).

٤- لـه ڕسـتەی چوارەمـدا وشـەی (ڕەشـماڵ، ڕەشـمار) نـاوی لێکـدراون واتـاو مەبەسـتێک پیشـاندەدەن، نـاوی (ڕەشـماڵ) لـە هاوەڵنـاوی چۆنـی (ڕەش) لەگـەڵ نـاوی (مـاڵ) پێکهاتـووە، نـاوی (ڕەشـمار) لـە هاوەڵنـاوی چۆنـی (ڕەش) لەگـەڵ ناوی(مـار) پێکهاتـووە، واتە(هاوەڵنـاوی چۆنی+نـاو).

٥- لـە ڕسـتەی پێنجەمـدا وشـەی (دڵخـواز، سـەرپۆش) نـاوی لێکـدراون و واتـاو مەبەسـتێک پیشـاندەدەن، نـاوی (دڵخـواز) لـە نـاوی (دڵ) لەگـەڵ ڕەگـیکار (خـواز) پێکهاتـووە، نـاوی(سـەرپۆش) لـە نـاوی (سـەر) لەگـەڵ ڕەگـیکار (پـۆش) پێکهاتـووە، واتە(نـاو+ ڕەگـیکار).

٦- لە ڕسـتەی شەشـەمدا وشـەی (شـۆڕەسـوار) ناوێکی لێکدراوە و واتاو مەبەسـتێک پیشـاندەدات، لـە هاوەڵنـاوی (شـۆڕ) و ئامـرازی لێکدەری (ە) و نـاوی (سـوار) پێکهاتـووە، (هاوەڵنـاو +ە+نـاو).

٧- لـە ڕسـتەی حەوتەمـدا وشـەی (ژێرپیاڵـە) ناوێکـی لێکـدراوەو واتـاو مەبەسـتێک پیشـاندەدات، لـە هاوەڵـکاری (ژێـر) لەگـەڵ نـاوی (پیاڵـە) پێکهاتـووە، واتـە (هاوەڵـکار + نـاو).

دەستور

ناو لەڕووی پێکهاتنەوە دەکرێت بە دوو جۆر:

یەکەم:

ناوی سادە : ناوێکە لە وشەیەکی واتادار پێکهاتووە واتاو مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە وەک (کەو، بەرد، هەور، دەست...هتد)

دووەم:

ناوی نادسادە: دەکرێت بە دوو جۆر:

ئـ - ناوی داڕێژراو: ناوێکە لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پاشگرێک یان لەگەڵ پێشگرێک پێکهاتووە بەم شێوەیە :

١- (ناو + پاشگر) وەک (کوردستان، گوڵدان، شەرمین، جێگە)

٢- (ڕەگیکار + پاشگر) وەک (زانا، ناڵە، نڤیسەر، فڕگە)

٣- (هاوەڵناو + پاشگر) وەک (نەرمین، چاکە، جوانی)

٤- (پێشگر + ناو) وەک (هاوکار، هاوژین، هامڕاز)

ب- ناوی لێکدراو : ناوێکە لە دوو وشەی واتادار یا پتر پێکهاتووە، بەم شێوەی خوارەوە:

١- (ناو + ناو) وەکو (دۆتمام ، سۆلاڤ ، ماستاو)

٢- (ناو + ە + ناو) وەکو (گوڵەباغ ، گوڵەگەنم)

٣- (ناو + ە + هاوڵناو) وەکو (گردەسۆر ، کێوەڕەش ، کێلەشین)

٤- (هاوڵناو + ناو) وەکو (ڕەشماڵ ، ڕەشمار ، سۆرگوڵ ، نەوزاد)

٥- (ناو + ڕەگی کار) وەکو (دڵخواز ، سەرپۆش)

٦- (هاوەڵکار + ناو) وەکو (ژێرپیاڵە ، ژێرزەمین)

* تێبینی:- نیشانەکانی (ناسراوی، نەناسراوی و کۆ) ناوی سادە ناکەن بە ناوی دارژاو.

ڕاهینانی (١)

بۆ هەریەکێک لەم پاشگرانەی خوارەوە ، دوو ناوی داڕێژراو بهێنە و لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە : (ایی، ین، ەڵان، گار)

ڕاهێنان (٢)

پێنج ناوی لێکدراو بهێنە بە مەرجێک سێیان لە هاوەڵکارو ناوێک پێکهاتبێت و یەکێک لە دوو ناو پێکهاتبێت و ئەوی تر لە ناوێک و ڕەگی‌کار پێکهاتبێت .

ڕاهێنان (٣)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

١. ناوی (زێڕین) پێکهاتووە لە

(ڕەگی کار+پاشگر / ناو+پاشگر / هاوەڵناو+پاشگر / پێشگر+ناو+پاشگر)

٢. (خێرخواز) پێکهاتووە لە

(هاوەڵناو+ ڕەگی کار / ناو+ڕەگی کار/ ناو+ناو/ هاوەڵناو+ناو+پاشگر)

٣. (خوێنەر) پێکهاتووە لە

(ناو+ڕەگی کار /ڕەگی کار+پاشگر / پێشگر+ناو / هاوەڵکار+پاشگر)

٤. (دڵسۆز) ناوێکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە

(هاوەڵناو+ناو / ناو+ ناو / پێشگر+ ناو / ناو+ پاشگر)

٥. (گەڕۆک)

(ڕەگی‌کار+پاشگر/ ناو+پاشگر/ هاوەڵناو+ڕەگی‌کار/ پێشگر+ڕەگی کار+پاشگر)

٦. (قورئانخوێن) پێکهاتووە لە

(ناو+ڕەگی‌کار/ پێشگر+ڕەگی‌کار+پاشگر/ هاوەڵناو+ڕەگی‌کار/ هاوەلکار+ڕەگی‌کار)

٧. (ڕۆژگار) پێکهاتووە لە

(ناو+ڕەگی‌کار/ ناو+هاوەلناو/ ناو+پاشگر/ هاوەلکار+پاشگر)

٨. ناوی (نەورۆز) بە چ شێوازێک دروستبووە

(هاوەڵناو+ناو/ ناو+ناو/ هاوەڵناو+پاشگر/ هاوەڵناو+هاوەڵناو)

٩. کام لەم ناوانە لێکدراو نییە.

(کوردستان/ گوڵەهێرۆ/ دەستسڕ/ مێرگەسۆر)

ڕاڤە کردنی پەیڤان

پەیڤ		واتاکەی
پاڵە	:	کرێکاری کشتوکاڵی
هاڤێتە	:	خستییە، دایە
دەلەوەڕاند	:	دچەراند
بڕازێنەوە	:	بخەملینین
سەرین	:	بالیف
کۆکە	:	کۆخک
دۆتمام	:	کچە مام
سەرپۆش	:	دەرسۆک
نەو	:	نوێ
فڕگە	:	فڕۆکەخانە
دەستەک	:	جۆگەلەیەک کە شینایی تێدا دەچینرێت

چـــــــاوگ

ئاشـكرايە، كـە نەتـەوەی كـورد زۆر لەمێژە لـە تێكۆشـانێكی سـەختی بەردەوامدايـە، بۆ ڕزگاركردنی نيشـتمانەكەی لەژێر چەپۆكی داگيركەراندا، ڕابـوونو ڕاپەڕيـنو شۆڕشـی بەرپاكـردووە، قوربانيـدان لـە پێنـاو ئـەم مەبەسـتە پيـرۆزەدا، بـە ئەركێكـی ڕەوای زانيـوە، هەڵسـتانەوەی دوای كەوتنـی، نيشـانەی نەبـەردیو زيندوويـی بـووە، پتەوكردنـی ڕيزەكانـی گـەلو يەكگرتنـی هەمـوو لايـەكانو هەڵمەتبـردن بـۆ سـەر دامودەزگـەی ڕژێـم، لـە ڕاپەڕينـە مەزنەكـەی بەهـاری (١٩٩١)ز سـەركەوتنی بەدەسـت هێنـا، دامەزراندنـی پەرلەمـانو حكومەتـی كوردسـتان، بەرهەمـی خوێنـی شـەهيدانی گەلـی كوردسـتانە.

پاراسـتنی ئـەم دەسـتكەوتە مەزنانـە ئەركێكی نيشـتمانييەو لەسـەر شانی هەموو كوردستانييێكی دڵسۆزە، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی پيرۆزتر، هـەر بـە ڕێكخسـتنی ڕيزەكانـی گـەلو چەسـپاندنی ياسـاو چارەسـەركردنی كێشـەكان لـە ڕێگـەی گفتوگۆو دانيشـتن، لەسـەر مێزی ئاشـتیو گرنگيـدان بـە خوێنـدنو فراوانكردنـی پرۆسـەی ديموكراسـی دەبێت.

خستنەڕوو:

لـەم پارچـە نووسـينەدا، ئەگـەر سـەيری پەيڤەكانـی (تێكۆشـان، ڕزگاركـردن، ڕابـوون، ڕاپەڕيـن، قوربانيـدان، هەڵسـتانەوە، كەوتـن، پتەوكـردن، يەكگرتـن، هەڵمەتبـردن، ڕاپەڕيـن، سـەركەوتن، دامەزرانـدن، پاراسـتن، چـوون، بەدەسـتهێنان، ڕێكخسـتن، چەسـپاندن، چارەكـردن، دانيشـتن، گرنگيـدان، خوێنـدن، فراوانكـردن) بكەيـن، دەبينيـن هـەر يەكەيان مانايەكـی سـەربەخۆی هەيـەو هـەر يەكەيـان لـە شـوێنی خۆيـدا ڕووداوێك

یـا کردەوەیـەک دەردەخـات، بـەڵام نەدراوەتـە پـاڵ کەسـێک یـا شـتێکو کاتـی تێـدا نییـە، گەردانیـش ناکرێـت، بـەم جـۆرە وشـانە دەگوترێـت (چـاوگ). ئەگـەر جارێکـی تـر سـەیری ئـەم چاوگانـە بکەیـن، دەبینیـن.

یەکەم:

هـەر یەکێـک لـەم چاوگانـە کۆتاییـان بـە (ان، ین، دن، تـن، وون) هاتـووە، کـە پێیـان دەگوترێـت (نیشـانەی چـاوگ) بەم پێیە چـاوگ دەکرێت بـە پێنـج جـۆر.

١. چاوگی ئەلفی: ئەو چاوگەیە کە پیتی پێش (ن) (ا)یە.
٢. چاوگی یائی: ئەو چاوگەیە کە پیتی پێش (ن) (یـ)یە.
٣. چاوگی دالی: ئەو چاوگەیە کە پیتی پێش (ن) (د)یە.
٤. چاوگی تائی: ئەو چاوگەیە کە پیتی پێش (ن) (تـ)یە.
٥. چاوگی واوی: ئەو چاوگەیە کە پیتی پێش (ن) (وو)ە.

دووەم:

ئـ . بـە پیتـی (ن)ی کۆتایـی چـاوگ دەگوترێـت (نونـی چـاوگ)، بۆیـە لـە زمانـی کوردیـدا هەمـوو چاوکێـک کۆتایـی بـە یەکێـک لـەو نیشـانانەی سـەرەوە دێـت.

ب. هەر یەکێک لەم چاوگانە لە ڕستەدا وەکو ناوێک بەکاردێت.

پ. هەریەکێک لە چاوگانە هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت.

ت. چاوگ سەرچاوەی داڕشتنی کارە.

ج. هەندێـک چـاوگ هـەن کۆتاییـان بـە (ەوە) هاتـووە، وەک (دۆزینـەوە- خولانـەوە- حەسـانەوە- پاڕانـەوە- کولانـەوە- ڕشـانەوە) ئەمانـە چاوگـی سـادەی واتـادارن.

ح. چاوگی دالی لە هەندێک شوێنی کرمانجی سەروو پیتی (د)ی تێدا دەرناکەوێت وەکو (کردن= کرن، مردن= مرن، خواردن= خوارن، بردن=برن).

دەستور:

چاوگ وشەیەکە، ڕوودانێک یا کردەوەیەک پیشاندەدات، بەڵام ئەم کردەوەیە نەدراوەتە پاڵ کەسێک یا شتێک، کاتیشی تێدا نییە. لەڕستەدا وەک ناو بەکاردێتو هەموو تایبەتییەکانی ناو وەردەگرێتو ئەرکەکانی ناویش دەبینێت، هەروەها دەبێتە سەرچاوەی دروستکردنی کارو گەلێک وشەی تر.

ئـ . نیشانەکانی چاوگ ئەمانەن: (ان- ین- دن- تن- وون).

ب. بە پیتی (ن)ی کۆتایی چاوگ دەگوترێت (نوونی چاوگ).

ڕاهێنان (١)

ئەم چاوگانە لەڕستەدا بەکاربهێنە:

دروون، لڤین، هێنان، هەڵبژاردن، سەرکەوتن، چوون، یەکگرتن.

ڕاهێنان (٢)

نمونەی بە ڕستە بۆ ئەمانە بهێنەوە:

ئـ- دوو چاوگی ئەلفی. ب- دوو چاوگی یائی.

پـ- دوو چاوگی تائی. ج- دوو چاوگی واوی.

چ- دوو چاوگی دالی.

ڕاهێنان (٣)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. لە کرمانجی سەروودا، هەندێک جار ئەم نیشانەی چاوگە دەرناکەوێت.

(چاوگی واوی/ چاوگی ئەلفی/ چاوگی یائی/ چاوگی دالی)

٢. خوێندنەوە چاوگێکی

(ئەلفی/ تائی/ واوی/ دالی)یە

٣. چاوگ وشەیەکە

(گەردانکرێت/ دەدرێتە پاڵ کەسێک/ هیچیان)

٤. چاوگ:

(سەرچاوەی کارە/ هاوەڵناوە/ هاوەڵکارە/ ئامرازە)

٥. پیتی (ن) لە کۆتایی چاوگ پێیدەوترێت

(جێناوی لکاو/ نونی چاوگ/ ناوبەند/ نیشانەی کۆ)

ڕاهێنان (٤)

جیاوازی لەنێوان وشەی (ڕۆیشتن) لەم دوو ڕستەیەدا چییە؟ڕوونیبکەوە:

١. ڕۆیشتن جۆرێکە لە وەرزش.

٢. ئەوان ڕۆیشتن بۆ کتێبخانە.

چــاوگ
له ڕووی پێكهاتنه‌وه

یه‌كه‌م:

١. كوتانی منداڵان دژی نه‌خۆشییه‌كان پێویسته‌.

٢. ب هاتنا وه‌ ئه‌م دلشاد بووین.

٣. وڵاته‌كه‌مان به‌ چاندنی دره‌خت ده‌ڕازێته‌وه‌.

٤. نرخی دروونی كراسه‌كه‌ گران بوو.

٥. پشكفتنا بشكۆژێن گولان ل بهاران دبیت.

٦. خوێندنم ته‌واو كردووه‌.

دووه‌م:

(ئـ)

١. ڤه‌كرنا خوێندنگه‌هان وه‌لات پێشدكه‌ڤیت.

٢. هه‌ڵبژاردنه‌كه‌یان ئه‌نجامدا.

٣. له‌ ڕاسپاردنه‌كه‌ت گه‌یشتم.

٤. تێگهشتن بناغا زانستێیه‌.

٥. به‌ خوێندنه‌وه‌ زانیاریی نوێ فێرده‌بین.

٦. قرتاندنی گوڵی باخان جوان نییه‌.

٧. هه‌ڵدانه‌وه‌ی لاپه‌ڕه‌یه‌كی نوێ بۆ ئێمه‌ پێویسته‌.

(ب)

١. ئاڤدانێت باغچان گه‌له‌ك پێدڤییه‌.

٢. ئێمه‌ بۆ یارمه‌تیدانی ئێوه‌ هاتووین.

٣. جوانكردنی شاره‌كان ئه‌ركێكی نیشتمانییه‌.

٤. به‌ گه‌رمبوون ته‌نه‌ ڕه‌قه‌كان لێكده‌كشێن.

٥. دەست پێ کرنا هەر کارەکی پێویستی ب نەخشە دانانێ هەیە.

٦. ڕاستکردنەوەی هەڵەکانم بینی.

٧. ل ناڤبرنا زۆرداریێ ئارمانجا مەیە.

٨. ڕێگەدانی چاپکردنی کتێبەکەم وەرکرت.

٩. بـە بەهێزکردنـی پەیوەنـدی نێـوان لایەنـەکان، کۆمەڵگـە سـەقامگیر دەبێـت.

خستنەڕوو:

لە بابەتی پێشوودا ئەوەمان زانی، کە چاوگ ڕوودانێک پیشاندەداتو بـەکات نەبەسـتراوەتەوەو نەدراوەتـە پـاڵ کەسـێک یـان شـتێک، بـەڵام لێرەدا دەمانەوێت بزانیـن، کـە چـاوگ لـە ڕووی دروسـتکردنییەوە چۆن پێکدێت؟ کاتێـک سـەیری ڕسـتەکان دەکەیـن، دەبینیـن چـاوگ لـە ڕووی دروسـتکردنییەوە بـەم شـێوەی خوارەوەییـە:

یەکـەم: لـە ڕسـتەکانی بەشـی (١) پەیڤەکانـی (کوتـان، هاتـن، چانـدن، دروون، پشـکڤتن، خوێنـدن) هەموویـان چاوگـی سـادەن، هـەر یەکێـک لـەم چاوگانـە ڕوودانێکی پیشـانداوەو واتایکی سـەربەخۆی هەیـە، بەڵام ئەگـەر لـەڕووی دروسـتکردنەوە سـەیرییبکەین، دەبینیـن هـەر یەکێکیـان لـە یـەک وشـەی واتـادار پێکهاتـووە.

دووەم:

(ئـ)

لـە ڕسـتەکانی بەشـی (٢)ی بەشـی (ئـ)دا وشـەکانی (ڤەکـرن، هەڵبـژاردن، دەرکەوتـن، ڕاسـپاردن، تێگەیشـتن، سـەرکەڤتن، خوێندنـەوە، قرتانـدن، هەڵدانـەوە) هەموویـان چاوگـی داڕێـژراون، لـە ڕووی دروسـتکردنیانەوە، هـەر یەکێک لـەم چاوگانـە لـە چاوگێکی سـادە لەگەڵ

پێشگرێک یان پاشگرێک یان لەگەڵ هەردووکیان پێکهاتووە، بەم شێوەی خوارەوە:

١. چاوگی (ڤەکرن) لە پێشگری (ڤە) لەگەڵ چاوگی سادە (کرن) پێکهاتووە.

٢. چاوگی (هەڵبژاردن) لە پێشگری (هەڵ) لەگەڵ چاوگی سادە (بژاردن) پێکهاتووە.

٣. چاوگی (ڕاسپاردن) لە پێشگری (ڕا) لەگەڵ چاوگی سادە (سپاردن) پێکهاتووە.

٤. چاوگی (تێگهێشتن) لە پێشگری (تێ) لەگەڵ چاوگی سادە (گهێشتن) پێکهاتووە.

٥. چاوگی (خوێندنەوە) لە چاوگی سادە (خوێندن) لەگەڵ پاشگری (ەوە) پێکهاتووە.

٦. چاوگی (قرتاندن) لە چاوگی سادە (قرتان) لەگەڵ پاشگری (اندن) پێکهاتووە.

٧. چاوگی (هەڵدانەوە) لە پێشگری (هەڵ)و چاوگی سادە (دان)و پاشگری (ەوە) پێکهاتووە.

(ب)

لە ڕستەکانی بەشی (٢) ی بەشی (ب) دا پەیڤەکانی (ئاڤدان، یارمەتیدان، جوانکردن، گەرمبوون، دەستپێکردن، ڕاستکردنەوە، ل ناڤبردن، ڕێگەدان، بەهێزکردن) هەموویان چاوگی لێکدراون لە ڕووی دروست کردنیانەوە هەر یەکێکیان لە دوو وشەی واتادار یا پتر پێکهاتووە.

١. چاوگی (ئاڤدان) له ناوی (ئاڤ) لەگەڵ چاوگی ساده (دان) پێکهاتووه.
٢. چاوگی (یارمەتیدان) لەناوی (یارمەتی) لەگەڵ چاوگی ساده (دان) پێکهاتووه.
٣. چاوگی (جوانکردن) له هاوەڵناوی (جوان) لەگەڵ چاوگی ساده (کردن) پێکهاتووه.
٤. چاوگی (گەرمبوون) له هاوەڵناوی (گەرم) لەگەڵ چاوگی ساده (بوون) پێکهاتووه.
٥. چاوگی (دەستپێکرن) له ناوی (دەست) لەگەڵ چاوگی داڕێژراوی (پێکرن) پێکهاتووه.
٦. چاوگی (ڕاستکردنەوه) له هاوەڵناوی (ڕاست) لەگەڵ چاوگی داڕێژراوی (کردنەوه) پێکهاتووه.
٧. چاوگی (ل ناڤبرن) له هاوەڵکاری داڕێژراوی (ل ناڤ) لەگەڵ چاوگی ساده (برن) پێکهاتووه.
٨. چاوگی (ڕێگەدان) له ناوی داڕێژراوی (ڕێگه) لەگەڵ چاوگی سادەی(دان)پێکهاتووه.
٩. چاوگی (بەهێزکردن) له هاوەڵناوی داڕێژراوی (بەهێز) لەگەڵ چاوگی ساده (کردن) پێکهاتووه.

دەستور:

چاوگ لەڕووی پێکهاتنەوه دوو جۆره:

١. چاوگی ساده:

ئەو چاوگەیه، که تەنیا له یەک وشەی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتووه.
وەک: نووسین، خوێندن، نووستن، کێڵان، بوون، کردن

٢. چاوگی ناسادە: دوو جۆرە.

ئـ- چاوگی دارێژراو:

ئـەو چاوگەیـە کـە لـە چاوگێکـی سـادە لەگـەڵ پێشـگرێک یـان پاشـگرێک یـان لەگـەڵ هەردووکیـان پێکهاتـووە:

١- (پێشگر+ چاوگی سادە) وەک: هەڵبوون، ڕاکردن، بەرکەوتن، لێدان.

٢- (چاوگـی سـادە+ پاشـگر) وەک: خواردنـەوە، خوێندنـەوە، برژانـدن، کولاَنـدن.

٣- (پێشـگر+ چاوگـی سـادە+ پاشـگر) وەک: هەڵبوونـەوە، ڕاکردنـەوە، لێدانـەوە.

پێشگرەکان ئەمانەن: (هەڵ، دا، ڕا، پێ، تێ، دەر، بەر، ڤە، لێ).

پاشگرەکان ئەمانەن: (ەوە، اندن)

ب- چاوگی لێکدراو:

لـە چاوگێکـی سـادە یـان دارێـژراو لەگـەڵ وشـەیەکی واتـاداری تـر یـان پتـر پێکهاتـووە. بـەم شـێوەیە:

١- (ناو + چاوگی سادە) وەک: یارمەتیدان، دەستگرتن.

٢- (هاوەڵنـاوی چۆنـی+ چاوگـی سـادە) وەک: گەورەکـردن، گەرمبـوون، بڵندکـردن، جێگیرکـردن.

٣- (ناو+ چاوگی دارێژراو) وەک: دەست هەڵگرتن، سەرهەڵبڕین.

٤- (هاوەڵناوی چۆنی+ چاوگی دارێژراو) وەک: ڕاستکردنەوە، چاکبوونەوە.

٥- (ناوی دارێژراو+ چاوگی سادە) وەک: بەخێوکردن.

٦- (هاوەڵناوی دارێژراو+ چاوگی سادە) وەک: بەهێزکردن، بەئاگاهاتن.

٧- (هاوەڵکاری دارێژراو+ چاوگی سادە) وەک: ل ناڤچوون، لەناوبردن.

ڕاهێنان (١)

لەم چاوگە سادانەی خوارەوە چاوگی دارێژراو و لێکدراو دروستبکە:

(چوون، کێشان، گرتن، خواردن، بڕین، هێنان)

ڕاهێنان (٢)

جیاوازی لە نێوان چاوگی دارێژراو و لێکدراو چییە لە ڕووی دروستکردنەوە؟ بە نمونە ڕوونیبکەوە.

ڕاهێنان (٣)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. (برژاندن): چاوگێکی (سادەیە/ دارێژراوە/ لێکدراوە/ هیچیان)

٢. (ڕێزگرتن): پێکهاتووە لە

(ناو+چاوگی سادە / هاوەڵناو+چاوگی سادە /
هاوەڵکار+چاوگی سادە / چاوگی سادە+ناو)

٣. (گەرمبوون): پێکهاتووە لە

(هاوەڵناو+پاشگر/ هاوەڵناو+چاوگی سادە/ ناو+ڕەگی‌کار/هاوەڵناو+ناو)

٤. (لێنان): پێکهاتووە لە

(پێشگر+چاوگی سادە/ ناو+چاوگی سادە/
پێشگر+چاوگی دارێژراو/ چاوگی سادە+پاشگر)

٥. (ڕاپەرین): پێکهاتووە لە

(پێشگر+ناو/ ناو+ڕەگی‌کار/ هاوەڵکار+پاشگر/ پێشگر+چاوگی سادە)

٦. کام لەم چاوگانە لە (پێشگر+چاوگی سادە+پاشگر) دروستبووە،

(داشکاندن/ ڕاپەرین/ سەرکەوتن/ کردنەوە)

بەکارهێنانی چاوگ وەک ناو

ئـ/

١. نووسینەکەم هێناوە.

٢. نووسینەکانم کۆکردەوە.

٣. ئاخافتنا باش دلێ مرۆڤی خۆش دکەت.

٤. نووسینی هێمنم خوێندوەتەوە.

٥. هاتنا وان بۆ کارگەهێ گەلەک باش بوو.

ب/

١. نڤستن بۆ نەخۆشی دەرمانە.

٢. سوتان بە ئازارە.

٣. خوێندن کۆمەڵ پێشدەخات.

٤. خۆزی کوشتن ل وەلاتێ مە نەمابا.

٥. خوێندنم تەواوکردووە.

٦. مە خوارن کڕییە.

٧. هەر بە تێکۆشان دەگەینە ئامانج.

٨. کوردستان هەر ب زانینێ پێش دکەڤیت.

٩. بەرهەمی ڕاپەڕین دیارە.

١٠. کاری قوتابی خوێندنە.

١١. هەڵبژاردنەکە ئەنجامدرا.

خستنەڕوو:

لەمەوبەر بۆمان ئاشکرابوو، کە چاوگ وەکو ناوێک لەناو ڕستەدا بەکاردێت، چونکە تایبەتییەکانی ناو وەردەگرێتو هەموو ئەرکەکانی ناو لەڕستەدا دەبینێت.

ئـ- تایبەتییەکانی ناو وەردەگرێت کە ئەمانەن: چاوگ وەکو ناو دەتوانرێت بکرێت بە ناسراو بە هۆی نیشانەی ناسراو (ەکە). هەروەها دەتوانرێت بکرێت بە کۆی ناسراو بەهۆی نیشانەی کۆ (ان) کە دەخرێتە دوای نیشانەی ناسراوی (ەکە). هەروەها دەتوانرێت تەواو بکرێت بە (ناو، جێناو، هاوەڵناوی چۆنی). بۆ دەرخستنی ئەم ڕاستییانە ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (ئـ) بکەین دەبینین:

١. لەڕستەی یەکەمدا وشەی (نووسینەکە) چاوگێکی ناسراوە بەهۆی نیشانەی ناسراوی (ەکە) بووە بە ناسراو.
٢. لە ڕستەی دووەمدا وشەی (نووسینەکان) چاوگێکی کۆی ناسراوە بەهۆی نیشانەی کۆ (ان) کە خراوەتە دوای نیشانەی ناسراوی (ەکە).
٣. لەڕستەی سێیەمدا وشەی (ئاخافتن) چاوگەو بە هاوەڵناوی چۆنی (باش)، دیارخراوە.
٤. لەڕستەی چوارەمدا وشەی (نووسین) چاوگەو بە ناوی (هێمن) دیارخراوە.
٥. لەڕستەی پێنجەمدا وشەی (هاتن) چاوگەو بە جێناوی کەسیی سەربەخۆ (وان) دیارخراوە.

ب- چاوگ ئەرکەکانی ناو دەبینێت لە ڕستەدا، ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (ب) بکەین، دەبینین هەر چاوگێک ئەرکێکی بینیوە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لەڕستەی یەکەمو دووەمدا چاوگی (نقستن، سووتان) هەر یەکەیان نیهادە لە ڕستەی خۆیاندا، چونکە هەواڵێک یان سیفەتێک دراوەتە پاڵ هەر یەکێکیان، لەڕستەی سێیەمو چوارەمدا چاوگی (خوێندن، کوشتن) بکەرن، چونکە هەر یەکەیان کارێکی دراوەتە پاڵ. لەڕستەی پێنجەمو شەشەمدا چاوگی (خوێندن، خواردن) بەرکارن، چونکە هەر یەکەیان مانای کاری تەواو کردووەو کاریگەریێتی کاریشی کەوتۆتە سەر.

لە ڕستەی حەوتەمو هەشتەمدا چاوگی (تێکۆشان، زانین) تەواوکەری بە یاریدەن.

لە ڕستەی نۆیەمدا چاوگی (ڕاپەڕین) ئەرکی دیارخەری ناوی (بەرهەم) ی بینیوە.

لە ڕستەی دەیەمدا چاوگی خوێندن ئەرکی تەواوکردنی کاری ناتەواوی (ە)ی بینیوە.

لە ڕستەی یازدەمدا چاوگی (هەڵبژاردن) ئەرکی جێگری بکەری بینیوە.

لە ئەنجامدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە چاوگ تایبەتییەکانو ئەرکەکانی ناو لەڕستەدا وەردەگرێتو جێ بەجێی دەکات، لەبەر ئەوە چاوگ وەک ناوە.

دەستور:

چاوگ لە ڕستەدا وەک ناوێک بەکاردێت، چونکە:

ئـ-

تایبەتییەکانـی نـاو وەردەگرێـت، دەتوانرێـت بکرێـت بـە (تاکـی ناسـراو، کۆی ناسـراو، دیارخـراو بێـت بەنـاو یـان بەجێنـاو یـان بـە هاوەڵنـاوی چۆنـی).

ب-

ئەرکەکانـی نـاو دەبینێت، دەبێت بـە (نیهـاد، بکـەر، بـەرکار، تەواوکـەری بەیاریـدە، دیارخــەری نــاو، تەواوکــەری کاری ناتــەواو، جێگـری بکـەر) لەڕسـتەدا.

ڕاهێنـان (١)

وەڵامی ڕاست بۆ وشە هێڵ بەژێرهاتووەکان هەڵبژێرە.

١. بژارکردن بۆ کشتوکاڵ بە سودە.

(نیهاد/ بکەر/ تەواوکەری بەیاریدە/ بەرکار)

٢. هێنان بردنەوەی دەوێت.

(بکەر/ بەرکار/ دیارخەر/ نیهاد)

٣. ب ئاڤاکرنا گوندان ژێر خانا ئابوری ڤەدژیتەوە.

(بەرکار/ تەواوکەریکاریناتەواو/ تەواوکەریبەیاریدە/ جێگری بکەر)

٤. بریا خوێندنم تەواو کردبایە.

(بکەر/ بەرکار/ دیارخەر/ تەواوکەری بەیاریدە)

٥. کارگەی چنین کوتاڵ دروستدەکات.

(بەرکار/ دیارخەر/ دیارخراو/ نیهاد)

٦. ئەڤە کەنگی نڤیسینە؟

(نیهاد/ تەواوکەری کاری ناتەواو/ بەرکار/ بکەر)

ڕاهێنان (٢)

چاوگی (یارمەتیدان) لەڕستەدا بەکاربهێنە بەمەرجێک هەموو ئەرکەکان ببینێت.

ڕاهێنان (٣)

لەڕستەی (ڕاپەڕین ئێمەی گەیاندە سەرکەوتن)

١- وشەی (ڕاپەڕین) چییە؟ چۆن دروست کراوە؟ ئەرکی چییە؟

٢- وشەی (ئێمە) شی بکەوە.

٣- وشەی (سەرکەوتن) چییە؟ چ جۆرێکە؟ ئەرکی چییە؟

٤- (ی) لە دوای وشەی (ئێمە) چییە؟ ئەرکی چییە؟

٥- وشەی (ڕاپەڕین) لە ڕستەیەکی تردا ببێتە بەرکار.

٦- وشەی (سەرکەوتن) بکە بە کۆی ناسراوو لەڕستەیەکی تردا ببێتە نیهاد.

ڕاهێنان (٤)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە:

١. ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیان ڕاگەیاند.

٢. خوێندن چاوی مرۆڤ دەکاتەوە.

ڕەگـــــی کار

(١)

ڕەگی کار	قەدی چاوگ	چاوگ
کێڵ	کێڵا	کێڵان
کوت	کوتا	کوتان
پیڤ	پیڤا	پیڤان
کڕ	کڕی	کڕین
مر	مرد	مردن
خوێن	خوێند	خوێندن
ڕەڤ	ڕەڤی	ڕەڤین
گر	گرت	گرتن
دانیش	دانیشت	دانیشتن
چ	چوو	چوون
ب	بوو	بوون

خستنەڕوو:

ئـ . پێشـتر زانیمـان، کـە چـاوگ کردەوەیـەک پیشـاندەدات و کردەوەکـە نادرێتـە پـاڵ کەسـێک یـا شـتێک، هەروەهـا کاتـی تێدانییـە، چاوگـەکان بـە پیتـی پێـش (ن)ی چـاوگ دەناسـرێنو دەکرێـن بـە پێنـج جـۆر لـە ڕووی نیشـانەوە چاوگـی (ئەلفـی، یائـی، دالـی، تائـی، واوی)*. واتـە چـاوگ بـە یەکێـک لـەم نیشـانانە (ان، یـن، دن، تـن، وون) کۆتایـی دێتو بـە هـەر یەکێکیـان دەوترێت نیشـانەی چـاوگ. بـە پیتـی (ن)ە کـەش دەگوترێـت (نوونـی چـاوگ) وەکـو لـە سـتوونی یەکەمـدا خراوەتـە ڕوو.

(کێڵان، کوتـان، پیڤـان، کڕیـن، مـردن، خوێنـدن، ڕەڤیـن، گرتـن، دانیشـتن، چـوون، بـوون).

ب. ئەگـەر سـەیری وشـەکانی سـتوونی دووەم بکەیـن (کێـڵا، کوتـا، پیڤـا، کـڕی، مـرد، خوێنـد، ڕەڤـی، گـرت، دانیشـت، چـوو، بـوو). دەبینیـن هەموویـان لـە چاوگەکانـی سـتوونی یەکـەم وەرگیـراون، بـە لابردنـی نونـی چـاوگ دروسـتکراون، بـە ئەمانـە دەگوترێـت (قـەد) یـان (کاری ڕابـردووی نزیـک)، کـە دەبێتـە بنچینـەی دروسـتکردنی هەمـوو جۆرەکانـی تـری کاری ڕابـردوو، کـە لەمـەودوا دەیـان خوێنیـن.

پ. ئەگەر سـەیری وشـەکانی سـتوونی سـێیەم بکەین (کێڵ، کوت، پیڤ، کڕ، مر، خوێن، ڕەڤ ، گر، دانیش، چـ ، ب) دەبینین هەموویان لـە چاوگەکانی ستوونی یەکـەم وەرگیراون‌و پێیان دەگوترێت (ڕەگـی کار) ، بەشـی هـەرە زۆری (ڕەگـی کار) بـە تەنیـا بـەکار نایـەت‌و مانـای تـەواو نابەخشـێت، بـەڵام دەبێتـە سـەرچاوە بۆ دروسـتکردنی کاری (ڕانەبردوو، داخـوازی)و گەلێک وشـەی تـر.

دەستور:

ئـ : ڕەگی کار: ئەو بەشەیە، کە لە چاوگ وەردەگیرێتو واتای چاوگ هەڵدەگرێت و بەشی هەرە زۆری ڕەگی کار بە تەنیا بەکار نایەتو واتای تەواو نابەخشێت، بەڵام دەبێتە سەرچاوە بۆ دروستکردنی کاری (ڕانەبردوو، داخوازی)و گەلێک وشەی تر لە زمانەکەمان.

ب: بۆ دۆزینەوەی ڕەگی کار کارەکە دەکەینە ڕانەبردوو دوای لابردنی (دە، جێناوی لکاو) ئەوەی دەمێنێتەوە پێیدەگوترێت ڕەگی کار

نووسین ⟵ دەنووسم (~~دە~~ + نووس + ~~م~~)

دۆزینەوەی ڕەگی کار

(٢)

	چاوگ	قەدی چاوگ	ڕەگی کار
ئـ-	هێنان	هێنا	هێن
	پیڤان	پیڤا	پیڤ
	کێڵان	کێڵا	کێڵ
	شێلان	شێلا	شێل
	کێشان	کێشا	کێش
ب-	خنکان	خنکا	خنکێ
	برژان	برژا	برژێ
	زان	زا	زێ
	شکان	شکا	شکێ
	دڕان	دڕا	دڕێ

خستنە ڕوو:

ئـ- کاتێک سەیری چاوگەکانی بەشی (ئـ) دەکەین (هێنان، پیڤان، کێڵان، شێلان، کێشان) دەبینین هەموو چاوگی تێپەڕی (ئەلفی) ن، ڕەگی کار لەم چاوگانە بە لابردنی نیشانەی چاوگ (ان) دروست دەکرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە پێی دەگوترێت ڕەگی کار وەکو (هێن، پیڤ، کێڵ، شێل، کێش).

ب- کاتێک سەیری چاوگەکانی بەشی (ب) دەکەین (خنکان، برژان، زان، شکان، دڕان) دەبینین هەموویان چاوگی تێنەپەڕی (ئەلفی) ن،

ڕەگی کار لەم چاوگانە دروست دەکرێت بە لابردنی (ن)ی چاوگو گۆڕینی پیتی (ا) بۆ پیتی (ێ) وەکو (خنکێ، برژێ، زێ، شکێ، دڕێ).

تێبینی: چاوگی (لێنان) چاوگێکی ئەلفی تێپەڕە، ڕەگی کاری لێ دروست دەکرێت بە ڕێگای چاوگی ئەلفی تێنەپەڕ بەڵام ڕەگی کار لە چاوگی (شیان، گریان، ژیان) لەم دەستورە لادەدەن، ڕەگی کار لە چاوگی (شیان- شێ) (گریان- گری) (ژیان- ژی) هەروەها ڕەگی کار لە چاوگی (مان) دەبێتە (مێن) ئەمەش لە دەستور لایداوە. ڕەگی چاوگی (دان) بریتییە لە (دە) بە هەمان شێوە لە دەستور لایداوە.

دەستور:

دۆزینەوەی ڕەگی کار لە چاوگە ئەلفییەکان بەم شێوەیە دەبێت:

ئـ -

ئەگەر چاوگی ئەلفی تێپەڕ بوو، ڕەگی کار دروست دەکرێت، تەنها بە لابردنی نیشانەی چاوگ (ان) ئەوەی دەمێنێتەوە ڕەگی کارە.

ب-

ئەگەر چاوگی ئەلفی تێنەپەڕ بوو، ڕەگی کار دروست دەکرێت بە لابردنی پیتی (ن)ی چاوگو گۆڕینی پیتی (ا) بۆ (ێ).

دۆزینەوەی ڕەگی کار

(٣)

چاوگ	قەدی چاوگ	ڕەگی کار
بڕین	بڕی	بڕ
نڤیسین	نڤیسی	نڤیس
کڕین	کڕی	کڕ
بەخشین	بەخشی	بەخش
زانین	زانی	زان
ڕەڤین	ڕەڤی	ڕەڤ
فڕین	فڕی	فڕ
لەرزین	لەرزی	لەرز
زڤڕین	زڤڕی	زڤڕ

خستنەڕوو:

ئەگەر سەیری چاوگەکان بکەین (بڕین، نڤیسین، کڕین، بەخشین، زانین، ڕەڤین، فڕین، لەرزین، زڤڕین) دەبینین هەموویان چاوگی یائین، هەندێکیان، تێنەپەڕن وەک: (ڕەڤین، فڕین، لەرزین، زڤڕێن) ڕەگی کار لە چاوگی (تێپەڕو تێنەپەڕ) دروستدەکرێت ئەویش بە لابردنی نیشانەی چاوگ (ین).

دەستور:

دۆزینەوەی ڕەگی کار لە چاوگی یائی لە تێپەڕو تێنەپەڕ بە لابردنی نیشانەی چاوگ (ین) دەبێت.

دۆزینەوەی ڕەگی کار

(٤)

	چاوگ	قەدی چاوگ	ڕەگی کار
ئـ-	چوون	چوو	چـ
	بوون	بوو	ب
ب-	دروون	دروو	دروو
	گروون	گروو	گروو
	جوون	جوو	جوو
	سوون	سوو	سوو

خستنەڕوو:

ئـ -

کاتێک سەیری چاوگەکانی بەشی (ئـ) دەکەین (چوون ، بوون) دەبینین چاوگی (واو)ی تێنەپەڕن، ڕەگی کار لەم چاوگانە بە لابردنی نیشانەی چاوگ دروستدەکرێت، واتە لابردنی (وون)و ئەوەی دەمێنێتەوە ڕەگی کارە وەک (چـ ، ب).

ب-

کاتێک سەیری چاوگەکانی بەشی (ب) دەکەین (دروون، گروون، جوون، سوون) دەبینین ئەمانەش چاوگی (واوی)نو تێپەڕن ڕەگی کار لەم چاوگانە تەنها بە لابردنی پیتی (ن)ی چاوگ دروستدەکرێت وەک: (دروو، گروو، جوو، سوو). لێرەدا ڕەگی کار لەگەڵ قەدی چاوگ لە ڕووی دروستکردنەوە وەک یەکن.

دەستور:

دۆزینەوەی ڕەگی کار لەچاوگی واوی بەم شێوەیەیە:

ئـ-

لـە چاوگی واوی تێنەپـەڕدا ڕەگی کار دروسـتدەکرێت بـە لابردنی نیشـانەی چـاوگ کـە (وون)ە.

ب-

لـە چاوگـی واوی تێپـەڕدا ڕەگـی کار دروسـتدەکرێت تەنهـا بـە لابردنـی پیتـی (ن)ی چـاوگ. واتـا (ڕەگ و قـەد) وەک یەکـن.

دۆزینەوەی ڕەگی کار

(٥)

ئـ/

چاوگ	قەدی چاوگ	ڕەگی کار
فرۆشتن	فرۆشت	فرۆش
ڕێستن	ڕێست	ڕێس
کەفتن	کەفت	کەڤ
گرتن	گرت	گر
خوێندن	خوێند	خوێن
مردن	مرد	مر
لێبووردن	لێبوورد	لێبوور

ب/

چاوگ	قەدی چاوگ	ڕەگی کار
سپاردن	سپارد	سپێر
چاندن	چاند	چێن
ناردن	نارد	نێر
سەندن	سەند	سێن
برژاندن	برژاند	برژێن
ستاندن	ستاند	ستێن
پالاوتن	پالاوت	پالێو
ڤەشارتن	ڤەشارت	ڤەشێر

پ/

چاوگ	قەدی چاوگ	ڕەگی کار
خواستن	خواست	خواز
گەستن	گەست	گەز
پاراستن	پاراست	پارێز
کوشتن	کوشت	کوژ
هاڤێشتن	هاڤێشت	هاڤێژ
چێشتن	چێشت	چێژ
ڕێشتن	ڕێشت	ڕێژ

ت/

چاوگ	قەدی چاوگ	ڕەگی کار
نووستن	نووست	نوو
ڕۆیشتن	ڕۆیشت	ڕۆ
خواردن	خوارد	خۆ
شووشتن	شووشت	شۆ
خستن	خست	خە
هاتن	هات	هێ(ێ)
بردن	برد	بە
کردن	کرد	کە
هێشتن	هێشت	هێڵ
ویستن	ویست	ەوێ
گۆتن	گۆت	ڵێ

خستنەڕوو:

دۆزینـەوەی ڕەگـی کار لـە چاوگـی (تائـی یـان دالـی) بـە چەنـد شـێوەیەکی جیـاواز دەبێـت:

ئـ - شـێوەی یەکەمیـان لـە هەندێـک چاوگـی (تائـی یـا دالـی) وەک نمونەکانی بەشـی (ئـ) کـە چاوگـەکان (فرۆشـتن، ڕێسـتن، کەڤتـن، گرتـن، خوێنـدن، مـردن، لێبـووردن) هەندێکیـان تێپـەڕن، هەندێکیـان تێنەپـەڕن، ڕەگـی کار لـەم چاوگانـەدا یەکسـەر بـە لابردنـی نیشـانەی چـاوگ (تـن یـان دن) دروسـتدەکرێت، بـەڵام ژمـارەی ئـەم بەشـەیان کەمـە.

ب- شـێوەی دووەمیـان لـە هەندێـک چاوگـی (تائـی یـان دالـی) وەک نمونەکانـی بەشـی (ب) چاوگـەکان (سـپاردن، چانـدن، نـاردن، سـەندن، برژانـدن، سـتاندن، پاڵاوتـن، ڤەشـارتن) دۆزینـەوەی ڕەگـی کاری ئـەو چاوگانـەی، کـە پیتـی پێـش پیتـە نەبزوێنەکـەی پێـش نیشـانەی چـاوگ پیتـی بزوێنـی (ا، ە) بـوو، ڕەگـی کار بـەم شـێوەیە دروسـتدەکرێت، نیشـانەی چـاوگ (تـن، یـان دن) لادەبرێـن، پیتـی بزوێنـی (ا، ە) کـە لەپێش پیتـە نەبزوێنەکەیـە دەگۆڕێـت بـۆ پیتـی بزوێنـی (ێ) وەک (سـپێر، چێـن، نێـر، سـێن، برژێـن، سـتێن، پاڵێـو، ڤەشـێر).

پ- شـێوەی سـێیەم لـە هەندێـک چاوگـی تائیـدا وەک نمونەکانـی بەشـی (پ) چاوگەکان (خواسـتن، گەسـتن، پاراسـتن، کوشـتن، هاڤێشـتن، ڕێشـتن، چێشـتن) دۆزینـەوەی ڕەگـی کار لـەم چاوگانـەی، کـە پیتـی پێـش نیشـانەی چـاوگ (تـن) (س، ش) بـوو، بـەم شـێوەیە دەبێـت، نیشـانەی چـاوگ (تـن)

لا دەبرێت ئینجا پیتی (س) دەگۆڕێت بۆ پیتی (ز)، پیتی (ش) دەگۆڕێت بۆ پیتی (ژ) وەکو (خواز، پارێز، کوژ، هاڤێژ، ڕێژ، چێژ).

ت - شێوەی چوارەم لە هەندێک چاوگی تائی یان دالی وەک نمونەکانی بەشی (ت)، چاوگەکان (گەیشتن، نووستن، خواردن، شووشتن، خستن، ڕۆیشتن، بردن، کردن، هێشتن، ویستن، گۆتن) دۆزینەوەی ڕەگی کار لەو چاوگانە دەستورێکی تایبەتی نییە، بەڵکو دەبێت لەبەربکرێن، ژمارەی ئەم چاوگانە کەمە وەک ڕەگەکانی (گە، نوو، خۆ، شۆ، خە، ڕۆ، بە، کە، هێڵ، وێ، لێ، بێژ).

جگە لەو شێوانەی، کە باسمانکردن چاوگی تائی هەیە ڕەگی کاری لێدروستدەکرێت تەنها بە لابردنی پیتی (ن)ی چاوگ وەک:

چاوگ	ڕەگی کار
بیستن	بیست
بەستن	بەست
پەرستن	پەرست

دەستور:

دۆزینەوەی ڕەگی کار لە چاوگی تائیو دالی بەم شێوەیە وەردەگیرێت:

ئـ - لە بەشێکی چاوگی تائی یان دالی ڕەگی کار بە لابردنی نیشانەی چاوگ (تن، دن) وەردەگیرێت.

ب - لە بەشێکی تری چاوگی تائی یان دالی بە تایبەتی لەو چاوگانەی، کە پیتی پێش پیتە نەبزوێنەکەی پێش نیشانەی چاوگ(ا، ە)یە، ڕەگی کار بە لابردنی نیشانەی چاوگ (تن، دن) لەگەڵ گۆڕینی پیتی (ا، ە) بۆ پیتی (ێ) وەردەگیرێت.

پ- لە بەشێکی تری چاوگی (تائی) دا بەتایبەتی لە هەندێک لەو چاوگانەی، کە پیتی پێش نیشانەی چاوگ (س، ش)ە ڕەگی کار بە لابردنی نیشانەی چاوگ (تن) لەگەڵ گۆڕینی پیتی (س) بۆ پیتی (ز)، و پیتی (ش) بۆ پیتی (ژ) وەردەگیرێت.

ت - لە بەشێکی تری چاوگی تائیو دالی ڕەگی کار بەبێ دەستور وەردەگیرێت، لەبەرئەوە دەبێت لەبەربکرێن، بەڵام ژمارەیان کەمە. چاوگی تائی هەیە ڕەگی کاری تەنها بە لابردنی پیتی (ن)ی چاوگ لێوەردەگیرێت.

ڕاهێنان (١)

لەم چاوگانەی خوارەوە ڕەگی کار وەربگرە و چۆنیەتی وەرگرتنەکەی دیاربکە:

(پسان، ژیان، سووان، گریان، سوون، لێنان، ڕاپەڕاندن، مانەوە، بارین).

ڕاهێنان (٢)

ئەم ڕەگی کارانە لە چ چاوگێک دروستکراون‌و چۆن؟

(مێن، وێ، بە، ڕۆ، کوژ، پارێز)

ڕاهێنان (٣)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. ئەگەر ڕەگی کار لە چاوگی واوی تێپەڕ وەربگرین، ئەو پیتە لادەدەین .... (واو و نون/ واو/ نون)

٢. ئەگەر ڕەگی کار لە چاوگی واوی تێنەپەڕ وەربگرین، ئەو پیتە لادەدەین .... (واو و نون/ واو/ نون)

٣. ئەگەر ڕەگی کار لە چاوگی ئەلفی تێپەڕ وەربگرین، بە لابردنی پیتی...... (ئەلف و نون/ ئەلف/ نون)

٤. ڕەگی کاری (ڕێژ و چێژ) وەرگیراوە لە چاوگی.........

(ڕێسین/ ڕێشتن وچێشتن/ ڕێشتن و ڕێسین)

٥. ڕەگی کاری (بێژ و مێن) وەرگیراوە لە چاوگی ......

(گوتن و مان/ بێشتن و مان/ بێشتن و گوتن)

ڕاهێنان (٤)

بەنمونە وەڵامی ئەمانە بدەوە:

ئـ- چۆن ڕەگی کار لە چاوگی واوی تێنەپەڕ دروست دەکرێت؟

ب- چۆن ڕەگی کار لە چاوگی ئەلفی تێنەپەڕ دروست دەکرێت؟

پ- کەی پیتی (س) دەگۆڕێت بۆ (ز) و پیتی (ش) دەگۆڕێت بۆ (ژ) لە دروستکردنی ڕەگی کاردا؟

ت- کەی پیتی (ا،ە) دەگۆڕێت بۆ (ێ) لەکاتی دروست کردنی ڕەگی کاردا؟

چاوگ سەرچاوەی دروستکردنی کارە

ئـ/

١. خوێندن چاوی مرۆڤ دەکاتەوە.

٢. نڤیسین بۆ مە پێویستە.

٣. زانین ڕوناکییە.

٤. ئەم هەر ب یەکگرتنێ دگەهینە ئارمانجێ.

٥. ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان ئەرکێکی کوردایەتییە.

٦. پاراستنی دەستکەوتەکان نیشانەی دڵسۆزییە.

ب/

١. ئەوان وانەکە دەخوێنن.

٢. ئازاد چیرۆکێ نڤیسی.

٣. ئێمە پرسیارەکەمان زانی.

٤. کۆمەڵەکان یەکیانگرت.

٥. گوندەکان ئاوەدانبکەنەوە.

٦. دارستانەکان دەپارێزین.

خستنەڕوو:

ئـ - کاتێک سەیری ڕستەکانی بەشی (ئـ) دەکەین، دەبینین وشەکانی (خوێندن، نڤیسین، زانین، یەکگرتن، ئاوەدانکردنەوە، پاراستن) هەموویان (چاوگن)و وەک ناو لەڕستەدا بەکارهێنراون، هەر یەکێک لەم چاوگانە کردەوەیەک پیشاندەدات، بەڵام کردەوەکە نەدراوەتە پاڵ کەسێک یان شتێک، هەروەها کاتی دیاریکراوی تێدانییە.

ب- کاتێک سەیری ڕستەکانی بەشی (ب) دەکەین، دەبینین وشەی (دەخوێنین، نقیسی، زانی، یەکیانگرت، ئاوەدانبکەنەوە، دەپارێزین) هەموویان لێرەدا (کارن)و لە چاوگەکانی بەشی (ئـ) وەرگیراون‌و لێیان نزیکن، هەر یەکێک لەم کارانە، کردەوەیەکی پیشانداوەو خراوەتە پاڵ کەسێک، یان شتێک کە بکەرەکەیەتی لە کاتێکی دیاریکراودا، بۆکاتی ڕابردوو یان ڕانەبردوو.

ئەگەر جارێکی تر بە وردی سەیری کارەکان بکەین لە ڕووی دروستکردنیانەوە، دەبینین هەر یەکێک لەم کارانە لە چاوگێک وەرگیراوە، یان دروستکراوە کە لەڕستەکانی بەشی (ئـ) هاتوون، ئەمەش بە لابردنی پیتی (ن)ی نیشانەی چاوگ، کەواتە دەتوانرێت کاری ڕابردوو لە چاوگ دروستبکرێت، بۆیە چاوگ بە سەرچاوەو بناغەی دارشتنی کار دادەنرێت.

دەستور:

چاوگ سەرچاوەی دارشتنی کارە، چونکە دەتوانرێت کاری (ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی) لێدروستبکرێت هەر کارێک دەبێت ئەم سێ شتە بگەیەنێت:

١. کردەوەیەک پیشانبدات.
٢. کردەوەکە بخرێتە پاڵ کەسێک یان شتێک، کە بکەرەکەیەتی.
٣. کاتێکی دیاریکراوی تێدا هەبێت.

ڕاهێنان (١)

سێ چاوگ بهێنەوە، ئینجا کاری ڕابردوویان لێ دروستبکە و جارێک وەک چاوگ و جارێک وەک کار لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە.

ڕاهێنان (٢)

جیاوازی لەنێوان چاوگو کاردا چییە؟ بە نمونە ڕوونیبکەوە.

ڕاهێنان (٣)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. چاوگ سەرچاوەی داڕشتنی ..... (کارە/ ناوە/ جێناوە)

٢. خاسیەتی چاوگ بریتییە لەوەی کە.....

(کاتی دیاریکراوی تێدایە/ ئەرکی ناو نابینێ/ ناخرێتە پاڵ کەسێک)

٣. خاسیەتی کار بریتییە لەوەی کە......

(کاتی تێدانییە/ ئەرکی ناو دەبینێ/ دەخرێتە پاڵ کەسێک)

٤. (مە خوێندن تەواو کر) خوێندن ئەرکی.....

(بکەرە/ بەرکارە/ دیارخەری ناوە)

٥. (نووسینەکانی ئێوەم خوێندەوە) نووسینەکان.....

(دیارخراوە/ نیهادە/ دیارخەری ناوە)

ڕاهێنان (٤)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە:

١- مە خوێندن تەواو کر.

٢- ژووری دانیشتنەکەیان پاککردەوە.

٣- نووسینەکانی ئێوە دەخوێنمەوە.

دەمەکانی کاری ڕابردوو

١. دیار چوو بۆ قوتابخانە.

٢. تابلۆیەکەم بینیوە.

٣. بانو نانەکەی خواردبوو.

٤. شادیار وێنەکەی دەکێشا.

٥. بریا شکۆ بەیەکەم دەرچووبا.

خستنەڕوو:

ئەگەر سەیری ئەم ڕستانە بکەین، دەبینین وشەکانی (چوو، بینیوە، خواردبوو، دەکێشا، دەرچووبا)، هەموویان کاری ڕابردوون، هەر یەکەیان کردەوەیەکی پیشانداوەو دراوەتە پاڵ کەسێک یان شتێک، لە کاتی ڕابردوودا ڕوویداوە، واتە پێش کاتی ئاخاوتن کارەکە ڕوویداوەو تەواویش بووە، بەڵام ئەگەر سەیری کاتی ڕوودانی کارە ڕابردووەکان بکەین دەبینین لە یەک جیاوازن.

دەستور:

کاری ڕابردوو: ئەو کارەیە کردەوەیەک پیشاندەدات کە لە ڕابردوودا ڕوویداوەو دراوەتە پاڵ کەسێک یان شتێک، کاری ڕابردووی ڕاگەیاندن کاتی جیاوازی هەیە:

١. کاری ڕابردووی نزیک: لەڕووی دروستکردنییەوە لە چاوگ دروستدەکرێت بە لابردنی پیتی (ن)ی چاوگ، وەک:

چاوگ	کاری ڕابردووی نزیک
هەڵکشان	هەڵکشا
هێنان	هێنا
نووسین	نووسی
دانیشتن	دانیشت
خوێندن	خوێند
چوون	چوو
گەڕانەوە	گەڕایەوە[١]

٢. کاری ڕابردووی تەواو: بەم شێوەیە دروستدەکرێت:

(کاری ڕابردووی نزیک+ وە) وەک:

(قەدی چاوگ + وە)

هێنا + وە = هێناوە

نووسی + وە = نووسیوە

چوو + وە = چووە[٢]

١. ئەگەر چاوگ کۆتایی بە بزوێنی (ا ، ی) هات ناوبەندی (ی) ددەدانێن.

٢. لە چاوگی (واوی) کە نیشانەی (وە) زیاد دەکرێت، بزوێنی (وو) ی درێژ کورتدەکرێتەوە بۆ (و) کورت.

بەڵام ئەگەر کاری ڕابردووی نزیک کۆتایی بە پیتی نەبزوێنی (ت،د) هاتبوو، پیتی بزوێنی (و) دەخرێتە نێوان کاری ڕابردووی نزیکو نیشانەی (وە) وەک:

دانیشت + و + وە = دانیشتووە

خوێند+ و + وە = خوێندووە

دەکرێت لەجیاتی نیشانەی (وە) نیشانەی (یە) بەکار بێت وەک:

هێنا + یە = هێنایە

نووسی + یە = نووسییە.

بەڵام دیسان ئەگەر کاری ڕابوردووی نزیک کۆتایی بە پیتی نەبزوێنی (ت، د) هاتبوو، پیتی بزوێنی (ی) دەخرێتە نێوانیان وەک:

دانیشت + ی + یە = دانیشتییە

خوێند + ی + یە = خوێندییە

لە هەندێک ناوچەی کرمانجی سەروو بەم شێوەیە دروستدەکرێت:

یا + ڕابردووی نزیک + ی ⟵ بۆ ڕەگەزی مێ

یێ + ڕابردووی نزیک + ی ⟵ بۆ ڕەگەزی نێر

وەک: یا + هینا + ی = یا هینای

یێ + چاند + ی = یێ چاندی

تێبینی: ئەم چاوگانەی کە پاشگری (ەوە) یان پێوەیە بەم جۆرە ڕابردووی تەواویان لێدروستدەکرێت.

ئـ- لابردني نوني چاوگ.

ب- دانانی نیشانەی (وە) لە شوێنی (ن)ی لابراو.

پ- دانانی ناوبەندی (ت) لە نێوان بزوێنەکان

خوێندنەوە ⟵ خوێند + ووە+ ت + ەوە = خوێندووەتەوە

دۆزینەوە ⟵ دۆزی + وە + ت + ەوە = دۆزیوەتەوە

٣. کاری ڕابردووی بەردەوام بەم شێوەیە دروستدەکرێت:

(دە + ڕابردووی نزیک)

وەک: دە + هێنا = دەهێنا

دە + نووسی = دەنووسی

دە + وەرگرت = وەردەگرت

دە + دروستکرد = دروستدەکرد

لـە کرمانجـی سـەرووەدا لـە جیاتـی نیشـانەی (دە)، نیشـانەی (د) بەکاردێـت   وەک:

د + هێنا = دهێنا

د + چوو = دچوو

د + وەگرت = وەردگرت.

٤. کاری ڕابردووی دوور بەم شێوەیە دروستدەکرێت:

کاری ڕابردووی نزیک + بوو:

هێنا + بوو = هێنابوو

نووسی + بوو = نووسیبوو

چوو + بوو = چووبوو

وەرگرت + بوو = وەرگرتبوو

تێبینی:

١. کاری ڕابردوو بە ئامرازی (نە) دەکرێت بە نەرێ.

٢. کاری ڕابردووی نزیکی دانانی بەم شێوەیە دروستدەکرێت.

(کاری ڕابردووی نزیک + با) وەک:

هات+ با = هاتبا   خوێند+ با = خوێندبا

ڕاهێنان (١)

لەم چاوگانەی خوارەوەدا کاری ڕابردووی نزیکو دوور دروستبکە:

(پێشکەوتن، نقیسین، بردن، ئاڤدان، داخستن)

ڕاهێنان (٢)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. قەد لە چاوگ وەردەگیرێت بە لابردنی....

(ئەلف/ نون/ ئەلف و نون)

٢. ئەگەر (ن) لە چاوگ لابدەین چ کارێکی لێ دروستدەکرێت......

(داخوازی/ ڕابردووی نزیک/ ڕانەبردوو)

٣. پرژە وانەکەی خوێندبوو. (خوێندبوو) کارێکی ڕابردووی.....

(دوور/ نزیک/ تەواو/ بەردەوام)

٤. کاری ڕابردووی دوور بەم شێوەیە دروستدەبێت.....

(ڕابردووی نزیک+ ووە/ دە+ ڕابردووی نزیک/ ڕابردووی نزیک+ بوو)

٥. کاری ڕابردووی نزیکی دانانی بەم شێوەیە دروستدەبێت.....

(ڕابردووی نزیک+ با/ دە+ ڕابردووی نزیک/ ڕابردووی نزیک+ بوو)

ڕاهێنان (٣)

لەم چاوگانەی خوارەوەدا کاری ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنو کاری ڕابردووی نزیکی دانانی دروستبکەو لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە.

(سەرکەوتن، هەڵکێشان، خوێندن، یارمەتیدان، فرۆشتن)

ڕاهێنان (٤)

لەم ڕستەی خوارەوەدا:

دوێنی پەخشان ڕۆژنامەی دەخوێندەوە.

١. وشەی (دوێنێ) چییەو ئەرکی چییە؟

٢. وشەی (ڕۆژنامە) شیبکەوە.

٣. کاری (دەخوێندەوە) کام جۆری کاری ڕابردووە؟ چۆن دروستکراوە؟

٤. بکەری ڕستەکە دیاربکە.

٥. لە کاری (دەخوێندەوە) کاری ڕابردووی تەواو دروستبکە.

٦. لە کاری (دەخوێندەوە) کاری ڕابردووی دوور دروستبکە.

٧. لەکاری (دەخوێندەوە) کاری ڕابردووی نزیکی دانانی دروستبکەو لەڕستەدا بەکاری بهێنە.

دەمەکانی کاری ڕانەبردوو

١. ئێستا چیرۆک دەنووسم.
٢. ساڵێکی تر گەشت دەکەین.
٣. نازدار وانێ دخوینێت.
٤. ئەژی خەڵات دێ وەرگریت.

خستنە ڕوو:

کاتێک سەیری ڕستەکانی سەرەوە دەکەین، دەبینین وشەکانی (دەنووسم، گەشت دەکەین، دخوینێت، دێ وەرگریت) هەموویان کاری ڕانەبردوون، هەر یەکەیان کردەوەیەک پیشاندەداتو دەدرێتە پاڵ کەسێک یان شتێک لە کاتی ئاخاڤتن، یان لە دوای ئاخاڤتن دەست پێدەکات.

کاری ڕانەبردوو دوو کاتی جیاوازی هەیە:

ئ- کاری ڕانەبردووی ئێستا

کردەوەیەک پیشاندەدات، کە لەکاتی ئاخافتن یا لەدوای ئاخافتن دەست پێدەکات، بەم شێوەی خوارەوە دروستدەکرێت.

دە + ڕەگی کار + جێناوی لکاو

دە + چـ + یت = دەچیت

دە + نووس + م = دەنووسم.

لـه کرمانجـی سـەروودا لەجیاتـی نیشـانەی (دە)، نیشـانەی (د) بەکاردێـت بـۆ کاری ڕانەبـردووی ئێسـتا وەک:

(د + ڕەگی کار + جێناوی لکاو)

د + چ + م = دچم

د + نڤیس + ین = دنڤیسین

کاری ڕانەبـردووی ئێسـتا لـە کرمانجـی خـواروودا بەهـۆی هاوەڵـکاری کاتییـەوە دەردەکەوێـت وەک (ئێسـتا، وا، ئـەوا)، کـە دەچنـە پێـش کاری ڕانەبـردوو. وەک:

ئێستا دەچم بۆ قوتابخانە

وا دەڕۆم بۆ ماڵەوە.

ئەوا دەچن بۆ سەیران.

ب- کاری ڕانەبردووی ئایندە

کردەوەیـەک پیشـاندەدات، کـە لـەدوای ئاخافتـن یەکسـەر دەسـت پێناکات، بەڵکو لـە ئایندەیەکی دوور دەسـت پێدەکات، ئینجـا لـە شـێوەی کرمانجی خـواروو نیشـانەیەکی تایبەتـی نییـە، کـە جیاییکاتـەوە لـە کاری ڕانەبـردووی ئێسـتا، واتـە هـەر وەک ئـەو پێکدێـت:

دە + ڕەگی کار + جێناوی لکاو

دیسـان بەهـۆی هاوەلـکاری کاتییـەوە دەردەکەوێـت وەک (لەمـەودوا، بەیانـی، سـبەی، مانگێکـی تـر، سـاڵێکی تـر...) کـە دەچنـە پێـش کاری ڕانەبـردوو.

بـەڵام لەشـێوەی کرمانجـی سـەروو، نیشـانەیەکی تایبەتـی هەیـە، کـە جیایدەکاتـەوە لـە کاری ڕانەبـردووی ئێسـتا، واتـە کاری ڕانەبـردووی

ئایندە بەم شێوەیە دروستدەکرێت:

دێ + ڕەگی کار + جێناوی لکاو

دێ + کڕ + م = دێ کڕم

دێ + چـ + ین = دێ چین

دێ + نڤیس + ن = دێ نڤیسن.

دەستور:

کاری ڕانەبردوو: کارێکە، کە کردەوەیەک پیشاندەدات و لەدوای ئاخاوتن ڕوودەدات، کردەوەکە دەدرێتە پاڵ کەسێک یان شتێک. کاری ڕانەبردوو دوو کاتی هەیە، کاری ڕانەبردووی (ئێستا و ئایندە).لە کرمانجی خوارووداکاری ڕانەبردوو بەم شێوەیە دروستدەکرێت

(دە + ڕەگی کار + جێناوی لکاو)

کاری ڕانەبردووی ئێستاو ئایندە بە هۆی هاوەڵکاری کاتییەوە لە یەک جیادەکرێنەوە.

بەڵام لەشێوەی کرمانجی سەرووداکاری ڕانەبردووی ئێستا بەنیشانە جیادەکرێتەوەو بەم شێوەیە دروستدەکرێت.

(د + ڕەگی کار + جێناوی لکاو)

کاری ڕانەبردووی ئایندە بەم شێوەیە دروستدەکرێت.

(دێ + ڕەگی کار + جێناوی لکاو)

تێبینی:

١. کاری ڕانەبردووی ئێستاو ئایندە بە ئامرازی (نا) دەکرێن بە نەرێ، کە شوێنی نیشانەی (دە، د، دێ) دەگرێتەوە.

٢. کاری ڕانەبردووی ئێستاو ئایندە، کە خوێندمان، کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بوو.

٣. جگە لەمە کاری ڕانەبردووی دانانی هەیە، کە بەم شێوەیەی خوارەوە پێکدێت.

لە کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن نیشانەی (دە، د، دێ) دەگۆڕێت بۆ (ب) وەک:

(ب+ ڕەگی کار+ جێناوی لکاو)

دەخوێنم	بخوێنم
دەچم	بچم
دەنووسێت	بنووسێت

٤. کاری ڕانەبردووی دانانی بە (نە) نەرێ دەکرێت

بخوێنم	نەخوێنم
دەچم	نەچم

ڕاهێنان (١)

لەم چاوگانەی خوارەوەدا کاری ڕانەبردوو دروستبکەو لەڕستەدا بەکاریان بهێنە:

(خواستن، پاراستن، دەرچوون،چاندن، دانان، وەرگرتن)

ڕاهێنان (٢)

ئـ- لە شێوەی کرمانجی خوارووەدا بەهۆی چییەوە کاری ڕانەبردووی ئێستاو ئایندە لێک جیادەکەینەوە؟ بە نمونە ڕوونیبکەوە.

ب- لە شێوەی کرمانجی سەروودا چۆن کاری ڕانەبردووی ئێستاو ئایندە لێک جیادەکەیتەوە؟ بە نمونە ڕوونیبکەوە.

ڕاهێنان (٣)

لە ڕستەی (ڕاپۆرتەکە بەباشی دەنووسم)

١. بکەری ڕستە کە دیاربکە. بۆ خراوەتە ئەوێ؟

٢. کارەکە چ جۆرە کارێکە؟ چۆن دروستکراوە؟

٣. وشەی (بەباشی) شیبکەوە.

٤. کاری ڕستەکە بکە بە نەرێو ڕستەکە سەر لەنوێ بنووسەوە.

٥. وشەی (ڕاپۆرتەکە) شیبکەوە.

٦. دەتوانیت کارەکە بکەیت بە کاری ڕانەبردووی دانانی؟ چۆن؟

٧. دەتوانیت کارەکە بکەیت بە کاری ڕابردووی تەواو؟ چۆن؟

ڕاهێنان (٤)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. ئەز چیرۆکی دێ نڤیسم (دێ نڤیسم) کاری ڕانەبردووە بۆ کاتی....
(ئاینده/ ئێستا / هەردووکیان)

٢. کاری ڕانەبردوو لە کرمانجی خواروو بەم شێوەیە دروستدەبێت.......
(ڕابردووی نزیک+ ووە/ دە+ ڕابردووی نزیک/ دە+ ڕەگی‌کار+ جێناوی‌لکاو)

٣. کاری ڕانەبردوو بۆ ئاینده لە شێوەزاری کرمانجی سەروو بەم شێوەیە دروستدەکرێت......
(د+ڕەگی‌کار + جێناوی‌لکاو/ دە+ ڕابردووی نزیک/ دێ+ڕەگی‌کار+جێناوی‌لکاو)

٤. کاری ڕانەبردوو بۆ ئێستا لە کرمانجی سەروو بەم شێوەیە دروستدەبێت.......
(د+ڕەگی‌کار + جێناوی‌لکاو/ دە+ ڕابردووی نزیک /دە+ڕەگی‌کار+جێناوی‌لکاو)

٥. کاری ڕانەبردووی دانانی بەم شێوەیە دروستدەبێت.......
(ب+ڕەگی‌کار + جێناوی‌لکاو/ دە+ ڕابردووی نزیک / دە+ڕەگی‌کار+جێناوی‌لکاو)

ڕاهێنان (٥)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە:

١- ئەم چیرۆکێ دێ نڤیسین.

٢- هەستیار هۆنراوەکە بڵاودەکاتەوە.

کاری داخوازی

١. لاوی کورد بخوێنە خوێندن مەرهەمە بۆ زامی گەل
تیشکی زانینە ئەدا ڕۆشن بە ئەستێرەی ئەمـــەل

(دڵزار)

٢. بەبێ باکی بەسەریا ڕامەبوورن حورمەتی بگـرن
گوڵاڵە سوورەی ئەم سەحرایە خوێناوی جگەرتانە.

(ئەحمەد موختار جاف)

٣. مەرحەمەت کە زوو برۆ قاسید بڵێ دەردی دڵم
نازی با پوچت ئەکێشم من بە تۆزو گــەردەوە

(تاهیر بەگی جاف)

٤. گوهـ بدە ئاهو فیغانو لەرز ئوکوڤانــــە دل
دل ددلدا یێ دسۆژیت پویشو کاو خەرمانە دل

(کەتانی)

٥. هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمــە
سەر پۆش فرێ دە چ وادەی شەرمە

(بێکەس)

٦. دلبەر تو وەرە جارەک دا ئەز تە ببینم ئەز دل بریـــــنم
ئەز ئیرۆ ل سەر تەختی سوخەن پیرێ ئەڤینم دەر ڕویێ زەمینم
(جگەر خوێن)

خستنەڕوو:

ئەگەر سەیری دێرە هۆنراوەکان بکەین، دەبینین پەیڤەکانی (بخوێنە، بگرن، ڕامەبوورن، مەرحەمەت کە، بڕۆ، بڵێ، گوهـ بدە، هەستە، تێکۆشە، فڕێ دە، وەرە) هەموویان کاری داخوازینو ڕوودانێک پیشاندەدەن کە لەدوای ئاخافتن یەکسەر ڕوو دەدەن کە ئاخێوەر واتە کەسی یەکەم داوا لە گوێگر واتە (کەسی دووەمی تاک یان کۆ) دەکات بۆ ئەنجامدانی کارێک یەکسەر لەدوای ئاخافتن.

ئەگەر سەیری کاری داخوازی بکەین لە ڕووی پێکهێنان واتە لەڕووی دروستکردنەوە، دەبینین بەشێوەیەکی گشتی کاری داخوازی بەم شێوەیەی خوارەوە دروست دەکرێت:

(ب+ ڕەگی کار + جێناوی لکاو)

یەکەم:

ب + ڕەگی کار + ە : بۆ کەسی دووەمی تاک:

ب + خوێن + ە = بخوێنە.

ب + نقیس + ە = بنقیسە.

دووەم:

ب + ڕەگی کار + ن: بۆ کەسی دووەمی کۆ

ب + گر + ن = بگرن

ب + هێن + ن = بهێنن

١. ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی نەبزوێن هاتبوو وەک (خوێن، نقیس) جێناوی (ە) دەردەکەوێتو دەبێتە بکەری ڕستە.

٢. ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ۆ – وو – ی – ێ – ە) هاتبوو جێناوی (ە) بۆ کەسی دووەمی تاک بەکار ناهێنرێت، واتە

دەرناکەوێت چونکە دوو پیتی بزوێن بەدوای یەکتردا لە برگەیەکدا نایێن. وەک کاری داخوازی (برۆ، بنوو، بڵێ، بژی، بکە).

جێناوی لکاو (ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ هەمیشە دەردەکەوێت، ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی نەبزوێن یان بزوێن هاتبێت.

٣. ئەگەر کاری داخوازی دارێژراو یان لێکدراو بوو نیشانەی (ب) دروستە لە کاتی ئاخافتن یا نووسیندا دەرنەکەوێت، وەک:

ئ. کاری داخوازی دارێژراو

(تێبکۆشە، دابنیشە) دەتوانرێت بگوترێت (تێکۆشە، دانیشە).

ب. کاری داخوازی لێکدراو

(فڕێبدە، تەواوبکە، یارمەتیبدە) دەتوانرێت بگوترێت (فڕێدە، تەواوکە، یارمەتیدە).

٤. کاری داخوازی بە ئامرازی (مە) دەکرێت بە نەرێ و شوێنی نیشانەی (ب) دەگرێتەوە، وەک: (بخۆ، ڕاببورن، یارمەتیبدە) دەبێتە (مەخۆ، ڕامەبورن، یارمەتیمەدە).

٥. ئەگەر کاری داخوازی سادە بوو نیشانەی (ب) دەچێتە سەرەتای کاری داخوازی، بەڵام ئەگەر دارێژراو یان لێکدراو بوو دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە.

٦. هەندێک کاری داخوازی هەیە لەڕووی دروستکردنییەوە لەو دەستوورەی کە باسمانکرد لا دەدات، وەک:

(وەرە، بچۆ).

دەستور:

کاری داخوازی:

ئەو کارەیە کە کەسی یەکەم داوا لە کەسی دووەمی تاک یان کۆ دەکات بۆ ئەنجامدانی یان ئەنجامنەدانی کارێک یەکسەر لەدوای ئاخاڤتن.

بەم شێوەیە پێک دێت:

{ ب + ڕەگی کار + جێناوی لکاو}

جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک (ە) بۆ کەسی دووەمی کۆ (ن)

ڕاهێنان (١)

لەم چاوگانەی خوارەوە کاری داخوازی دروستبکەو لەڕستەدا بەکاریان بهێنە:

(هەڵکێشان، یارمەتیدان، هەڵاتن، گۆتن، دامەزراندن، ئاڤاکرن).

ڕاهێنان (٢)

لە ڕستەی (پڕۆژەکە بەخێرایی تەواوبکەن)

١- کاری داخوازی دیاربکە، چۆن دروستکراوە؟

٢- بکەری ڕستەکە دیاربکە.

٣- وشەی پڕۆژەکە شیبکەوە.

٤- لە کاری (تەواوبکەن) دەگونجێ نیشانەی (ب) لاببرێت؟ بۆچی؟

٥- کاری (تەواوبکەن) بکە بە نەرێو ڕستەکە سەر لەنوێ بنووسەوە.

٦- وشەی (بەخێرایی) چییە؟ ئەرکی چییە؟ چۆن دروست کراوە؟

ڕاهێنان (٣)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. (بنووسن، بکێڵن) کاری داخوازییە، (ن) جێناوی لکاوە ئەرکی :

(بکەر / بەرکار / دیارخەری ناو)

٢. کاری داخوازی نەرێ دەکرێت بە :

(مە / نا / نی)

٣. کاری داخوازی لە چاوگی خواردن :

(خوارد / بخۆ / بخۆم)

٤. کاری داخوازی (بڕۆ، بنوو) وەرگیراوە لە چاوگی :

(خەوتن و نووستن / ڕۆیشتن و نووستن / نواندن و ڕواندن)

٥. (بکرە، بخوێنە) کاری داخوازییە، (ە) جێناوی لکاوە بۆ کەسی :

(دووەمی کۆ / دووەمی تاک / سێیەمی تاک)

ڕاهێنان (٤)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە:

١. لە جەژنی نەورۆزدا جلی جوان لەبەربکەن.

٢. دیارییەکە وەرگرن.

کاری بکەر دیارو بکەر نادیار
لە شێوەزاری کرمانجی خواروودا

(ئـ) کاری بکەر دیار	(ب) کاری بکەر نادیار
١. شاد گوڵەکەی چاند.	**١. گوڵەکە چێنرا.**
٢. کوڕەکان وانەکانیان نووسییەوە.	**٢. وانەکان نووسرانەوە.**
٣. جوتیارەکە زەوییەکە دەکێڵێت.	**٣. زەوییەکە دەکێڵرێت.**
٤. تاڤگە نامەکانی دەخوێنێتەوە.	**٤. نامەکان دەخوێنرێنەوە.**

لەمەوبەر زانیمان، کاری تێپەڕ، بەهۆی وشەیەکی ترەوە واتای ڕستەکە تەواودەکاتو دەبێتە بەرکاری کارەکە، ئەم ڕاستییە لە ڕستەکانی کۆمەڵەی (ئـ) دا بە تەواوی بەدیدەکرێت.

١. لە ڕستەی یەکەمدا (شاد) کە (بکەر)ە کارێکی کردووەو ئەرکی کارەکەی یەکسەر کەوتۆتە سەر (گوڵەکە)و بووە بە بەرکاری کاری (چاند)و واتای ڕستەکەشی تەواوکردووە، بەڵام لە ڕستەی یەکەمی بەشی (ب)دا لەبەر ئەوەی نەمانزانیوە کێ (گوڵەکەی چاند)ووە، یان نەمانویستووە ناوی (شاد) بێنین، کە (بکەر)ی کارەکەیە، ڕستەکەمان لە شێوەی ڕستەی بکەر نادیار دەربڕیوە.

بۆ ئەم مەبەستەش، (بکەر)ی کارە ئاشکرایەکەو هەرچی وشەیەک، کە پەیوەندی بە (بکەر)ەوە هەیە لە ناو ڕستەکەدا لای دەبەینو بەرکارەکە دەچێتە شوێنیو کارەکە دەخەینە سەر شێوەی کارێکی بکەر نادیار، بەو شێوەیەی کە لەسەرەوە پیشانمان داوە، بەم پێیە ڕستەکە دەبێتە (گوڵەکە چێنرا)و (گوڵەکە) دەبێتە جێگری (بکەر).

٢. لـه ڕسـتەی دووەمـدا هەمـان ڕێگەمـان گرتـووە بـۆ گۆڕینـی کاری بکـەر دیـار بـۆ کارێکـی بکـەر نادیـار، بـەڵام کـە (بەرکار)ەکـە دەچێتـە شـوێنی (بکـەر) پێویسـتە بـە پێـی کـەس‌و ژمـارەی جێگـری (بکەر)ەکـە کارە بکـەر نادیارەکـەش بگۆڕێت، لەبـەر ئەمـە ڕسـتەکە دەبێتـە (وانـەکان نووسـرانەوە).

٣. لـە ڕسـتەکانی (سـێیەم‌و چـوارەم)دا کاری (دەکێڵێت)و (دەخوێنێتـەوە) دوو کاری ڕانەبـردووی تێپـەڕن، چونکـە (بکەر)ەکانیـان ئاشـکران، بـۆ گۆڕینـی ئـەم جـۆرە کارانـە، بـە پێـی ئـەو دەسـتورەی لـە سـەرەوە دەرمانخسـت، (بکـەر)ەکان لەنـاو ڕسـتەکاندا لا دەبەیـن‌و (بـەرکار)ەکان دەخەینـە شـوێنیان‌و کارەکانیـش لـەو شـێوانەی، کـە لـە ڕسـتەکانی کۆمەڵـەی (ب)دا نیشـاندراون بـەکار دەهێنیـن.

نیشـانەی (رێ) کـە بـۆ کاری ڕانەبـردووە هەروەهـا جێنـاوی لـکاوی (ێـت) دەچێتـە سـەر (رێ) دەبێتـە (رێـت)

دەستور:

١. کاری بکەر دیار: ئەو کارەیە کە یەکسەر دەخرێتە پاڵ (بکەر)ەکەیو لە ناو ڕستەکەشدا باس دەکرێت.

٢. کاری بکەر نادیار: ئەو کارەیە کە (بکەر)ەکەی لەناو ڕستەدا باس ناکرێتو (بەرکار)ەکەی دەبێتە جێگری (بکەر)ەکەی.

٣. تەنیا کاری تێپەڕی دیار دەگۆڕێت بۆ کاری بکەر نادیار.

٤. لەم گۆڕینەدا پێویستە بە وردی سەرنجی (تاکو کۆ)ی جێگری (بکەر) بدەینو بەو پێیە ئاگاداری ژمارەو کەسی کارە بکەر نادیارەکە بین.

٥. ئەگەر کارە تێپەڕەکە:

ئـ - ڕابردوو بوو، ڕەگی کار وەردەگرینو پاشگری (را)ی دەخەینە سەر وەک:

چاوگ	ڕەگی کار	ڕابردووی نادیار
خووساندن	خووسێن	خوسێن + را = خوسێنرا
کێلان	کێڵ	کێڵ + را = کێڵرا
شوشتن	شۆ	شۆ + را = شۆرا
نووسین	نووس	نووس + را = نووسرا

ب- ڕانەبردوو بوو، ڕەگی کار وەردەگرینو پاشگری (رێ)ی دەخەینە سەر. وەک:

چاوگ	ڕەگی کار	ڕانەبردووی نادیار
نووسین	نووس	دە+ نووس + رێ = دەنووسرێ
خوێندن	خوێن	دە + خوێن + رێ = دەخوێنرێ

تێبینی:

١. کاتێک هەندێ کار دەکرێن بە کاری بکەر نادیار لە دەستور لادەدەن، چونکە بە ڕەگی کار ناکرێن بە کاری بکەر نادیار، بەڵکو بە قەدی چاوگ دەکرێن، واتە:

ئـ . ڕابردوو

قەدی چاوگ + را

گوتن: گوت + را = گوترا

ویستن: ویست+ را = ویسترا

ب. ڕانەبردوو

دە + قەدی چاوگ + رێ

دە + گوت + رێ = دەگوترێ

دە + ویست+ رێ = دەویسترێ

٢. لە کاتی دروستکردنی کاری بکەر نادیار، ئەگەر هاتوو ڕەگی کار کۆتایی بە بزوێن هات، ئەوا پەیڕەوی ئەم خاڵانە دەکەین

ئـ . بزوێنی (ێ، ە) لە ناو دەچن.

دانان	دا + نێ + را	دانرا
کردن	کە + را	کرا

ب. بزوێنی (ۆ) دەگۆڕێت بۆ بزوێنی (و)

خواردن	خۆ + را	خورا

٣. کاری بکەر نادیار بۆ کاتی ڕابردوو هەموو دەمکاتەکانی هەیە وەک (نزیک، تەواو، بەردەوام، دوور)

ڕاهێنانی (١)

ئەم ڕستانە لە کاری بکەر دیارەوە بگۆڕە بۆ کاری بکەر نادیار:

١. منداڵەکە هێلکەیەکی خوارد.

٢. قارەمانێک فڕۆکەیەکی دوژمنی خستە خوارەوە.

٣. ئەندازیارەکان خانووەکان دروستدەکەن.

٤. ئەوان چوار جار وانەکە دەنووسنەوە.

٥. ئەو هەموو ڕۆژێ سێ جار دەموچاوی دەشوات.

ڕاهێنانی (٢)

ئەم کارانە لە کاری بکەر نادیارەوە بگۆڕە بۆ کاری بکەر دیار:

١. ڕۆمانەکە چاپکرا.

٢. دوو چاڵ هەڵکەنرا.

٣. دوێنێ دیوارەکانو سەربانەکان سواخدران.

٤. شەش مانگە باخەکە ئاو دەدرێ.

٥. تابلۆیەک دەکێشرێت.

ڕاهێنانی (٣)

ئەم کارە بکەر نادیارانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

(خورا، دەنوسرێت، دەبینرێت، دەخوێنرێ، پێشکەشدەکرێ، هەڵدرا).

ڕاهێنانی (٤)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. پەنجەرەکە شکێنرا، (شکێنرا) کاری ڕابردووی بکەر نادیاری:
(نزیک/ دوور/ تەواو/ بەردەوام)

٢. نیشانەی کاری بکەر نادیار لە کرمانجی خواروو بۆ ڕابردوو:
(رێ / را / هاتە)

٣. گوڵەکە چێنرابوو، (چێنرابوو) کاری رابردووی بکەر نادیاری:
(نزیک، دوور، بەردەوام، تەواو)

٤. دیواری باخەکە ڕوخێنرا، ئەو ڕستەیە بکەر:
(دیارە / نادیارە / هیچیان)

٥. کاری دیار لە ڕستەدا یەکسەر دەخرێتە پاڵ:
(بکەر/ هاوەڵناو/ ئامرازی دانەپاڵ)

ڕاهێنانی (٥)

شیکردنەوە:

١. دیواری باخەکە دروستکرا.

دیوار : ناوە، تاکە، نەناسراوە، دیارخراوە.

ی : ئامرازی دانەپاڵ.

باخەکە: ناوە، تاکە، ناسراوە، دیارخەری ناوی (دیوار)ە.

دیواری باخەکە: گرێی ناوییە، جێگری بکەرە.

دروستکرا: کاری ڕابردووی نزیکی بکەر نادیارە.

٢. ئەم ڕستانە شیبکەوە:

ئـ - تۆپەکە هێنرابوو.

ب- پاقلەکە لە مەنجەڵەکەدا کوڵێنراوە.

پ - گەنم چۆن دەچێنرێت؟

وەرزی دووەم

کاری بکەر دیارو کاری بکەر نادیار لەشێوەزاری کرمانجی سەروودا

(ئـ)	(ب)
کاری بکەر دیار	کاری بکەر نادیار
١. شڤانی پەز چەراند.	١. پەز هاتە چەراندن.
٢. ڕەزڤانی ڕەزێ خۆ ئاڤدایە.	٢. ڕەز هاتییە ئاڤدان.
٣. وێ نان دخوار.	٣. نان دهاتە خوارن.
٤. وی کەوەک گرتبوو.	٤. کەوەک هاتبوو گرتن.
٥. پەری چیرۆکێ دنڤیسیت.	٥. چیرۆک دهێتە نڤیسین.
٦. ئەز نامەکێ دێ نڤیسم.	٦. نامەک دێ هێتە نڤیسین.

کاتێک سەیری ڕستەکانی بەشی (ئـ) دەکەین، دەبینین پەیڤەکانی (چەراند، ئاڤدایە، دخوار، گرتبوو، دنڤیسیت، دێ نڤیسم) هەموویان کاری تێپەڕن، چونکە کاریگەری کارەکانی کەوتۆتە سەر ناوێکی تر کە (بەرکار)ەو، هەر یەکەیان کردەوەیەکیان پیشانداوەو خراونەتە پاڵ بکەرەکانیانو هەموویان بەسەر یەکەوە ڕستەیەکی بکەر دیاریان پێکهێناوە.

کاتێک سەیری ڕستەکانی بەشی (ب) دەکەین، دەبینین پەیڤەکانی (هاتە چەراندن، هاتییە ئاڤدان، دهاتە خوارن، هاتبوو گرتن، دهێتە

نڤیسین، دێ هێته نڤیسین) هەموویان کاری بکەر نادیارن، چونکە هەر یەکەیان کردەوەیەکی پیشانداوەو نەخراونەتە پاڵ کەسێکی دیارو ئاشکرا (واتە نازانرێ کێ کارەکەی ئەنجامداوە)، لەبەر ئەوە بەم جۆرە کارانە دەگوترێت کاری بکەر نادیار.

کەواتە لە دوای خوێندنەوەو تێڕامانمان لە شێوەزاری (کرمانجی سەروو) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە یاسای گۆڕینی کاری بکەر دیار بۆ کاری بکەرنادیار جیاوازە لە شێوەزاری (کرمانجی خواروو)، چونکە لە کرمانجی سەروودا کاری ڕستەکە دەگەڕێتەوە بۆ (چاوگ) و پاشان کاری یاریدەدەری (هات)یش بە پێی جۆری کاتی کارەکە بەکار دەهێنین.

کاری ڕابردوو:

١. کاری ڕابردووی نزیک:

ئەم جۆرە کارە بە پێی ئەم یاسایە دروست دەکرێت:

هاتە + چاوگ

هاتە + چاندن   هاتە چاندن

هاتە + کڕین   هاتە کڕین

٢. کاری ڕابردووی تەواو:

ئەم جۆرە کارەش بەپێی ئەم یاسایە دروست دەکرێت:

هاتییە + چاوگ

هاتییە+ نڤیسین   هاتییە نڤیسین

هاتییە + لێنان   هاتییە لێنان

٣. کاری ڕابردووی بەردەوام:

دهاتە + چاوگ

دهاتە + ئینان = دهاتە ئینان

دهاتە + ڕێشتن = دهاتە ڕێشتن

٤. کاری ڕابردووی دوور:

هاتبوو+ چاوگ

هاتبوو + خوارن = هاتبوو خوارن

هاتبوو + خواندن = هاتبوو خواندن (خاندن)

کاری ڕانەبردوو:

لە شێوەزاری کرمانجی سەرووودا کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستاو ئایندە بە ئاشکرا دەردەکەوێت لە کاتی ئاخاوتندا، لەبەرئەوە پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت لە کاتی گۆڕینی کاری بکەردیار بۆ کاری بکەرنادیار:

١. کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا:

کاری یاریدەدەری (دهێتە) بەکاردێت لە پێش چاوگەکەدا:

دهێتە + چاوگ

دهێتە + کڕین = دهێتە کڕین

دهێتە + نڤیسین = دهێتە نڤیسین

٢. کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئاینده:

کاری یاریدەدەری (دێ هێتە) لە پێش چاوگەکەدا بەکاردێت:

دێ هێتە + چاوگ

دێ هێتە + فرۆتن = دێ هێتە فرۆتن

دێ هێتە + هاڤێتن = دێ هێتە هاڤێتن

دەستور:

١. کاری بکەردیار:

ئـەو کارەیـە، کـە کـردەوەو ڕەفتارێـک لـە کاتێکـی دیاریکـراو (ڕابردوو یـان ڕانەبـردوو) دا پیشـانداوە یـان پیشـاندەداتو ئـەو کارەش، کـە دراوەتـە پـاڵ بکەرەکـەی، دیـارو ئاشـکرایە لـە ڕسـتەکەدا.

٢. کاری بکەرنادیار:

ئـەو کارەیـە، کـە کـردەوەو ڕەفتارێـک لـە کاتێکـی دیاریکـراو (ڕابـردوو یـان ڕانەبـردوو)دا پیشـانداوە یـان پیشـاندەداتو ئـەو کارەش نەدراوەتـە پـاڵ بکەرەکـەیو دیـارو ئاشـکرا نییـە لـە ڕسـتەکەدا.

ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا کاری بکەر دیار بگۆڕە بۆ کاری بکەر نادیار:

١.سەرداری وانە نڤیسی.

٢. وێ هەڤیر کربوو.

٣. نەسرین دێ شیڤێ لێنێت.

٤. من کتێب ژ وی وەرگرتییە.

ڕاهێنانی (٢)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. نیشـانەی کاری بکەرنادیـار لـە کرمانجـی سـەروودا بۆڕانەبـردوو دەمـی ئێسـتا:

(ڕەگی کار + رێ / دهێتە + چاوگ / دێ هبێتە + چاوگ)

٢. نیشـانەی کاری بکـەر نادیـار لـە کرمانجـی سـەروودا بـۆ ڕابـردووی نزیـک:

(دهاتە + چاوگ / دێ هێتە + چاوگ / هاتە + چاوگ)

٣. پەز هاتە چەراندن، (هاتە) کارێکی:

(تێپەڕە / ڕابردووی تێنەپەڕە / یاریدەدەرە)

٤. کەوەک هاتییە گرتن، ڕستەیەکی بکەر نادیارە کارەکەی:

(ڕابردووی تەواوە / ڕانەبردووی ئایندە / ڕانەبردووی ئێستا)

٥. نان دهاتە خوارن، ڕستەیەکی بکەر نادیارە کارەکەی ڕابردووی:

(تەواو / نزیک / بەردەوام)

ڕاهێنانی (٣)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە:

١. پەز دێ هێتە دۆشین.

٢. گۆڤارەکان بە چاکی دابەشکراون.

جێناوی پرس

ئەم نووسینە بخوێنەوە:

جارێکیان لەگەڵ کۆمەڵێک پسپۆڕو شارەزا لە بواری چاندنو کشتوکاڵدا چووین بۆ گوندێن دەوروبەرێ هەولێرێ، لەوێ چاومان بە کۆمەڵێک جوتیار کەوت، پاش بەخێر هێنانو حەسانەوە، یەک لە شارەزایان هەندێک پرسیاری لە سەرۆکی کۆمەڵەی جوتیارانی گوند کرد، پرسی: تۆ چیتو ناوت چییە؟ لەم جوتیارانە کامیان ئەمساڵ گەنمی ڕەشگوڵی چاندووە؟ سەرۆکی کۆمەڵە بەرسڤاوی داو گۆت: ئەز جوتیارمو ناڤێ من باپیرە. ئەمساڵ مام بایز ئەم جۆرە گەنمەی چاندووە، لە پاشان پرسیاری لێکردوو گوتی:

کێ تا ئێستاش زەویی خۆی بە گاسن دەکێلێت؟ دیسا سەرۆکی کۆمەڵە بەرسڤ داو گۆت: مام حەمەدو مام باپیر تا نهۆژی هەر ب گاسنی زەڤیێن خۆ دکێلن، چونکو دەستێ وان کورتەو ئەو نەدارن. ژ بەر هندێ شارەزای فەرمان دا کو ئەڤ ساڵە ژ لایێ وەزارەتا کشتوکاڵو چاندنێ ڤە، تراکتەرەک بۆ وان بێتە کڕین داکو زەڤیێن خۆ پێبکێلن.

دیسان چەند پرسیارێکی دی ئاراستە کردو گوتی: بەرهەمەکانتان بە چی دەگوازنەوە بۆ شار؟ لەم جوتیارانە کیهەیان بەرهەمی لە هەموویان پترە؟ کیژان زەڤیێن بەراڤ هەنە؟ درەختێ چی لە زەوییەکانیان دەچێنن؟ لە وەڵامدا سەرۆکی جوتیاران گوتی: هەندێکمان بەرهەمەکانمان بە تراکتەرو هەندێکیشمان بە وڵاخ دەگوازینەوە بۆ شار، لەم جوتیارانەش خاڵە بایز بەرهەمی لە هەموویان پترە. هەر خاڵ بایز خۆی زەوی بەراوی هەیە، جوتیاران

داری میوەو درەختی ئەسپیندارو چنار لە زەوییەکانیان دەچێنن.
پشتی ڤێ سەرەدانێ، شارەزاو پسپۆرێن بوارا چاندنو کشتوکالێ خاترا خۆ خواستو زڤڕینەڤە جهێ خۆ.

خستنەڕوو:

لە بەرنامەی سالانی پێشوودا زانیمان، کە ڕستەی ڕاگەیاندن بە دوو شێواز دەکرێ بە ڕستەی پرس:

ئـ - یان بەهۆی جۆری دەربڕینو ئاوازی تایبەتی پرسەوە.

ب - یان ژی ب بکار هینانا پەیڤەکا پرسێ، ئەو پەیڤ ژی یان دبیتە (جێناو) یان (هاوەڵناو) یان (هاوەڵکار)ێ پرسێ.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەقی نووسینەکە، دەبینین لە گەلەک شوێناندا ڕستەکان لە شێوەی پرسدان، بۆ ئەم مەبەستەش پەیڤێکی پرس بەکار هاتووە، بەم جۆرە:

١. لەڕستەی (لەم جوتیارانە کامیان ئەمساڵ گەنمی ڕەشگوڵی چاندووە؟)دا، دەبینین ڕستەکە بەهۆی پەیڤی (کامیان)ەوە کراوە بە ڕستەی پرس، پەیڤەکەش لە شوێنی ناوی ئەو جوتیارە بەکارهاتووە، کە ئەو جۆرە گەنمەی چاندییە، بەکارهێنانەکەش لە شێوەی پرسدایە، کە پرسەکەش وەڵام دەدرێتەوە، پێویستە ناوی ئەو جوتیارە باسبکرێ کە پرسەکەی لە بارەیەوە کراوە، هەر لەبەر هەندێ پەیڤەکە بە (جێناوی پرس) دادەنرێت.

٢. لە ڕستەی (کێ تا ئێستاش زەویی خۆی بە گاسن دەکێلێت؟)دا، ڕستەکە بەهۆی پەیڤی (کێ) کراوە بە ڕستەی پرسو ئەم پەیڤەش لە شێوەی پرسدا لە شوێنی ناوی ئەو کەسە هاتیە بکار هینان

کو زەویێ خۆ ب گاسنی دکێلیت، هەر ژبەر هندێ ئەو ژی دبیتە (جێناوی پرس)و هەروەسا دبیتە (بکەر)ێ ڕستەی.

٣. هەروەها لە ڕستەی پرسی: تۆ چیتو ناوت چییە؟ ڕستەکە بەهۆی پەیڤی (چی) دووجار کراوە بە ڕستەی پرس، کە دیارە جارێکیان لە کارو پیشەی کابراو جارێکیش لە ناوەکەی دەپرسێت. لە هەردوو باریشدا وەڵامەکەی بە ناوێک دەدرێتەوە، واتە پەیڤی (چی) لە شوێنی ناوەکە بەکاردێت، بۆیە دەبێتە (جێناوی پرس).

بێجگە لەو ڕستانەی، کە باسکران، نووسینەکە گەلێک ڕستەی تری تێدایە، کە لەشێوەی پرسدانو پەیڤەکانی وەک (جێناوی پرس) بەکارهاتوون.

دەستور:

جێناوی پرس، ئەو پەیڤانەن کە:

ئـ – لە جێی ناوی کەسێک، یان شتێک، لە شێوەی پرسکردندا بەکاردێنو ئەرکی ناوە لێپرسراوەکەش لە ڕستەکەدا دەبینین، ئەرکەکانیش ئەڤەنە:

جێناوی پرس دەبێتە:

١. بکەری ڕستە، وەک: کێ شاری سولەیمانی دروستکرد؟
٢. بەرکاری ڕستە، وەک: دوێنێ کێت دیت؟
٣. تەواوکەری بە یاریدە، وەک: تە ئەڤ پەرتوکە ژ کێ وەرگرت؟
٤. دیارخەری ناو، وەک: کوڕێ کێ لە کوردستاندا هاتە شەهیدکرن؟
٥. تەواوکەری کاری ناتەواو، وەک: شیرین کێیە؟
٦. نیهادی ڕستە، وەک: کێ زیرەکە؟
٧. جێگری بکەر، وەک: کێ بینرا؟

ب. ئەو پەیڤێن کو دبنە جێناوی پرس ئەڤەنە:
١. کێ – کی : لە جێی ناوی کەسێک لە شێوەی پرسدا بەکاردێت.
٢. کام – کامە- کیهە- کیهان- کیشک – کیژان: هەموویان یەک واتایان هەیە، بۆ جوداکردنەوەی کەسێک، یان شتێک لە ناو کۆمەڵە کەسێک، یان شتێک بەکاردێن.
پ . (چ – چی) : لە جێی ناوی شتێک بەکاردێت، لە شێوەی پرس، وەک: کتێبی چی دەخوێنییەوە؟

ڕاهێنانی (١)

ئەرکی جێناوی پرس لەم ڕستانەدا دەست نیشانبکە:

١. قوتابییان، کێیان لە ناو باخچەکەدا دیت؟
٢. کێ نەخۆش کەوت؟
٣. چ کەوتە خوارەوە؟
٤. ڕەخنەکەتان لە بابەت چییە؟
٥. کیهەیان لە پێشبرکێدا بە یەکەم دەرچوو؟
٦. ئێوە گۆشتی چی دەخۆن؟

ڕاهێنانی (٢)

ئەم ڕستانە شیبکەوە:

١- کامە بە یەکەم دەرچوو؟
٢- دوێنێ کێت بینی؟

هاوەڵناوی پرس

ئەم ڕستانە بخوێنەوە:

١. چەند جۆرە پێنوست کڕی؟

تە چەند (چقاس) پارە هەیە؟

٢. کام ئەستێرە جوانە؟

٣. کیژان ژن ژ هەمیا درێژترە؟

٤. جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ کوو بوو؟

چۆن دیارییەکت بۆ براکەت نارد؟

دیارییەکی چۆنت بۆ نەوزادی برات نارد؟

تە دیارییەکا چاوا بۆ نەوزادێ برایێ خۆ هنارد؟

٥. چ قوتابییێک لە تاقیکردنەوە لە هەموو وانەکان دەردەچێت؟

٦. پۆلی چەندەمیت؟

ئازاد چەندەمین قوتابییە، کە لە ڕیزماندا دەرچووە؟

خستنەڕوو:

لە ڕستەکانی سەرەوەدا، دەبینین لە کۆتایی هەر ڕستەیەک نیشانەیەکی پرس (؟) هەیە، بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕستەکە لە شێوەی پرسدایە، ئەگەر زیاتر لە ڕستەکان ڕامێنین، دەبینین پەیڤێکی پرسکردن لە هەر یەک لەم ڕستانەدا هەیە، کە بەهۆی ئەو پەیڤەوە پرسیارمان کردووە.

١. لەڕستەکانی ژمارە (١) دا، پەیڤی پرسی (چەند) بە کارهاتووە، کە لەگەڵ ناوێکدا بە کارهاتووەو پرسی پێ لەو ناوە دەکرێت، دیارە

لە وەڵامیشدا دەبێ پەیڤەکی وا بەکاربێت، کە وەسفی ناوەکە بکاتو ببێتە تەواوکەر بۆی. وەک ئەوەی لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا بڵێین (دوو جۆرە پێنووسم کڕی) کە دیارە لێرەدا هاوەڵناوی (دوو) وەڵامی پەیڤی پرسی (چەند)ە، کەواتە پەیڤەکە هاوەڵناوی پرسە. ڕستەی دووەمیش هەر ب ڤی ئاوایییە.

٢. لە ڕستەی دووەمدا پەیڤی (کام) لە پێش ناوی ئەستێرە بەکارهاتووە، کە دیارە پرسیار لە ئەستێرەی جوان دەکات، بۆیە وەڵامەکەی بە (ئەم .... ە) یە، کە هاوەڵناوی نیشانەیە و ناوە دیارخراوەکەش دەچێتە نێوانیان و پەیڤی کام وەک هاوەڵناوی پرس بەکارهاتووە.

٣. لە ڕستەی سێیەمدا هەر بڤی ئاوایی، پەیڤا پرسێ (کیژان ــ کی ژوان) دگەل (ژن) یا هاتییە ب کار ئینانێ، داکو لناڤ کۆمەڵەکا ژنان، وێ ژنێ دەست نیشان بکەت، کو ژ هەمی ژنێن دی درێژترە، هەر ژبەر هندێیە ئەڤ پەیڤە ژی ب هاوەڵناوێ پرس دهێتە ناسین.

٤. لە ڕستەکانی ژمارە (٤)دا، پەیڤەکانی (کوو، چۆن، چاوان) لە واتادا یەکنو لەگەڵ ناودا بەکارهاتوون، لەناو ئەوانەشدا پەیڤی (چۆن) لە دوو شێوەدا بەکارهاتووە بەم جۆرە:

ئـ - لە پێش ناودا هاتووە،

کە لەو بارەدا پێویستی بە (ی) ئامرازی دانە پاڵ نییە.

ب- لە دوای ناودا،

کە پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵی (ی، ا، ێ، ێد، ێت، ێن) هەیە، ئەگەر وەڵامی پرسیارەکانیش بدەینەوە، دەبێ لە وەڵامەکاندا وەسفی ناوەکان بکەین، بۆیە پەیڤەکانی (کوو، چۆن، چاوان) بە هاوەڵناوی پرس دێنە هەژماردن.

٥. لە ڕستەی پێنجەمدا بەهۆی پەیڤی پرسی (چ ... یێک)، پرسیارمان لەو قوتابییە کردووە، کە لە هەموو وانەکان دەردەچێت، مەبەستیش ناوی قوتابییەکە نییە، بەڵکو سیفەتەکەیەتی، بۆیە لە وەڵامدا دەڵێین: (قوتابی زیرەک، یان قوتابی هشیار... هتد) لە هەموو وانەکان دەردەچێت، کەواتە یەپڤی پرسی ناوبراو، لە شێوەی هاوەڵناوی پرس بەکار هاتووە.

٦. لە هەر دوو ڕستەی ژمارە (٦)دا پەیڤی پرسمان لە شێوەی (چەندەم، چەندەمین) بەکارهێناوە، کە پرسی پێ لە ڕیزبەندی دەکەین، لە وەڵامیاندا ژمارەیەک لە شێوەی هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستندا بەکاردەهێنین، بۆیە دەبنە هاوەڵناوی پرس.

دەستور:

١. هاوەڵناوی پرس، پەیڤەکی پرسە، کە وەسفی ناوێک دەکات لە شێوەی پرسدا.

٢. ئەگەر هاوەڵناوی پرس لە پێش ناوەکە هات پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ نابێت وەک:

کام سوار گەهشتە جیێ؟

کیش هەسپ ژ هەمیا خێراترە؟

چەند هەڤاڵت هەنێ؟

چ ئەسپێک ڕەسەنە؟

ئەگەر لە پاش ناوەکە هات، ئەو کاتە ئامرازی دانەپاڵی دەوێت وەک:

هوین ل گوڤەندەکا چاوان پشکداربوون؟ (ا) ئامرازی دانەپاڵە.

ئەوان لە ڕۆژێکی چۆن سەفەریان کرد؟ (ی) ئامرازی دانە پاڵە.

٣. ئەو پەیڤێن پرسییێن کو دبنە هاوەڵناوی پرس ئەڤەنە:
ئـ- کام، کامە، کیهان، کیهە، کیژان، کیش.
ب- چەند (چقاس).
پ- چۆن، چاوان، کوو، چلۆن.
ت- چ ... یێک.
٤. ئەرکی هاوەڵناوی پرس لە ڕستەدا
ئـ . دەبێتە دیارخەری ناو. وەک:
١. کراسێکی چۆنت کڕی؟
٢. کام قوتابی بە یەکەم دەرچوو؟
ب. دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو
- خواردنەکە چۆن بوو

ڕاهێنانی (١)

پەیڤی (چۆن) لە دوو ڕستەدا بەکاربێنە، بەو مەرجەی لە یەکەمیاندا تەواوکەری کارێکی ناتەواو بێت و لە دووەمیاندا دیارخەری ناوبێت.

ڕاهێنانی (٢)

ئەم ڕستانە شیبکەوە:
١. چەند ڕۆژنامە لە کوردستان دەردەچن؟
٢. کیهان کچ خوشکا تەیە؟

هاوەڵکاری پرس

ئەم ڕستانە بخوێنەوە:

/١

ئ- قوتابییان لە ڕۆژی نمایشی وەرزشیدا چۆن دەڕۆیشتن؟

ب- ئەڤ کورە چاوا دنڤیسیت؟

پ- منداڵەکان کو دانیشتبوون؟

/٢

ئ- سۆران دوێنێ چەند پێکەنی؟

ب- پەروین ل نک تە چەند ڕوونیشت؟

/٣

ئ- کەی کەنگر پەیدا دەبێت؟

ب- کەنگی ئەم دێ چینە زۆزانان؟

پ- کەینێ زەنگی یەکەم وانە لێدەدرێت؟

/٤

ئ- هاوینان لە کوێ دەنوون؟

ب- لەزگین ل کیڤە ڕوونیشتبوو؟

خستنەڕوو:

لـە وانەکانـی پێشـوودا باسـی ئەوەمـان کـرد، کـە هەندێـک لـە پەیڤەکانی پرس دەبنە (جێناوی پرس، هاوەڵناوی پرس)، بۆیە پێویستە ئـەوەش ڕوونبکەینـەوە، کـە هەندێک جـار پەیڤەکانـی پـرس بۆیـان هەیـە ببنـە هاوەڵـکاری پرسـیش، بـۆ نمونـە:

١. ئەگـەر تەماشـای ڕستەکانی (ئـ ، ب، پ)ی ژمـارە (١) بکەیـن دەبینیـن پەیڤەکانـی پرسـی (چـۆن، چـاوا، کـوو) بەکارهاتـوونو هەرسـێکیان پرسـیاریان پـێ لـە چۆنیەتـی ڕوودانـی کاری ڕسـتەکان دەکرێـت، بـۆ نمونە لەڕستەی (ئـ)دا پەیڤی (چۆن) پرسیاری پێ لە چۆنیەتی ڕۆیشتنی قوتابییـان کـراوە، بۆیـە کـە وەڵامـی پرسـیارەکە دەدەینـەوە، پێویسـتە هاوەڵکارێک بەکاربێنیـن، بگونجێت لەگـەڵ چۆنیەتـی ڕۆیشـتنەکە، واتـە بڵێین (باش دەڕۆیشتن) یان (خراپ دەڕۆیشتن)، لێرەدا هـەردوو پەیڤی (باشو خراپ) هاوەڵکاری چۆنیەتین، چونکە وەسفی چۆنیەتی ڕوودانی کاری ڕسـتەکە دەکـەنو سـنورێک بـۆ ڕوودانـی کارەکـە دادەنێـن، ئـەم دوو پەیڤـەش لـە وەڵامـی پەیڤـی پرسـی (چـۆن) بەکارهاتـوون، کەواتـە لێرەدا (چـۆن) دەبێتـە هاوەڵـکاری پـرس، هـەر بـەو جـۆرەش پەیڤەکانـی (چـاوا، کـوو) ئـەو ژی هـەر دبنـە هاوەڵـکاری پـرس.

٢. دیسـا ژی لـە هـەردوو ڕسـتەی (ئـ ، ب)ی ژمـارە (٢)دا، پەیڤی پرسـی (چەنـد) لـە دوو ڕسـتەدا لـە شـێوەی پـرس بەکارهاتـووە، بـۆ پرسـین لـە ڕادەی ڕوودانـی هـەردوو کاری (پێکەنـیو ڕونیشـت)، لـە وەڵامیشـدا پێویسـتە هاوەڵکارێکی گونجـاو بەکاربهێنین، وەک ئـەوەی بڵێین (سـۆران دوێنـێ زۆر پێکەنـی)، یـان (پەرویـن ل نـک مـن پیچـەک ڕوونیشـت)، کـە

هـەردوو پەیڤی (زۆر، پیچـەک) هاوەڵکاری چەندینو لـە وەلامـی پەیڤی پرسـی (چەنـد) بەکارهاتـوونو وەسـفی ڕادەی ڕوودانـی کارەکـە دەکـەن، بۆیـە دەبنـە هاوەڵـکاری چەنـدیو پەیڤـی (چەند)یـش دەبێتـە هاوەڵـکاری پـرس.

٣. ئـەم جـارەش لـە ڕسـتەکانی (ئـ ، ب، پ)ی ژمـارە (٣)دا، پەیڤەکانـی پرسـی (کـەی، گەنگـی، کەینـێ) بـۆ پرسـیارکردن لـە کاتـی ڕوودانـی کاری ڕسـتەکان بەکارهاتـوونو لـە وەلامـدا پێویسـتە هاوەڵکارێکی کات بەکاربهێنیـن، وەک ئـەوەی لـە وەلامـی پرسـیاری (ب)دا بڵێیـن (ئـەم هاڤینـێ دێ چینـە زۆزانـان)، کـە دیـارە پەیڤـی (هاڤینـێ ـ هاوینـێ) هاوەڵـکاری کاتـەو وەلامـی پەیڤـی پرسـی (کەنگـی) پێدراوەتـەوە، بۆیـە ئـەو پەیڤـە پرسـانە دەبنـە هاوەڵـکاری پـرس.

٤. هـەر بـەو جـۆرەش لـە ڕسـتەکانی (ئـ ، ب)ی ژمـارە (٤)دا هـەر دوو پەیڤـی پرسـی (لـە کـوێ، ل کیڤـە) بـۆ پرسـیارکردن، لـە جـێو شـوێنی ڕوودانـی کارەکـە دەپرسـن، بۆیـە ئـەو ژی دبنـە هاوەڵـکارێ پـرس.

دەستور:

١. هاوەڵکاری پرس:

پەیڤێکە لە شێوەی پرسدا، وەسفی کارێک دەکات و سنورێک بۆ ڕوودانی کارەکە دادەنێتو دەبێتە تەواوکەریشی.

٢. ئەو پەیڤێن پرسیێ،

کە دبنە هاوەڵکاری پرس ئەڤەنە؟

ئـ- (چەند) لە ئەندازەی ڕوودانی کارەکە دەپرسێت.

ب- (چۆن، چاوا، کوو): لە چۆنیەتی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەپرسن.

پ- (کەی، کەنگی، کەینێ): لەکاتی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەپرسن.

ت- (لە کویێ، ل کیڤە): لە شوێنی ڕوودانی کارەکە دەپرسن.

ڕاهێنانی (١)

پەیڤی (چۆن) لەدوو ڕستەدا بەکاربێنە، بەو مەرجەی لە ڕستەی یەکەمیاندا هاوەڵناوی پرسو لە دووەمیاندا هاوەڵکاری پرس بێت.

ڕاهێنانی (٢)

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. جیاوازی لە نێوان هاوەڵناوی پرسو هاوەڵکاری پرسو جێناوی پرسدا چییە؟

٢. دوو ڕستە بە دوو هاوەڵکاری پرس بهێنەوە.

ڕاهێنانی (٣)

پەیڤە هێل بەژێر داهاتووەکان لەم ڕستەو دێڕە هۆنراوانەدا شلۆڤەبکە:

١. گرفتاری شەوی ئەگریجەتم، کوا ڕۆژی رووت قوربان؟
مەتۆرێنە دلّم توخوا، تەماشا چەند پەرێشـــانە؟

(قانع)

٢. تە کێ ل خاندنگە هێ دیت؟

٣. وێ ئەڤ هۆزانە چاوا ژ بەر کرییە؟

٤. تۆ چیت؟ من کوردم نەتەوەی کوردم
خۆ ترسنۆک نیت؟ حاشا نەبەردم
چی تۆی لەناو برد؟ دوو دلّیو نیفاق
چۆن ڕزگار ئەبی هەر بە ئیتیفاق

٥. گەلۆ، ئەڤە چەند سالّە؟
ژینا مە تیــژو تـــــالّە.

ڕستەی لێکدراو

١. نازداریٚ فراڤین لێناو شەرمینیٚ ماڵ پاقژکر.

٢. دیٚ چیرۆکیٚ خوینم پاشی دێنڤم.

٣. نانم خوارد، پاشان نامەکەم نووسی ئینجا نووستم.

٤. خوناو مامۆستایە بەڵام ئالان ئەندازیارە.

خستنەڕوو:

خوێندوومانـە، کـە ڕسـتەی سـادە واتایەکـی تـەواوی هەیـە، لـە (بکـەرو کارێـک) یـان (نیهـادو کاری ناتـەواو) پێکدێـتو یـەک کاری تێدایـە، جـا کارەکـە (تـەواو- ناتەواو)بێـت.

دەبێـت بزانیـن ئـەو ڕسـتانەی، کـە لـە ئاخاڤتنـدا دەردەبڕێـن، هەمیشـە سـادە نین، واتـە مـەرج نییـە یـەک کاری تێدا هەبێت، ڕسـتەی وا هەیـە بـە (دوو کار یـان پتر) واتاکـەی پێکدێت، ئینجـا بۆ ڕوونکردنـەوەی ئەمـە ئەگـەر لـە ڕسـتەکانی سـەرەوە وردبینـەوە دەبینیـن:

١. ڕسـتەی یەکـەم لـە دوو ڕسـتەی سـادەی سـەربەخۆ پێکهاتـووە، ڕسـتەی (نـازداریٚ فراڤیـن لێنـا)و ڕسـتەی (شـەرمینیٚ مـال پاقژکـر). ئـەم دوو ڕسـتەیە هـەر چەنـدە لـە واتـادا سـەربەخۆن، بـەڵام پەیوەنـدی لـە نێوان هەردووکیانـدا هەیـە، کـە بـە یاریـدەی ئامـرازی (و)ی لێکدەر، کـە سـەر بـە هیچیـان نییـە هـەردوو ڕستەکەی بـە یەکـەوە بەسـتووە، بۆیـە بـە هەردووکیـان بەیەکـەوە دەگوترێـت (ڕسـتەی لێکـدراو).

٢. ڕسـتەی دووەم لـە دوو ڕسـتەی سـادەی سـەربەخۆ پێکهاتـووە،

ڕستەی (دێ چیرۆکێ خوێنم)و ڕستەی (دێنڤم) ئەم دوو ڕستەیە هەر چەندە لە واتادا سەربەخۆن، بەڵام پەیوەندییەک لە نێوانیاندا هەیەو کە بە یاریدەی ئامرازی (پاشی)ی لێکدەر، کە سەر بە هیچیان نییە بە یەکەوە بەستراون، بۆیە بە هەردووکیان بە یەکەوە دەگوترێت (ڕستەی لێکدراو).

٣. ڕستەی سێیەم لە سێ ڕستەی سەربەخۆ پێکهاتووە، ڕستەی (نانم خوارد)و ڕستەی (نامەکەم نووسی)و ڕستەی (نووستم) ئەم سێ ڕستەیە هەر چەندە لە واتادا سەربەخۆن، بەڵام پەیوەندییەک لە نێوان هەر سێکیاندا هەیە، کە یەکەمو دووەمیان بە یاریدەی ئامرازی (پاشان)ی لێکدەر، کە سەر بە هیچیان نییە بە یەکەوە بەستراون. هەروەها ڕستەی دووەمو سێیەمیش بە یاریدەی ئامرازی (ئینجا) ی لێکدەر دراونەتە پاڵ یەکتر، بۆیە بەیەکەوە بەم سێ ڕستەیە دەگوترێت (ڕستەی لێکدراو).

٤. ڕستەی چوارەم لە دوو ڕستەی سادەی سەربەخۆ پێکهاتووە، ڕستەی (خوناو مامۆستایە)و ڕستەی (ئالان ئەندازیارە).

ئەم دوو ڕستەیە هەر چەندە لە واتادا سەربەخۆن، بەڵام پەیوەندییەک لە نێوانیاندا هەیە، کە بەیاریدەی ئامرازی (بەڵام)ی لێکدەر، کە سەر بە هیچیان نییە بە یەکەوە بەستراون، بۆیە بەم دوو ڕستە بەیەکەوە دەگۆترێت (ڕستەی لێکدراو).

دەستور:

ڕستەی لێکدراو

ئەو ڕستەیەیە، کە لە دوو ڕستەی سەربەخۆی سادە یان پتر پێکدێت، پەیوەندییەک لە نێوانیاندا هەیەو بە یاریدەی (ئامرازی لێکدەر) دەدرێنە پاڵ یەکتر.

(ئامرازی لێکدەر) سەر بە هیچ ڕستەیەکی سادەی ناو ڕستە لێکدراوەکە نییە، لە ڕستەی لێکدراودا چەند کار هەبێت ئەوەندە ڕستەی سادەی تێدایە.

زۆربەی ئەو ئامرازە لێکدارانەی، کە بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنرێن ئەمانەن:

(و، ئینجا، ڤێجا، بەڵام، لێ، پاشان، پاشی، چونکە، یان، یاخود، نەوەک، بەڵکو، کەچی، تا، تاکو، هەتا، هەتاکو، ... هتد).

ڕاهێنانی (١)

ئەم ڕستە سادانە بە ئامرازی لێکدەر بگۆڕە بۆ ڕستەی لێکدراو:

١. شڤانی پەز چەراند، ئاڤ نەدا.

٢. نامەیەکێ بنڤیسە، بۆ زنارێ بهنێرە.

٣. هاوڕێ سواری ترۆمبێلەکە بوو، چوو بۆ هەولێر، چوو بۆ دهۆک.

٤. ئەم کوڕە زیرەکە، ئەو کوڕە تەمەڵە.

٥. برینێن خەنجەران ساخ دبن، برنیێن خەبەران ساخ نابن.

٦. یان برۆ، یان دەرگاکە پێوەدە.

ڕاهێنانی (٢)

لەم ئامرازانەی خوارەوە ڕستەی لێکدراو پێک بهێنە:

(پاشی، کەچی، ئینجا، دوایی).

ڕاهێنانی (٣)

هەر یەکە لەم ڕستە لێکدراوانەی خوارەوە بکە بە ڕستەی سادە:

١. شێرکۆ چوو بۆ لای چەتۆ، بەڵام چەتۆ لە ماڵ نەبوو.

٢. هەڤالێد من نەهاتن، چونکە بەفر باری بوو.

٣. دلشێری داستانا مەمو زینێ خواندو نامەیەک نڤیسی پاشی نڤست.

٤. ڕزگار هەڵبەستەکە لەبەردەکاتو پەخشانەکە دەنووسێتەوە.

ڕاهێنانی (٤)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. نازداری فراڤینێ لێنا و شەرمینی مال باقژ کر. (و) ئامرازی:

(پەیوەندی / لێکدەر / دانەپاڵ)ە

٢. یان برۆ یان دەرگاکە پێوەدە. (یان) :

(جێناوە / ئامرازی پەیوەندییە / ئامرازی لێکدەرە)

٣. دێ چیرۆکی خوێنم پاشی دێنڤم. (پاشی) ئامرازی :

(پەیوەندی / لێکدەر / دانەپاڵ)ە

ڕاهێنانی (٥)

ئەم ڕستانە شیبکەوە:

١. نەمامەکەم چاند، بەڵام تۆوەکەم هەڵگرت.

٢. زەنگەکە لێدرا، ئینجا قوتابییەکان چوونە ژوورەوە.

ئامرازی پەیوەندی

ئـ/

١. کاروان دەچێت بۆ زاخۆ.

٢. بەختیار لە قوتابخانە دەخوێنێت.

٣. سیڤ ژ داریَ وەرین.

٤. نەسرین تا ڕەواندزیَ چوو.

٥. سەرهەنگ دەچێتە ئاکریَ.

ب/

١. تە نامە ژبۆ وان نڤیسییە.

٢. تریَ هەتاکو پاییزیَ دەمینێت.

٣. کاوە لەگەڵ برادەرەکانی ڕاوەستاوە.

٤. هەژار دگەل مە دژیت.

٥. نازەنین بەرەو قوتابخانە هات.

خستنەڕوو:

یەکەم:

ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (ئـ) بکەین، دەبینین لە هەر ڕستەیەکدا ئامرازی پەیوەندی هەیەو کەوتۆتە پێش ناوێک یان جێناوێک بۆ پیشاندنی پەیوەندی نێوان ئەو ناوە یان ئەو جێناوە لەگەڵ ناوێکی تری ڕستەکە، وەک:

١. لـە ڕسـتەی یەکەمـدا (بـۆ) ئامـرازی پەیوەندییـە، پەیوەنـدی نێـوان ناوی کاروانو زاخـۆی پیشـانداوە، کـە کاروان دەچێت بـۆ زاخـۆ نـەوەک بـۆ شـوێنێکی تـر.

٢. لـە ڕسـتەی دووەمدا (لـە- دا) ئامرازی پەیوەندییـە، پەیوەنـدی نێوان نـاوی بەختیـارو قوتابخانـەی پیشـانداوە، کـە بەختیـار لـە قوتابخانـەدا دەخوێنێـت، نـەوەک لـە جێگەیەکـی تـردا.

٣. لـە ڕسـتەی سـێیەمدا (ژ- ێ) ئامـرازی پەیوەندییـە، چونکـە پەیوەنـدی نێوان سـێڤو داری پیشـانداوە، کـە سـێڤ لـە داری وەریـوە، نـەوەک لـە شـتێکی تـر.

٤. لـە ڕسـتەی چوارەمدا (تـا- ێ) ئامرازی پەیوەندییـە، چونکـە پەیوەنـدی نێوان نـاوی نەسـرینو ڕەواندزی پیشـانداوە، کـە نەسـرین تـا ڕەواندزێ چووە نـەوەک زیاتر.

٥. لەڕسـتەی پێنجەمـدا (ە) ئامـرازی پەیوەندییـە، کـە پەیوەنـدی نێـوان نـاوی سـەرهەنگو ئاکرێـی پیشـانداوە، کـە سـەرهەنگ دەچێتـە ئاکـرێ نـەوەک شـوێنێکی تـر.

دووەم:

هەروەهـا ئەگـەر سـەیری ڕسـتەکانی بەشـی (ب) بکەیـن، دەبینیـن کـە لەهـەر ڕسـتەیەکدا ئامـرازی پەیوەنـدی هەیـە بـەم شـێوەی خـوارەوە.

١- لەڕسـتەی یەکەمـدا (ژبـۆ) ئامرازی پەیوەندییـە، کـە پەیوەنـدی نێوان نـاوی نامـەو جێنـاوی (وان) پیشـانداوە، کـە نامـە بـۆ (وان) نووسـراوە نـەوەک بـۆ یەکێکـی تـر.

٢- لە ڕستەی دووەمدا (هەتاکو) ئامرازی پەیوەندییە، کە پەیوەندی لەنێوان ناوی (ترێ) و (پاییز) پیشانداوە، کە ترێ هەتاکو پاییزێ دەمینێت نەوەک وەرزێکی تر.

٣- لە ڕستەی سێیەمدا (لەگەڵ) ئامرازی پەیوەندییە، کە پەیوەندی نێوان ناوی (کاوە)و برادەرەکانی پیشانداوە، کە کاوە لەگەڵ برادەرەکانی ڕاوەستاوە، نەوەک لەگەڵ کەسانی تر.

٤- لە ڕستەی چوارەمدا (دگەل) ئامرازی پەیوەندییە، کە پەیوەندی نێوان ناوی (هەژار)و جێناوی (مە)ی پیشانداوە، کە هەژار دگەل مە دژیت نەوەک دگەل یەکێکی تر.

٥- لە ڕستەی پێنجەمدا (بەرەو) ئامرازی پەیوەندییە، کە پەیوەندی نێوان ناوی (نازەنین)و قوتابخانەی پیشانداوە، کە نازەنین بەرەو قوتابخانە هات نەوەک شوێنێکی تر.

دەستور:

ئامرازی پەیوەندی:

ئەو وشەیەیە، کە لە ڕستەدا لە پێش ناوێک یان جێناوێک دێت بۆ پیشاندانی پەیوەندی نێوان ئەو ناوە یان ئەو جێناوە لەگەڵ ناوێکی تری هەمان ڕستە.

ئامرازەکانی پەیوەندی:

(بۆ، لە- دا، لە- را، لە- ەوە، ل – دا، ژ- ێ، ژ- را، د- دا، بە- دا، بە- ەوە، ب- دا، تا- ێ، وەک، بێ، ە، لەبۆ، ژبۆ- ڕا، هەتا، هەتاکو، هەتا وەکو، بەبێ، لەگەڵ، دگەل، بەرەو، بەرەڤ، بەر ب).

ڕاهێنانی (١)

پێنج ڕستە بهێنەوە کە ئامرازی پەیوەندییان تێدا بێت.

ڕاهێنانی (٢)

لەم ڕستەی خوارەوەدا

تا ناو دارستانەکە چووین.

ئـ . وشەی (تا) شیبکەوە:

ب. وشـەی (دارسـتانەکە) چ جۆرە ناوێکـە لـە ڕووی دارِشـتنییەوە؟ چۆن پێکهاتووە؟

پ. بکەری ڕستەکە دیاربکە.

ج. لەکاری (چوو) کاری ڕانەبوردوو، داخوازی دروست بکە.

چ. وشەی (تا) وەکو ئامرازی لێکدەر لە ڕستەدا بەکاربهێنە.

ئامرازی دانەپاڵ

١. گوڵی باخەکە جوانە.
٢. برادەری ئێوە دڵسۆزە.
٣. ڕۆمانە نوێیەکەم خوێندەوە.
٤. بابێ ئازادی پێشمەرگەیە.
٥. دایکا نازداری پزیشکە.
٦. ل چیاییێت کوردستانێ بەفر دباریت.
٧. هەڤالێن مە هاتن.
٨. مرۆڤێد زیرەک سەر دکەڤن.

خستنەڕوو:

ئەگەر سەیری ئەم ڕستانە بکەین، دەبینین لە هەر ڕستەیەکدا ئامرازی دانەپاڵ هەیە، کە ناوێکی داوەتە پاڵ ناوێکی تر، یان جێناوێکی داوەتە پاڵ ناوێک، یان هاوەڵناوێکی داوەتە پاڵ ناوێک، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. لە ڕستەی یەکەمدا ئامرازی (ی) لە نێوان ناوی گوڵو باخدا، ئامرازی دانەپاڵە چونکە ناوی (باخەکە)ی داوەتە پاڵ ناوی (گوڵ).
٢. لە ڕستەی دووەمدا ئامرازی (ی) لە نێوان ناوی (برادەر)و جێناوی (ئێوە)، ئامرازی دانەپاڵە چونکە جێناوی (ئێوە) ی داوەتە پاڵ ناوی برادەر.
٣. لە ڕستەی سێیەمدا (ە) لە نێوان (ڕۆمان و نوێیەکە) ئامرازی

دانەپاڵـە، چونکـە هاوەڵنـاوی (نـوێ)، کـە دیارخـەرە داوەتەپـاڵ نـاوی ڕۆمـان، کـە دیارخـراوە.

٤. لـە ڕسـتەی چوارەمـدا ئامـرازی (ێ) لەنێـوان نـاوی (بـاب)و نـاوی (ئـازاد)، ئامـرازی دانـە پاڵـە چونکـە نـاوی (ئـازاد)ی داوەتـە پـاڵ نـاوی (بـاب).

٥. لـە ڕستەی پێنجەمدا ئامرازی (ا) لەنێوان نـاوی (دایک)و نـاوی نازدار، ئامرازی دانـە پاڵـە چونکـە نـاوی (نـازدار)ی داوەتـە پاڵ نـاوی (دایک).

٦. لـە ڕسـتەی شەشـەمدا ئامـرازی (ێت) لەنێـوان نـاوی (چیـا)و نـاوی (کوردسـتان)، ئامـرازی دانـە پاڵـە، چونکـە نـاوی (کوردسـتان)ی داوەتـە پـاڵ نـاوی (چیـا) وەک ناوێکـی کـۆ.

٧. لـە ڕسـتەی حەوتەمـدا ئامـرازی (ێن) لەنێوان نـاوی هەڤاڵو جێناوی (مـە)، ئامـرازی دانـە پاڵـە، چونکـە جێنـاوی (مـە)ی وەک جێناوێـک داوەتـە پـاڵ نـاوی (هەڤـاڵ).

٨. لـە ڕسـتەی هەشـتەمدا ئامـرازی (ێـد) لەنێـوان نـاوی (مـرۆڤ)و هاوەڵنـاوی زیـرەک، ئامـرازی دانـە پاڵـە، چونکـە هاوەڵنـاوی (زیـرەک)ی داوەتـە پـاڵ نـاوی (مـرۆڤ).

دەستور:

ئامرازی دانەپاڵ

وشـەیەکە، کـە (ناوێـک، جێناوێـک، هاوەڵناوێـک) دادەتـە پـاڵ ناوێکـی تـر.

١. ئامرازی (ی) نـاوی نێر و مێی تـاک و کۆ دەداتـە پاڵ ناوێکی تـر، یان جێناوێک یـا هاوەڵناوێکی چۆنی لە شێوە زاری کرمانجی خواروودا.

٢. ئامـرازی (ە) هاوەڵنـاوی چۆنییـە دەداتـە پـاڵ نـاوی (تـاک و کـۆی ناسـراو) بـەڵام نیشـانەی کـۆ و ناسـراوی دەچێتـە دوای هاوەڵناوەکـە.

٣. ئامـرازی (ێ) ناوێـک یـان جێناوێـک یـان هاوەڵناوێـک دەداتـە پـاڵ نـاوی تاکـی نێـر لـە شـێوە زاری کرمانجـی سـەروودا.

٤. ئامرازی (ا) ناوێک یان جێناوێک یان هاوەڵناوێک دەداتە پاڵ نـاوی تاکی مێ لـە شێوە زاری کرمانجی سەروودا.

٥. ئامـرازی (ێـت- ێـد- ێـن) ناوێـک یـان جێناوێـک یـان هاوەڵناوێـک دەداتـە پاڵ ناوێکی کۆی نێر و مێ لـە شێوە زاری کرمانجی سـەروودا.

ڕاهێنانی (١)

پێنج ڕستە بهێنەوە ئامرازی دانە پاڵی تێدا بێت، سێیان بۆ ناوی تاک و دووانیان بۆ ناوی کۆ بن.

ڕاهێنانی (٢)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. کێ، لە هەموو ڕستەیەکدا:

(هاوەڵناوی پرس / هاوەڵکاری پرس / جێناوی پرس)ە

٢. کەی، لە هەموو ڕستەیەکدا:

(هاوەڵناوی پرس / هاوەڵکاری پرس / جێناوی پرس)ە

٣. کوڕی کێ لە پێناو کوردستان شەهیدبوو؟ (کێ) جێناوی پرسە ئەرکی: (بەرکارە / نیهادە / دیارخەری ناوە)

٤. کەینێ زەنگی یەکەم لێدەدات؟ (کەینێ)

(هاوەڵناوی پرس / هاوەڵکاری پرس / جێناوی پرس)ە

٥. هاوەڵناوی پرس لە ڕستەدا دەبێتە دیارخەری:

(هاوەڵکار / جێناوی پرس / ناو)

٦. کێهان کچ خوشکا تەیە؟ (کێهان) :

(جێناوی پرس / هاوەڵکاری پرس / هاوەڵناوی پرس)

٧. چ قوتابییە لە تاقیکردنەوە لە هەموو وانەکان دەرنەچووە؟ (چ):

(جێناوی پرس / هاوەڵکاری پرس / هاوەڵناوی پرس)ە

٨. کام لەمانە هاوەڵکاری پرسە بۆ هۆکاری ڕودانی کار:

(چەند / چۆن / ژبەرچی و لەبەرچی)

٩. کێ نەخۆش کەوت؟ (کێ) ئەرکی:
(بەرکارە / بکەرە / نیهادە / گوزارە)
١٠. هاورێکەت کەسێکی چۆنە؟ (چۆن) تەواوکەری :
(کاری ناتەواوە / کاری تەواوە / هیچیان)
١١. تۆ پۆلی چەندەمیت؟ (چەندەم) :
(جێناوی پرس / هاوەڵکاری پرس / هاوەڵناوی پرس)ە
١٢. چ کەوتە خوارەوە؟ (چ) ئەرکی:
(بەرکارە / بکەرە / نیهادە / گوزارە)
١٣. دوێنێ کێت بینی؟ (کێ) ئەرکی:
(بەرکارە / تەواوکەری بەیاریدە / نیهادە / گوزارە)
١٤. ئەڤ پەرتوکێ ژ کێ وەرگرت؟ (کێ) ئەرکی:
(بەرکارە / تەواوکەری بەیاریدە / نیهادە / بکەرە)
١٥. هاوینان لە کوێ دەنوون؟ (لە کوێ) :
(جێناوی پرس / هاوەڵکاری پرس / هاوەڵناوی پرس)ە
١٦. ناوت چییە؟ (چی) جێناوی پرسە، ئەرکی:
(نیهادە / بکەرە / تەواوکەری کاری ناتەواوە)
١٧. شانیا لکێڤە ڕوونیشت بوو؟ (لەکوێ و لکێڤە) :
(جێناوی پرس / هاوەڵکاری پرس / هاوەڵناوی پرس)ن
١٨. منداڵەکە چەند نووست؟ (چەند)
(هاوەڵناوی پرس / جێناوی پرس / هاوەڵکاری پرس)ە
١٩. بۆ پرسیارکردن لە کەسێک بەکاردێت:
(کێ / چۆن / چەند / کوێ)

٢٠. کامە بە یەکەم دەرچوو؟ (کامە) ئەرکی بکەرە :

(جێناوی پرس / هاوەڵکاری پرس / هاوەڵناوی پرس)ە

٢١. ئەڤ کورە چاڤا دنڤیسیێت؟ (چاڤا) :

(جێناوی پرس / هاوەڵکاری پرس / هاوەڵناوی پرس)ە

٢٢. چۆن دیارییەکت بۆ ئاری برد؟ (چۆن) :

(جێناوی پرس / هاوەڵکاری پرس / هاوەڵناوی پرس)ە

٢٣. کێ بیینرا؟ (کێ) ئەرکی :

(بکەرە / جێگری بکەر / دیارخەری ناو)

٢٤. ئەمە پێنوسی کێیە؟ (کێ) ئەرکی :

(نیهادە / دیارخەری ناو / تەواوکەری کاری ناتەواوە)

٢٥. شیرین کچی کێیە؟ (کێ) ئەرکی :

(تەواوکەری کاری ناتەواوە / هەردووکیان / دیارخەری ناو)

٢٦. چەند پێنوست کڕی؟ (چەند) :

(جێناوی پرس / هاوەڵکاری پرس / هاوەڵناوی پرس)ە

٢٧. ئۆتۆمۆبێلێکی چۆنت کڕی؟ (چۆن) :

(جێناوی پرس / هاوەڵکاری پرس / هاوەڵناوی پرس)ە

٢٨. منداڵەکان کوو دانیشتبوون؟ (کوو) :

(جێناوی پرس / هاوەڵکاری پرس / هاوەڵناوی پرس)ە

٢٩. چەند رۆژنامە ل کوردستانێ دەردکەڤن؟ (چەند) :

(جێناوی پرس / هاوەڵکاری پرس / هاوەڵناوی پرس)ە

٣٠. کێ زیرەکە؟ (کێ) ئەرکی :

(بکەرە / نیهادە / دیارخەری ناو)

٣١. مرۆڤی چۆنت خۆشدەوێ؟ (چۆن) :

(جێناوی پرس / هاوەڵکاری پرس / هاوەڵناوی پرس)ە

٣٢. (کێ / کامە و کێهان / چۆن) بۆ جیاکردنەوەی کەسێک یان شتێک لە نێو کۆمەڵە کەسێک یان کۆمەڵە شتێک

٣٣. کیژان ژن ژ هەمیا بەرزترە؟ (کیژان) چییە :

(جێناوی پرس / هاوەڵکاری پرس / هاوەڵناوی پرس)

ڕاهێنانی (٣)

لەم ڕستەیەی خوارەوەدا:

دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین دەپارێزین

ئـ- (ی) لەنێوان وشەی دەستکەوتەکانو ڕاپەڕین چییە؟

ب- بکەری ڕستەکە دیاربکە، بۆچی خراوەتە ئەوێ؟

پ- وشەی دەستکەوتەکان شیبکەوە.

ت- دەپارێزین بە پێی کات چ جۆرە کارێکە؟ چۆن دروستکراوە؟

ج- لە کاری دەپارێزین کاری ڕابردووی ڕاگەیاندن بەپێی دەمەکان دروستبکە.

ئ . بەشی ئەدەب

وەرزی یەکەم

ئەدەب

جۆرو مەبەستەکانی هۆنراوە

فۆلکلۆر چییە؟

داستان

مێژووی داستان لە جیهاندا

داستانی ڕۆژهەڵات

وەرزی دووەم

داستانی کوردی

پەندی پێشینان

لێکۆڵینەوەی تازەی ئەدەبی کوردی

ب. نمونەی ئەدەب

وەرزی یەکەم

١. حاجی قادری کۆیی

٢. وەلی دێوانە

٣. پیرەمێرد

٤. هەژاری موکریانی

٥.دیلان.

وەرزی دووەم

٦.سەبری بۆتانی.

٧. میقداد مەدحەت بەدرخان.

٨. شاکر فەتاح.

ئـ :

بەشی ئەدەب

وەرزی یەکەم

ئەدەب:

وشـەی ئـەدەب، کـە (وێژە) شـی پێدەگوترێت، بـە دوو واتـای جیاواز بەکاردێـت.

یەکەم:

واتایەکـی تایبەتییـە، کـە بـە مەبەسـت لێـی ئـەو ئاخافتـنو گوتـراوە نایابانـەن، کـە خۆشـیو شـادی دەخەنـە دڵـی گوهـدارو خوێنەرانـەوە، جـا گوتـراوەکان هۆنـراوە بـن یـا پەخشـان، هەڵبەسـتی نایـابو هۆزانـی بـەرزو چیرۆکـی خـۆشو گوتـاری نـاوازەو گەلـەک بەشـی دیکـە دەکەونـە ژێـر ئـەم پێناسـەیەوە، چونکـە دێنـە خوێندنـەوەو گوهـ لێبوون، چەشـەو خۆشـیەکی هونەرییـان لێدێتـە وەرگرتـن.

دووەم:

واتـای گشـتی ئـەدەب: ئـەو بەرهەمـەی مێشـکی مـرۆڤ دەگرێتەوە، کـە لەشـێوەی ئاخافتنـدا خـۆی دەنوێنێـتو لـە لاپـەڕەی کتێبەکانـدا دێـتە نڤیسـین، لـەم بارەیـەوە کتێبـی ڕێزمـانو کتێبـی وەرزشو سروشـتزانی ئەدەبێکـن بـە واتـای گشـتی، چونکـە بەرهەمـی هەمـە چەشـنی مێشـکی مـرۆڤ دەنوێنن، کـە مـەرج نییـە لـە کاتـی خوێندنەوەیانـدا ئـەو خۆشـیو چەشـەیان لێوەربگیرێـت، کـە لـە ئەدەبـی تایبەتیـدا وەردەگیرێـت.

ئەدەب لەسەر چوار ڕەگەز دامەزراوە کە ئەمانەن:-

١- سۆز: کار دەکاتە سەر ئەندێشەو دڵو وا دەکات، کە بە ئارەزوویەکی خۆشەویستانە بشنێتەوە.

٢- بیر: بیری ئەدیبو نووسەر ڕەگەزی بنەڕەتی بەرهەمی ئەدەبییە.

٣- ئەندێشە: ئەویش خەیاڵێکی تیژ تێپەڕی پەنهانییە لە دڵدا، بەبێ ئەندێشە ئیشی هونەرە ئاشکراکانی ئەدەب دەوەستێ.

٤- واتا: واتای مەبەستەکە ڕووندەکاتەوەو لەڕووی وشەو ڕستەوە بە جوانی دادەڕێژێتەوە تا سۆزو ئەندێشەکە ڕوونبکاتەوە.

مێژووی ئەدەب:

مێژووی ئەدەب بەشێکە لە مێژووی گشتی نەتەوە و بە تێکڕایی دەکەوێتە بەر بەرنامەکانی مێژوو، لە دیرۆکو مێژووی گشتیدا، هەندێک ڕاستی هەنو باسدەکرێن، کە سەر بە سەردەمی ڕابردوونو لەگەڵ ئێستادا پەیوەندییان براوە.

بەڵام لە مێژووی ئەدەبدا، هۆنراوەو پەخشان هەر کاریگەرنو زیندوون، چونکە توانای وروژاندنی بیرو سۆزیان هەیە.
مێژووی ئەدەبی هەر نەتەوەیەکیش لە کاتێک پەیدا دەبێت، کە ئەو نەتەوەیە سامانێکی ئەدەبی لا پەیدا ببێت، کە شایانی نووسینەوەو مێژوو بۆ دانان بێت.

مێژووی ئەدەب زانستێکە باس لە چۆنیەتی زمانو ئەو هۆنراوەو پەخشانە جوانانە دەکات کە بۆمان بەجێماون، بەرزیو نزمییان دەردەخات، لە کاروبارو ژیانی هۆزانڤانو نووسەرو ئەدیبانیش دەدەوێت و بەرهەمەکانیشیان هەڵدەسەنگێنێت.

ڕەخنەی ئەدەبی:

دیارە هەر لەو دەمەی خەڵک گوێیان لە هۆنراوەی شاعیران یا وتارو شتی تری ئەدەبی بووە، هەندێکیان بیروڕای خۆیانیان دەربڕیوە، ستایشی بەرهەمەکانیان کردووە، یانیش کەمو کورتییان پیشانداون، کە ئەوەیان یەکەم شێوەی ڕەخنەی ئەدەبی بووە، لە پاشان وردە وردە پەرەی پێدراوەو پێشکەوتووە، تا وایلێهاتووە ببێتە خاوەنی چەند ڕێو شوێنێکی تایبەتی بە شێوەیەکی وا، کە لە دواییدا بووبێتە هونەرێکی نایابی سەربەخۆی ئەدەبی.

دیارە هەر لەگەڵ پەیدا بوونی ئەدەبدا، ڕەخنە پەیدا بووە و هاوشانبوون، چونکە شاعیرو هۆزانڤانە کۆنەکانی نەتەوەکان هەر خۆشیان ڕەخنەگر بوون، بۆ نمونە (ئەرستۆڤان) یەکەم ڕەخنەگری یۆنانی، شاعیر بووەو شانۆنامەیەکی دووردورودرێژی بە ناوی (بۆقەکان) نووسیوە و تەرخانیکردووە بۆ ڕەخنەگرتن لە هەر سێ شاعیری تراژیدی یۆنان (سۆفۆکلیس)و (یۆروپیدس)و (ئەسیخیلۆس)، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین، کە ڕەخنەگرانی بەرایی شاعیر بوونە.

سەرەتای ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەمی زایینیو لەم بوارەدا (ئەحمەدی خانی) پێشەنگ بووە، هەروەها (حاجی قادری کۆی) لە ڕەخنەدا جێ پەنجەی دیارە. ڕەخنەی ئەدەبیش لەو بنەما هونەری و بیریانە دەکۆڵێتەوە، کە دەقی ئەدەبیان لێ بنیاتدەنرێت و بە شێوەیەکی زانستیانە لە بەرهەمی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە.

دابەشکردنی ئەدەب:

ئەدەب دابەشدەکرێت بۆ هۆنراوە و پەخشان.

یەکەم: هۆنراوە ئەو ئاخەوتن و نووسینەیە، کە بیر و ئەندێشەی تێدایە و سۆز دەجوڵێنێ و واتایەکی هەیە.

دووەم: پەخشان ئەو ئاخافتنو گوتراوەیە، کە کێشو سەروا بەربەستی ناکات، بەڵکو تەنیا هەر بە نووسین بەربەست دەبێتو زیاتر پشت بە بیرکردنەوەی وردەوە دەبەستێت.

جۆر و مەبەستەکانی هۆنراوە :

زانیمان کە هۆنراوە کۆنترین جۆری ئەدەبە و ئەگەر لێکۆڵینەوە لە بەرهەمی ئەدەبی جیهان بکەین، دەبینین کۆنترین پاشماوەی ئەدەبی مرۆڤ هۆنراوەیە، ئەوەتا لە یۆناندا هۆنراوەکانی (هۆمیرۆس) دەکەونە پێش هەموو جۆرەکانی ئەدەب. لە ئەدەبی عەرەبیشدا بەر لە هاتنی ئیسلام، هۆنراوە لە کۆڕو کۆمەڵەکاندا گوتراوە، لە کاتێکدا پەخشان زۆر دەگمەنو کەمبووە. ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی کوردیدا ئاشکراترە، چونکە هۆنراوەکانی (بابا تاهیری هەمەدانی٩٣٧ - ١٠١٠) کۆنترین بەرهەمی ئەدەبی کوردیمانن، کە تا ئێستا مابێتەوە، پەخشانی کوردیش زۆر دوای ئەمە پەیدا بووە.

گرنگترین جۆرەکانی هۆنراوە:

١. هۆنراوەی گۆرانی:

ئەم جۆرەیان زمانی ویژدانەو شان بەشانی گۆرانی ڕۆیشتووە، دیارە گۆرانیی و لەلای هەموو نەتەوەیەک باوەو کەس لێی بێبەش نییە، بۆ نموونە نالی دەڵێ:

چاوی من دەم دەم دەڕێژێ ئاوی سافو خوێنی گەش
تا بڵێن دەریای عومانە دوڕو مەرجانی هەیە

(بۆ لەبەرکردنە)

٢. هۆنراوەی شانۆیی

ئەم جۆرە وەکو دەمەتەقێی نێوان دوو کەسی لێدێتو دیمەنێکی بینراویشی لەگەڵدا دەبێت، چونکە هۆنراوەی سەر شانۆیە، هۆنراوەی شانۆیش دوو جۆرە، بەزمەسات (کومیدیا)و کارەسات (تراژیدیا). نموونەشی لە ئەدەبی کوردیدا ئەم هۆنراوەی هەژاری موکریانییە:

• مام بایز ڕۆژباش
– (علیک السلام)
• ئەمە یانی چی؟
– جیرانی مەلام
• ئەم دی دوێنێ و پێر
– بەخوا چوومە شار
• چیت فرۆشت بەخێر؟
– یەک دووبارە دار
• نرخەکەی چۆن بوو؟
– بۆتە چوار قیمەت.

(بۆ لەبەرکردنە)

٣. هۆنراوەی فێرکردن:

ئەم جۆرەیان سۆزو ئەندێشەی بێهێزەو دارشتنەکەی بەرز نییە، لەبەر ئەوە بە تەواوی ناکەوێتە بەر واتای هۆنراوەوە، هەر بۆ مەبەستی فێرکردن بەکاردێت، وەک ئەم هۆنراوەیەی (بێکەس)

شتێکی بێ خوێنو گیان
ئەفرێت، ئەچێتە ئاسمان
هەڵدەگرێ گەلێ ئینسان
دوو باڵی پێوەیە جوان
ناویان ناوە تەیارە
زۆر مەحکەمو بەکارە
لە شەڕا مسیبەتە
لە ئاشتییا نیعمەتە
لە سایەی حیرفەتو فەن
شتی وا دروست ئەکەن

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

مەبەستەکانی هۆنراوەی کوردی

١. نیشتمانپەروەری:

یەکێکە لە گرنگترین مەبەستەکانی هۆنراوەی کوردی، ئەم جۆرەیان لەگەڵ سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی‌و نیشتمانپەروەری پەیدا بووە، ڕابەری ئەم مەبەستە (ئەحمەدی خانی) و ئینجا (حاجی قادری کۆیی) و شاعیرانی ترن. ئەم جۆرە هۆنراوانە سۆزێکی نەتەوە پەروەری و نیشتمانپەروەری دەخەنە دڵو دەروونی وەرگرەوە.

خانی لە پێشەکی مەمو زیندا دەڵێت:

قەت مومکنە ئەڤ ژ چەرخی لەولەب
تالیـــع ب بتن ژ بۆ مە کەوکـەب؟
بەختـــێ مە ژ بۆ مەڕا ببت یــــار
جــارەک ب بتن ژ خابی هشیــار
ڕابــت ژ مە ژی جـــهان پەنـاهــەک
پەیــدا ب بتن مـە پادشــاهــەک
ئیــدی هونەرا مە بێتـــــە دانین
قـەدری قەلەما مـە بێتـــــە زانین

(دوو دێر بۆ لەبەرکردنە)

٢. دڵداری:

یەکێکە لە مەبەستە هەرە بڵندو جوانەکانی هۆنراوەی کوردیو لوتکەی هەستی مرۆڤ بەرامبەر بە خۆشەویستەکەی پیشاندەدات نمونەشی ئەم هۆنراوەیەی تایەر بەگی جافە:

تـــــا بەکەی قوربان بناڵم من بە ئێشو دەردەوە
دەس بە ئەژنۆ قوڕ بەسەر دایم بە ڕەنگی زەردەوە
ڕۆژی ئەوەل بوو کە زانیــــــم من ئەبێ دێوانە بم
عاشقـــی تۆ نەوعی مەجنوون وا بە کێوو هەردەوە

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

٣. شانازیکردن:

ئەم جۆرەیان پەیوەستە بە شانازیکردنی شاعیر بەخۆی و وڵات و دەوروبەری. وەک ئەم نمونەی (حاجی قادری کۆیی):

لە گاوانو شوانی کوردەکـــــان یەک
بەسە، بۆ لەشکری سەد کـەرە لەک
فیدای گاوانو شوانتان حاتەمی تەی
بە قوربانی سەپانتان ئالی بەرەمەک
مریشـــــکی ئێوە صەییادی شەهێنە
لەکن عەنقا فروجە حاجی لەقـــــلەق

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

٤. لاوانەوە:

ئـەم جـۆرە هۆنراوەیـە تایبەتـە بـە باسـکردنی لـە دەسـتدانی ئازیزان و کۆستکەوتن. (پیرەمێرد) لـە لاوانـەوەی بۆ (مسـتەفا خۆشـناو) و (محمـد قودسـی)، کـە دوو لـە چـوار ئەفسـەرە شـەهیدەکەی سـاڵی (١٩٤٧ز) بـوون. دەڵێـت:

دیسان وا کۆستی نوێمان کەوتەوە
گەڕی گەردوونە کوردی گـــــرتەوە
ئەم دوو دار تەرمە دوو نەڕە شێرە
زنجیریان پچڕان گەینەوە ئێـــــرە
لەڕێی ئێمەدا گیانیان فیداکـــــرد
ناوی بڵندیان وا بۆخۆیان بـــــرد
ئەو پەتەی لە ملی ئەمانە خـــــرا
ئەوانی خنکان بەڵام پەت پچـــــڕا

(دوو دێر بۆ لەبەرکردنە)

٥. داشۆرین:

بـۆ مەبەسـتی نزمکـردن و دەرخسـتنی خـەوش و لایەنـی کەموکوڕییـە، نمونـەی هۆنـراوەی داشـۆرین، ئـەم پارچەیـەی شـێخ ڕەزای تاڵەبانییـە.

هەزار ئەفسونو جادووی پێوە ئاوێزانە ئەم ڕیشـــــە
عیلاجی گەر ببـــێ یا گوزە یا گوێزانە ئەم ڕیشـــــە
بە تەحریکی تەلێکی سەد هەزار نەفسی بە کوشتن دا
ڕەئیسی حیلەکاران، شای قومار بازانە ئەم ڕیشـــــە

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

٦. وەسف:

مەبەست لێی وەسفکردنی سروشتو مرۆڤ و شتی جوانە، لەم لایەوە دەتوانین بڵێین هۆنراوە هەر هەمووی وەسفە، بەڵام لە هۆنراوەی کوردیدا ئەم مەبەستە زیاتر بەلای وەسفکردنی سروشتی جوانی کوردستاندا دەشکێتەوە، بۆ نمونە (مەولەوی) لە وەسفی بەهاردا دەڵێ:

نـــــــــازک تەدارەک فەسلی وەهاران
زەریف ئارایش هەردەو کۆهســـــاران
گوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشـــان
وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشـــان

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
زەریف ئارایش	:	جوان ڕازاوەتەوە
چون	:	وەکو
وەفراوان	:	بەفراوان ، بەفراو
دیدەی من	:	چاوی من

فۆلكلۆر چییە؟

وشەی فۆلكلۆر:

فۆلكلۆر وشەیەكی لێكدراوە لە هەر دوو وشەی (folk)بە مانای خەڵك یان گەل و (lore) بە مانای (چیرۆك، ژیری، هونەر، زانست) ی ئینگلیزییەوە هاتووە، واتە سامان یا كەلەپوری خەڵك، بەم پێیە فۆلكلۆر بە هەموو ئەو سامانو كەلەپورە كۆنانە دەڵێن، كە بەدرێژایی مێژوو دەستكردو بەرهەمی خەڵك بوونو ماونەتەوە، وەك: پاشماوەكانی جلوبەرگی میللی كۆنو ئێستا، ڕایەخو هۆیەكانی تێدا خواردن (قاپ، كاسە، كەوچك... هتد)و گەلێك چەشنی پیشەسازیو نەقشو نیگارو جۆری خواردەمەنیو زۆر شتی تر، كە شەقلی تایبەتی كۆنی میللەتێك لە بەرهەمێكی دەستكرد یا بەرهەمی بیریدا بهێڵێتەوە.

هەندێك جار لەناو فۆلكلۆردا بەشی بیر، یا بەشی ئەدەب جیا دەكەنەوەو پێی دەڵێن (بەرهەمی ئەدەبی فۆلكلۆری) ئەو بەرهەمەش ئەوەیە، كە بەسەر زارەوەیە، دەماودەمو پشتاوپشت، كوڕ لە باوكەوە، منداڵ لە دایكەوە دەیبیستێتو دەمێنێتەوە، لەبەر ئەمە ئەدەبی فۆلكلۆر بە بەرهەمی تاقە كەسێك دانانرێت، بەڵكو دەدرێتە پاڵ هەموو میللەت، فۆلكلۆر بەرهەمێكە، كە هەموو گەل خولقاندوویەتی، بەرهەمی فۆلكلۆری، شێوەیەكی سادەی وای هەیە كە هەموو گەل تێیبگاتو شەقلی تایبەتی ئەو گەلە یان ئەو زەمانو دەورەی خۆی پێوەیە.

گرنگترین جۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی

١. ئەفسانە:

ئەفسانە بەرهەمی ئەو کاتەیە، کە مرۆڤ بێدەسەلات بووەو ڕووبەڕووی سروشت وەستاوە، بەرهەمی سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتییە، خەیاڵ بەشێوەیەکی فراوان باڵا دەستە.

٢. هەقایەت:

هەقایەت یا سەرگوزەشتە: بەشێکی گەورەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییە و بەرەو پێشچوونێکی ئەفسانەیە، لە ڕووی ڕوخسارو دارشتنەوە لەو دەچێت، بەڵام کەرستەی ئەفسانە زیاتر نوقمی خەیاڵ بووە، کەچی کەرەستەی هەقایەت لە ژیانەوە وەردەگیرێت.

٣. گۆرانی:

لە سەردەمێکی زۆر کۆنی ژیانی مرۆڤایەتییەوە پەیدابووە، لە بارەی هۆکاری پەیدابوونی ئەم جۆرە فۆلکلۆرەوە دوو بۆچوون هەیە:

بۆچونی یەکەم هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئیشی هەرەوەزیو کاری بە کۆمەڵی مرۆڤ. لە گۆرانی ئیشکردنیشدا وشەو ئاوازو دەنگ، لەگەڵ بزووتنەوەی ئەندامەکانی لەشدا تێکەڵ دەبنو چاکترین نمونەش گۆرانی درویێنەکردنە.

بۆچونی دووەم، دەیگەڕێنێتەوە بۆ لایەنی ئایینیو دەڵێت گۆرانی ئایینی کۆنترین جۆری گۆرانییە.

٤. گاڵتەو گەپ:

هەمیشە لەشێوەی چیرۆکێکی کورتدا دادەڕێژرێت، مەرج نییە قارەمانەکانی ئەم چیرۆکانە مرۆڤ بن، زۆرجار لەسەر زمانی (ئاژەڵو باڵندە) دەیگێڕنەوە. قارەمانی گاڵتەو گەپ، کەسێکی ڕاستەقینەی قسەخۆشو نوکتەبێژە، نمونەی ئەم جۆرە ئەدەبە فۆلکلۆرییەش چیرۆکەکانی (مەلای مەشور) ە.

٥. مەتەڵ:

مەتەڵ زیاتر بۆ کات بەسەربردن بەکاردێت، بەرهەمی سەرزاری خەڵکە، بەشێوەیەکی نادیارو تەماوی دەردەبڕێت، مەبەستەکەشی پێویستی بە ڕامانو بیرکردنەوەیە.

٦. یاری:

بریتییە لە پیشاندانی توانا و هێز و لێهاتوویی بەرامبەر کردارێک لە نێوان دوو کەس یان دوو لایەن ...هتد زیاتر بەمەبەستی بردنەوەو دۆڕاندن ئەنجامدەدرێت.

٧. داستان:

داستان بەرهەمێکە لە چیرۆک دەچێت، سەرگوزەشتەیەکی ڕوداو یان ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی داستان:

١. چیرۆکی داستان گەلێک ڕووداوی ترسناکو سامناکی وای تێدایە، کە بەزۆری لە پاڵەوانێکی ناودار دەدوێت.

٢. زمانی چیرۆکی داستان، پتەوو بەهێزو شێواز جوانە.

٣. بەشی زۆری ڕوداو و بەسەرهاتەکانی ناو داستان، دەگمەنو نا ئاساپین، کەسانی ناو داستانیش پاڵەوانی مەزنو بناڤ و دەنگن، جاری وا دەبێت هەندێک لە خواوەندەکان دەبنە پاڵەوانی داستانەکان.

مێژووی داستان لە جیهاندا:

ئەگەر لەمێژووی داستانی جیهانی بدوێین پێویستە لە کۆنترین داستانەوە دەست پێبکەین کە تا ئێستا بەدەستمان گەیشتووە، ئینجا وردە وردە بە مێژوودا هەڵگەڕێین، تا دەگەینە سەردەمە تازەکان بەم جۆرە:

١. داستانی سۆمەری:

سۆمەرییەکان لە سێ هەزار ساڵەی پێش زایین بەولاوە لە خوارووی عیراقدا ژیاون و خاوەن شارستانییەت بوون، لەبەر ئەوە کەلەپورو میراتێکی زۆریان لەدوای خۆیاندا بەجێهیشتووە، پشکنینو گەڕان بەدوای پاشماوەکانیان، بووە هۆی دۆزینەوەی گەلێک داستانی سۆمەری، شلۆڤەکردنی جۆری نووسین لای سۆمەرییەکان سەرەتایەک بوو بۆ زانینی نهێنییەکانی ئەو داستانانەو بوو بە دەستپێک بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی داستانی جیهانی.

داستانی سۆمەری زیاتر لەشێوەی ئەفسانە دایە، قارەمانانی بەزۆری خواوەندەکانی سۆمەر بوون، وەک: (ئینلیلو ئانکیو ئۆتۆو دەموزی).

داستانی (گەلگامێش) یەکێکە لە بەناوبانگترین داستانێن سۆمەری، لەودا گەلگامێش بەدوای (نەمری)دا دەگەڕێت، کە یەکێکە لە سیفەتی خواوەندەکان، بەڵام ئەوەی ئەم داستانە لە داستانەکانی تری سۆمەریەکان جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە پاڵەوانی داستانەکە خواوەندێکی تەواو نەبووە، هەر لەبەر ئەوەشە بەدوای نەمریدا گەڕاوە، کە خواوەندەکان هەیان بووەو گەلێک قارەمانیو ئازایەتی لە پێناو ئەم مەبەستەدا نواندووە، بەڵام بە ئاکام نەگەیشتووە.

٢. داستانی گریگی یان یۆنانی:

کۆنترین نمونەی داستانی یۆنانی، (ئەلیادە) و (ئۆدیسا) ی هۆمیرۆسن، کە کۆنترین جۆری هۆنراوەن تا ئێستا گەیشتبێتە دەستمان و لە سەدەکانی نۆیەم و هەشتەمی پێش زاین نووسراون.

ئەلیادە باس لە ڕوداوەکانی ساڵی یەکەمی ئەو جەنگە خوێناوییە دەکات، کە لە نێوان گریکو تەڕوادەدا ڕوویداوەو دە ساڵی خایاندووە.

بە قسەی بێری (Bury)ی مێژوونووس، ڕوداوەکان دەبێت لە (١٩٩٠) پێش زایین ڕوویاندابێت، تەڕوادەو گریگ هەر لە کۆنەوە دژومنایەتیو دووبەرەکییان لە نێوان هەبووە، وا ڕێککەوت، کە پادشای تەڕوادە، (هێلین)ی ژنی پاشای ئەسپارتەی ڕفاندو ئەویش هانای بردە بەر گریگەکان، تەڕوادەکانیش داوای یارمەتییان لە میرەکانی

ئاسیای بچوک کرد، لەبەر ئەوە ماوەی دە ساڵ جەنگێکی خوێناوی لە نێوانیاندا ڕوویداو ئەنجامەکەشی خۆ بەدەستەوەدانی تەڕوادە بوو، پاڵەوانانی ئەم داستانە هەموویان مرۆڤی ئاسایی نەبوون، هەندێکیان نیمچە خواوەند بوونو ئەوانی تر خواوەندی ڕاستەقینە.

داستانی دووەمی هۆمیرۆس، کە (ئۆدیسا) یە، باس لە بەسەرهاتی یەک لە پاڵەوانەکانی گریگ دەکات کە ناوی (ئۆدیسیۆس) بوو، پاش خۆ بەدەستەوەدانی تەڕوادە، ئەڤ پاڵەوانە ڕێز لە دڵسۆزیو میهرەبانی (بنۆلۆپیا)ی خێزانی دەنێت، کە چۆن پاش چەند ساڵی بێ سەرو شوێن بوونی ئودیسیۆسی مێردی، هەر لەسەر دڵسۆزی خۆی مایەوە تا هاتەوە.

٣. داستانی هیندی:

هیندستان، وڵاتی ئەفسانەو داستانە، بۆیە لە ڕێڕەوی مێژووی داستانی جیهاندا، ئەم وڵاتە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین لەو وڵاتەدا دوو داستان دهێنە دیتن، (مەهابەهاراتا) و (ڕامایانا). ئەم دوو داستانە چونکە لە کاتێکی درەنگدا پەیدا بوون، بۆیە شەقڵی تاکە کەسییان پێوە دیارە.

داستانی (مەها بەهاراتا)، کە لەلایەن (ویاس) دانراوە، باس لەو جەنگە درێژ خایەنە دەکات، کە لە نێوان خواوەندەکانو خێڵی (ئاسۆرا)دا ڕوویدا، هەر لایەنێکیش سەرکردەو پێشەوای خۆی هەبوو، سەرکردەی ئاسۆرا کە ناوی (سۆکەر ئەچاریا) بوو، توانای زیندووکردنەوەی کوژراوانی جەنگی هەبوو، بۆیە خواوەندەکان زۆری لێدەترسانو هەوڵی ئەوەیان دەدا کە بیکەن بە دۆستی

خۆیان، داستانەکە پڕە لە باسی شەڕو شۆڕو پیلان گێڕان، هەر لەو داستانەداو لە زمانی (ویاس) هەندێک پەندو ئامۆژگاری دەگێڕنەوە وەک (هەر کەسێک بەرامبەر بە دوژمنکاریو دەستدرێژی دراوسێکەی، دان بەخۆیدا بگرێتو لێیخۆش بێت، ئەوا هەموو خەڵکی ئەم دنیایە دەکاتە بەندەو کۆیلەی خۆی).

٤. داستانی ڕۆمانی:

بە ناوبانگترین داستانی ڕۆمانی، داستانی ئەنیادەیە، کە (ڤێرجیل)ی شاعیری بەرزی ڕۆمانی دایناوە، سەردەمی دانانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی پێش زایین، باس لە (ئینیاس) ی پاڵەوانی تەڕوادە دەکات، کە چۆن لەگەڵ گریکەکان کەوتووەتە جەنگو دوای خۆ بە دەستەوەدانی (تەڕوادە) باوکە پیرەکەی لە کۆڵی دەکاتو شارانو وڵاتانی پێدەگەڕێت تا بارو بارخانەی لە ئیتاڵیادا دەخاتو گوایە (دۆمۆلۆس)ی دامەزرێنەری شاری ڕۆما نەوەی ئەو بووە.

٥. داستانی ئێرانی:

بەناوبانگترین داستانی ئێرانی، داستانی (شانامە) یە، شانامە شاکاری شاعیری بەناوبانگی ئێرانی (فیردەوسی) یە، دانانی داستانەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (دەیەم) ی زایینی، داستانەکە (شێست هەزار) دێرە هۆنراویە، باس لە مێژووی کۆنی ئێران دەکات، تا سەردەمی ئیسلامی لە سەدەی حەفتەمی زاییندا، ئەم داستانە بە گەورەترین سەرچاوەی زمانی فارسی دەهێتە دانان، باس لەو جەنگو

شــەڕو شـۆڕانە دەکات، کـە ئێرانیانـی کـۆن لـە سـەردەمی ساسـانیو غەزنەوییەکانـدا لەگـەڵ دوژمنەکانـی خۆیانـدا بەرپایانکـردووە، تـا هاتنـی ئایینـی ئیسـلام، کـە تیایـدا بـە گیانێکـی نیشـتمانپەروەریو نەتـەوە خوازییەوە، قارەمانیەتیو ئازایەتی جەنگاوەرانی ئێران دەگێڕێتەوە، وەک ڕۆسـتەمی زاڵو سـوهرابو زۆرانـی تـر، ئـەم داسـتانە سـەرچاوەیەکی گرنگـە بـۆ زانینـی مێـژووی کۆنـی ئێـران.

جگـە لـەو داسـتانە بنـاو و دەنگانـەی باسـمانکردن، ژمارەیـەک داسـتانی تازەتـر هـەن کـە دەگەڕێنـەوە بـۆ سـەدەکانی ناوەڕاسـت، وەک داستانی (سرودی تاریکی) کە داستانێکی کۆنی ئەڵمانییەو باس لە کارو کـردەوەی هـۆزە ئەڵمانییـەکان دەکات لـە سـەردەمی کۆنـدا، هۆنراوەکانـی ئـەم داسـتانە لەسـەدەی (دوازدەهـەم) ی زایینـدا کۆکرانـەوە، هەروەهـا داسـتانی (کۆمیدیـا)ی (دانتـی)، شـاعیری گـەورەی ئیتاڵیـا لـە سـەدەی چوارەمـی زایینـی، کـە یەکێکـە لـە شـاکارە ئەدەبییەکانـی سـەدەکانی ناوەڕاسـت.

داسـتان دیاردەیەکی مێژووییـە، لەبـەر ئـەوە لای هەمـوو میللەتـان وەک یـەک پـەرە ناسـێنێت، بەڵکـو لـە گەشـەکردنو پەرەسـەندنیاندا جیاوازی هەیـە، هـەر ئەمـەش وا دەکات، کە لـە داسـتانی کوردیدا هەندێک دیمـەن هەبن، کـە لەگـەڵ داسـتانی میللەتانـی تـردا یەکـی بخـات، هەروەهـا هەندێـک دیمەنـی تـری تێدا بێـت کـە لـەو داسـتانانەی جیـا بکاتـەوە.

داستانی ڕۆژهەڵات:

لەناو میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا گەلێک داستانی هاوبەش هەن، ئەو داستانانە هاوبەشن چونکە:

١. بە چەند زمانێکی ڕۆژهەڵاتی هەن.

٢. لەناو چەند میللەتێکداو بەشێوەی جیاواز دێنە گێڕانەوە.

٣. هیچ یەک لە میللەتانی ڕۆژهەڵات ناتوانن بیانکەن بە مولکی تایبەتی خۆیان، با ڕووداوەکانی ناو داستانەکەش لە وڵاتی ئەو میللەتەدا ڕوویان دابێتو ناوی قارەمانەکانیشی سەر بەو میللەتە بن.

٤. لەناو هەر میللەتێکی ڕۆژهەڵاتدا، داستان مۆرکو شەقڵی ئەو میللەتەی پێوە دیارە کە دەیگێڕنەوە. بۆ نمونە داستانی (لەیلاو مەجنون)، شوێنەوارو ناوی سەر بەخاکو زمانی عەرەبن، بناغەکەشی هەر ئەو چیرۆکە فۆلکلۆریە عەرەبییەیە، کە لەناو عەرەبدا لەبارەی خۆشەویستی (لەیلا)و (قەیس)ەوە دەیگێڕنەوە، بەڵام ئەم داستانە لەناو کوردو فارسو ئازەرو گەلێک میللەتی دیکەی ڕۆژهەڵاتی باوەو بە جۆری جیا جیا دەیگێڕنەوە.

هەروەها داستانی (شیرینو فەرهاد) یا (شیرینو خەسرەو)، شوێنەوارەکەی لە کێوی (بێستون)ی خاکی کوردستانی ئێرانە، ناوی قارەمانەکانی کوردییە، بەڵام لە پاڵ کوردیدا، بە فارسیو بە تورکیو بە چەند زمانێکی تریش دهێتە ڤەگێڕان.

هەر بەم جۆرەش، چیرۆکەکانی ناو داستانی (شانامە)ی فیردەوسی و باسی قارەمانەکانی ئەو داستانەش، بەر لە دارشتنەوەکەی فیردەوسی لەناو میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا بڵاوبوون، ئەوەندە هەیە فیردەوسی سەر لە نوێ لەشێوەی داستانی هۆنراوەدا دایرشتوەتەوەو گیانێکی فارسی پێبەخشیوە.

له فۆلكلۆرەوە بۆ نووسین:

داسـتانەکان لـە سـەرەتادا بەرهەمـی فۆلکلۆریـن و لەلایـەن خەڵکەوە بـە سـەر زاری گێردراونەتـەوە و باسـکراون، لـە دوایدا لەلایـەن شـاعیر و نووسـەران بـە دەسـتکاری و چێژێکـی زۆرەوە تۆمارکـراون. بـۆ نمونـە:

١. داسـتانی (لەیـلاو مەجنـون) ب زمانێـن فارسـیو تورکـیو کـوردیو عەرەبی چەند جارەکو ژ لایێ چەند شـاعیرەکی سـەر بە چەند سـەدەو سـەردەمەکی ڤە هاتییە نڤیسـاندن، نیزامـی گەنجـەوی بـە فارسـی، فزولـی بەغـدادی بـە تورکـی، حارسـی بەتلیسـی بـە کـوردیو ئەحمـەد شـەوقی بـە عەرەبی نووسـیویانە.

٢. داسـتانا (شـیرینو فەرهـاد) یـان (شـیرینو خەسـرەو) ژی، بـە چەنـد زمانێکو چەنـد جارێکو لەلایـەن چەنـد شـاعیرێکەوە، لـە چەنـد سـەدەو سـەردەمێکی جیـاوازدا نووسـراوەتەوە، نیزامـی گەنجـەوی بـە فارسـی، ئەمیر خەسـرەوی دەلهـەویو خانـای قوبـادی بـە کوردی، نـازم حیکمەتیـش لـە سـەدەی بیسـتەمدا بـە تورکـی.

ژ بلـی هاوبەشـیەتی لـە داسـتاندا، وەرگێڕانیـش هەیـە، کـە بریتییـە لـەوەی کـە ئـەو داسـتانەی بـە یەکێـک لـە زمانەکانـی ڕۆژهـەڵات نوسراوەتەوە، شاعیرانی میللەتانی تری ڕۆژهەڵات، داستانە نووسراوەکە وەک خـۆی وەردەگێڕنـە سـەر زمانـی خۆیـانو بـەم جـۆرە داسـتانەکە وای لێدێت، کـە بـە چەنـد زمانێک بهێتـە گێڕانـەوە، مۆرکو شـەقڵی ئـەو میللەتە وەرناگرێت کە وەریان گێڕاوەتە سەر زمانەکەی.

ئەگـەر داسـتانی ڕۆژهـەڵات لـە ئەدەبیاتـی فۆلکلۆریـدا شـێوەی شـیعرو بابەتـی داسـتان یـا (بەیـت)ی کۆنیـان هەبووبێتو دوایـی بووبن

بـه داسـتانی نوسـراو، ئـەوا لـەم سـەدەیەدا هەموویـان دەسـتدەدەن بـۆ ئـەوەی ببنـە کەرەسـەی نووسـینی ڕۆمـان و شـانۆنامە (پیـەس)و سـیناریۆی تـازەی سـینەما، هەندێکیشـیان لـە قالبـی ئۆپێـرا یـان بالێـدا گەیشـتنە سـەر شـانۆ گەورەکانـی جیهـان.

وەرزی دووەم

داستانی کوردی

ئەگەر لەداستانی ڕۆژهەڵاتەوە بێینە سەر داستانی کوردی، دەبینین گەلێک داستانی هاوبەشمان لەگەڵ میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا هەیەو گەلێک داستانیشمان هەیە کە بەشی کورد نەبێت، بەشی میللەتی تری پێوە نییە. واتە ئەگەر داستانەکە لەسەرەتادا ڕاستەقینەو ڕووداو بێت، ئەوا لە کوردستاندا ڕوویداوەو قارەمانەکانی کوردن‌و هەر بە زمانی کوردیش دەگێڕرێتەوە یا نوسراوەو لەناو کورددا بڵاوە، نمونەی ئەمانە داستانی (مەمی ئالان یان مەم‌و زین، خەج‌و سیامەند، خانزادو لەشکری، دوانزە سوارەی مەریوان‌و گەنج خەلیل)و هتد...

بەشەکانی داستانی کوردی:

داستانی کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەکرێت بە دوو جۆر:

١. داستانی قارەمانی

٢. داستانی دڵداری

١. داستانی قارەمانی:

قارەمانیو ئازایی دوو وشەی خۆشەویستن لەناو کورددا، ڕەنگە هەر ژیانی پڕ لە ئازارو ناخۆشیو بەربەرەکانیو خەباتی چەندین سەدەی مێژووی کۆنو تازە وای لە کورد کردبێت، کە حەز بە ئازایی بکات، نرخ بە پیاوی مەردو لە خۆبردوو بدات، قارەمان لای ئەو جێگەیەکی بلندی هەبێت.

کە مردن هاتو خۆ لێپاراستنی نەبوو، مرۆڤ دەبێت بە ئازایی بمرێت، ئەم ڕاستییەی چەندین سەدە هەزاران جار هاتۆتەوە بەردەمی گەلێک ڕۆڵەی ئەو میللەتەو بەردەمی ئەو خەڵکەو وایکردووە کە ئەم ئازاییو لە خۆبوردنە ببێت بە بەشێک لە ژیانو لە خووڕەوشتی کورد، خۆ کە ئاوڕیشی داوەتەوەو چیای سەرکەشی لە پشت خۆیەوە بە پشتو پەنا دیوە، ترسی لە هیچ هێزێکی ترسێنەر نەماوە.

ئەم ڕاستییە، کە زۆرجار دووبارە بووەوە، وەک گوتمان دەبێت بە بەشێک لە ژیانو خووڕەوشت و بە یەکێک لە خاسیەتەکانی گەل، هەر لەبەر ئەوەش، کە ئەدەبیات فۆلکلۆر یان نووسراو بێت، ئاوێنەیەکی خاسیەتەکانی گەلن، لەبەر ئەوە تەواو ئەم ئازاییو قارەمانییە لە هەردوو ئەدەبیاتەکەدا (بەتایبەتی لە فۆلکلۆردا) ڕەنگیداوەتەوەو ئەو شێوەیەی وەرگرتووە، کە لێرەدا ناوی دەنێین (داستان)و لە پلەیەکی بەرەو ژووری خوێندندا دابەشیدەکەین بەسەر ئەو چەشنانەی داستاندا، کە لە ئەدەبیاتی گەلانی تردا هەنو لە هەر داستانێکی کوردیدا هەندێک دیمەنی یەکێک لەو چەشنانە دەبینین.

بەم جۆرە لەهەر ناوچەیەک چەند (لاوک و بەیت)ێک دێتە بەر گوێت، کە ناوی چەند پیاوی ئازاو بە مەردی شەهیدبوو، دەبنە سەر

ناو بۆی، بێجگە لەو هەموو داستانە کۆنانەی دەربارەی قارەمانانی خەیاڵی وەک (ڕۆستەمی زاڵو زۆرابو گیوو فەلامورز... هتد) لەناو کورد بڵاون، ناوی گەلێک قارەمانو شەهیدی ئەم چەند سەدەیەی دوایی سەر ناوی (لاوک)ی ئەم دواییەن بۆ نمونە:

(سوارۆ و خانزاد، شەریف هەمەوەند، عەزیزو تەکش دەچنە پاڵ (گەنج خەلیل و حاجی سادقی برۆ و ئەمینی پەریخان و خەلیل خۆشەوی و کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند. لەلاوکی ئەم سەدەیەدا ناوی (شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمود و قازی محەمەد و مەلا مستەفای بارزانی) دەدرەوشێتەوە.

هەر وەک دیمەنی قارەمانو ئازایی تاقە کەسێک لە داستانی کوردیدا دیارەو ئەو کەسانە کوڕی میللەتنو وێنەی پیاوی نەبەردی ئەو نەتەوەن.

هەروەها گەلێک داستان هەن، ئازاییو بە جەرگیو قوربانی دانی بە کۆمەڵی خەڵک پیشاندەدەن، لە گەلێک داستاندا میللەت خۆی دیارەو تەواوی ئەم ڕاستییە ئەوەت بۆ دەردەخات، کە گەل خۆی مێژووی خۆی دەنووسێتو خۆی مێژووی سەرکەوتن نەخشە دەکێشێت.

بەربەرەکانی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە دوژمنانی، لە هەندێک داستاندا دیارە، لە داستانی (قەڵای دمدم)دا هەر چەندە (خانی لەپ زێڕین) بوو بە قارەمانی ئەو داستانە، بەڵام بەربەرەکانی هەموو خەڵکو هەموو جەنگاوەرانی ناو قەڵاکە بوون بەدێری هەڵبەستی ئەو داستانە. داستانی (دوانزە سوارەی مەریوان)یش هەروەک (قەڵای دمدم) وایە، ئەم قارەمانیەتیانە بە زۆری لە داستانی فۆلکلۆردا دەبینین.

بەڵام هەندێکیان هەر لەسەردەمی خۆیان بوون بە داستانی فۆلکلۆرو لە شیعری نووسراویشدا ڕەنگیان داوەتەوە، بۆ نمونە: ئازایی کوردان لە بەربەرەکانیی عوسمانییەکاندا لە پاڵ فۆلکلۆردا لە شیعری میللیی عەلی بەردەشانیدا بەتایبەتی لە بەیتی (ئەو ڕەحمان پاشای بەبە)دا دیارە، هەروەک ئەو بەربەرەکانییە لەزۆر هۆنراوەی (سالمی ساحێبقران)دا بەتایبەتی لە داستانی (عەزیز بەگی بابان)دا نەخشە کێشراوە، بێجگە لەمە باسی ئازاییو خۆ بەختکردن بووە بە بەشێکی گەورە لەهەموو ئەدەبیاتی کوردیدا، بەڵام هەموو ئەو بەرهەمانەی باسی ئازایی دەکەن (داستان)نین، بەڵکو لە جۆری ئەدەبی تریشدا، وەک هۆنراوەو چیرۆکو ڕۆمان وتاری ئەدەبی... هتد، ئازاییو قارەمانیو هەقپەرستیو نیشتمانپەروەریو خۆ بەختکردن ڕەنگیداوەتەوە.

نمونەیەک لە داستانی قارەمانی:

داستانی وامان هەن، کە قارەمانیەتی کۆمەڵو هەموو گەل پیشاندەدەن، ئەوەتا لە داستانی (سوارۆ)دا ئەم وێنەیە دیارە:

لەشکرێک هەڵستاوە لەشکری شام و شیرازان
پێشی دەشتە سەر عەسکەران دوایی ڕادەوەستان
لەسەر چۆمی کافورو ئارازان
دەپەڕیەوە بە حوکمی کەڵەکو گەمیان
کیژ دەڵێ دەستی منو دامێن بێ
زینان بەرنە کن سەراجان
شیران بەرنە کن شیرگەران
تفەنگان بەرنە کن چەخماخسازان

(دوو دێر بۆ لەبەرکردن)

٢. داستانی دڵداری:

شـاعیری گـەورەی کـورد ئەحمـەدی خانـی لـە (مـەمو زیـن)دا وەڵامـی ئـەم پرسـیارە دەداتـەوە، ئایا بۆچـی (مـەمو زین)ی نووسـیوە، یا بۆچ ئـەو داسـتانەی لەسـەر زاری خەڵکـەوە، هێنایـە نـاو دێری هەڵبەسـت، واتـە لـە داسـتانی فۆلکلۆرییـەوە، کـردی بـە شـابەرهەمی ئەدەبیاتـی نووسـراوی کـوردی.

خانـی لـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەدا چەنـد هۆیـەک پیشـاندەدات، یەکـێ لەوانـە ئەوەیـە، کـە دەڵێـت:

هەم ئەهلی نەزەر نەبێن کو کرمانـج
عەشقی نەکرن ژ بۆ خوە ئارمانـــج
تێکدا نە دتالبن نە مەتلـــــــوب
ڤێـکرا نە موحیبن ئەو نە مەحبــوب
بـێ بەهرەنە ئەو ژ عەشقبـــــازی
فاریـــغ ژ حەقیقیو مەجـــــازی
کرمـــانج نە پڕ دبێ کەمالـــــــن
ئەمـــــا د یەتیمو بێ مەجاڵـــــن
بیلجـــوملە نە جـاهیلو نەزانــــن
بەلکـی د ســــەفیلو بێ خودانـــن

(دوو دێر بۆ لەبەرکردن)

بەڵـێ، خانیـی مـەزن ڕاسـتیکردووەو گەلێـک باشـیکردووە، خانـی لێرەدا لـەوە دەچێت وەڵامـی ئـەو کەسـانە بداتـەوە، کـە دوژمنـی کوردنو بـە درێژایـی مێـژووی خەباتـی کـورد دەمـی پڕوپاگەندەیـان، لـە کـورد کردۆتـەوە، کوردیـان بـە خوێنڕێژ پیشـانداوەو وایـان خسـتۆتە بـەر چـاوی

خەڵک، کە گەلێکی دڕندە بێتو حەز بە خوێن ڕشتنو پیاو کوشتنو ناکۆکی بکاتو مانای یەک دڵیو خۆشەویستی نەزانێت.

خانی هەر وەک لە چەند دێڕێکی تری (مەمو زین)دا ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە کورد هەمیشە لە پێناوی پاراستنی خاکی خۆیدا کوژراوەو نەچۆتە سەر خاک وماڵی کەس، لێرەدا ئەوەشمان پیشاندەدات، کە کورد زۆر باش مانای خۆشەویستی دەزانن‌و زۆر خۆشەویشتیو دڵداری قوڵ و زۆر چیرۆکی دڵداری لە کوردستاندا ڕوویداوە.

ئەگەر تەماشەیەکی بەرهەمی داستانی کوردیی بکەین، ڕاستی ئەم قسەیەی خانیمان بۆ دەردەکەوێت، گۆرانیبێژی کورد لەگەڵ داستانی قارەمانیدا سەدان چیرۆکی دڵداریو خۆشەویستی و لەسۆزی دڵداریو لە بیری بەرزی ئینسانی باسدەکات. لە بەیتی دڵداریی کوردیدا، دەروونی پڕ جۆشو خواستی جوانو نیاز پاکی ژنو پیاوی کورد ڕەنگدەداتەوە.

داستانی دڵداری لە هەموو جیهاندا، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا، سۆزێکی تایبەتیو هەستێکی قوڵو ڕاستگۆیی تێدایە، بەڵام داستانی دڵداریی کوردی، سەرەڕای سۆزو هەستو خۆشەویستیو وەفاداریو ڕاستگۆیی، جۆرێک لە ئازایەتیو فیداکاریش دەردەخات، بەڵکو لە زۆربەی ئەو داستانانەدا وێنەی خۆ بەختکردن لە ڕێگەی عەشقی پاکدا ژوور هەموو وێنەیەک دەکەوێتو دڵدار وەک فیداکارو شەهید پیشاندەدرێت، ئەمە لە داستانی (خەجو سیامەند)و (مەمو زین)دا زۆر ئاشکرایە.

لە داستانی دڵداریی کوردیدا، گەلێک ڕوخساری کۆمەڵایەتیو

خوورەوشتی کوردیش بە جوانی ڕەنگدەداتەوە، تەنانەت هەستی قوولی زەحمەتکێشانو زۆرلێکراوان لەپشت پەردەی خۆشەویستی دڵدارییەوە دەبێتە هاواری نارەزاییو وەڕسی بەرامبەر بەو ڕەنجخۆرو زۆردارانەی خۆشەویستیشیان کردووە بە موڵکی دەستەی ڕەنجخۆرو دەیانەوێت پیرو هەژارو ڕەنجبەری لێ بێبەری بکەن.

لە داستانی دڵداریی کوردیدا، وێنەی پاکو ڕووی سورو ڕەنگینی ڕەنجبەران نەخشە دەکێشرێت.

بێگومان تا ئێستا بەشی زۆری داستانی کوردی (چ داستانی قارەمانیو چ داستانی دڵداری) تۆمار نەکراون، واتە هێشتا لە سنگی ئەو گۆرانیبێژانە دان، کە دەیانگێڕنەوەو هێشتا بە نووسراوەی چاپنەکراون، بەڵام هەر بە بیستن، لەو داستانە کەمانەدا، کە چاپکراون، دەتوانین ئەو دیمەنانەی سەرەوە ببینینو داستانی وەک (خەجو سیامەند، لاسو خەزال، بارامو گوڵەندام، مێر و وەفا، حەسۆو زلخ، کەریمو ستی، ناسرو ماڵ ماڵ ...هتد) بکەین بە نمونە.

لێرەدا دەتوانین چەند نمونەیەک لە داستانی کوردی بخەینە ڕوو، بیانکەین بە بەڵگەی ئەو هەنگاوانەی داستانی کوردی، واتە هەنگاونان لە ئەدەبی فۆلکلۆرەوە بۆ ئەدەبیاتی نووسراو، هەروەها لەو باسانەی لە بەشی بەرنامەو خوێندنەوەی چەند ساڵەتاندا، دەیانبینین دەتوانن بەڵگەو نمونەی تەواوی ئەو دیاردەیە ببینینو بەهۆی ئەوانەوە لە بەشێکی گرنگی بەرهەمی سەرزارو نووسراوی کوردی بگەن، کە داستانە.

شیرین و خەسرەو

داستانی شیرینو خەسرەو یەکێکە لەو داستانانەی کە لەناو گەلانی ڕۆژهەڵاتدا باوەو چەند شاعیرێک بە چەند زمانێکی ڕۆژهەڵاتی دایانڕشتووەو لە شێوەی فۆلکلۆرەوە دەرچووەو خراوەتە سەر شێوەی نووسین.

داستانەکە باس لە خۆشەویستییەکی بێوێنە دەکات، لە نێوان خەسرەوی کوڕی پەروێزی کوڕی نەوشێروانو شیرینی کچە شۆخی برازای (شەمیرا)ی شاژنی ناوچەی (مەهستان) لە دەوروبەری دەریاچەی (خەزەر). ئەو داستانە دڵدارییە ئەنجامێکی تراژیدییانەی ناخۆشی دەبێت، کە بە کوشتنی خەسرەوی پەروێز لەلایەن کوڕەکەی خۆی کۆتایی دێتو هەروەها بە خۆ کوشتنی شیرین بە کۆتا دەگات،

داستانەکە وێنەی خۆشەویستییەکی داوێن پاکانە دەخاتە ڕوو، هەر لە درێژەی چیرۆکەکەدا ناوی (فەرهاد)یش دێتە گۆڕێ، کە ئەویش دەکەوێتە داوی عیشقی شیرینەوە، هەر لە ئەنجامی ئەم عیشقو ئەڤینەوە مەرجی وای بەسەردا دەسەپێنن، کە لەتوانای مرۆڤدا نەبێت، وەک کونکردنی شاخی بێستون یا کێوی بێستون، کە دەکەوێتە ناوچەی قەسری شیرین لە کوردستانی ئێراندا.

ئەم داستانە بە زمانی کوردی- شێوەزاری گۆران- لە لایەن (خانای قوبادیو ئەمیر خەسرەوی دەلهەوی) نووسراوەتەوە، ئەم نمونەیە لەوەی خانای قوبادییە، کە شاکارێکی ئەدەبییەو بە (٥٥٢٦) دێر هۆنراوەتەوە.

شیرین جەی گوفتار دەروونش جۆشـــــا
چۆن بەحری قولزم جەقین خرۆشـــــا
پەنجەی ڕەنگین بەرد جەخیشم پەرویـــز
پارەکەرد یەخەش چون غونچەی نەوخێز
جە جامی نێرگز ئەو سیمین عـــــوزار
بەرگی سەمەن کەرد بەلالەی بەهـــــار
بە توندی بەخیشم واتش بە شاپـــوور
خوسرەو بێ شەرمەن هەم جە خودا دوور

(دوو دێر بۆلەبەرکردن)

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
جەی	:	ئەم، ل ئەڤ
گوفتار	:	گوتار، قسە، ئاخافتن
دەروونش	:	دەروونی، هەناوی، هناڤاوی، دەروووناو
جۆشا	:	هاتە جۆشان، کولا، کەلی
چون	:	وەکو
بەحری قولزم	:	دەریای سۆر
جەقین	:	لەڕق و کینە، ژ رقو کینەو بوغز
خرۆشا	:	هاتە خرۆشان
بەرد	:	برد، بر
جەخیشم	:	لەرقو تورەیی، ژ تورەیێ

پارەکەرد : پارچەی کرد، پارکر.

ئەو سیمین عوزار : غونجەی تازە هەڵچوو

ئەو ڕوخسار سیمین : ئەو دەمو چاوە سپییەی وەکو زیو (وەکی زیڤ)

سەمەن : یاسەمین

وەهار : بەهار

واتش : گوتی، وی گۆت

بێ شەرمەن : بێ شەرمە، هیچ شەرم ل نک وی نینە.

جە خودا درووور : لەخودا دوور، دویرە ژ خودێ.

یاوە : بەڵاڤە

گۆڕێ : مەیدان

داو : داڤ

شاخ : کێو، چیا

مەمو زین

مەمو زین لە جیهانی ئەدەبیاتی کوردیدا هەمیشە لەگەڵ ناوی (ئەحمەدی خانی ١٦٥٠ - ١٧٠٦)یەوە دێت، چونکە خانی ناوەرۆکی مەمو زینی لە (مەمی ئالان)ی فۆلکلۆری سەر زاری خەڵکەوە وەرگرتووە، پاش دەستکاریکردنی زۆری ناوەڕۆکەکەی.

خانی ڕووداوەکانی ناو داستانەکەی سەر لە نوێ بە زیاتر لە (٢٥٥٠) دێڕ هۆنراوە داڕشتووەتەوە، کە دەتوانین بیکەین بە سێ بەش:

١. دیباجە، کە (١٨٨) بەیتە شیعرە، کە تیایدا باسی ئایینو فەلسەفەو تەسەوفو مەدحی پێغەمبەر دەکات، لەمانەش (١٧٣) بەیتی لەبارەی کوردایەتیو هۆی دانانی پەرتوکەکەیەتی بە زمانی کوردیو ئاشناکردنی خوێنەرە بە داستانەکە.

٢. ناوەرۆکی چیرۆکەکە، کە تیایدا باسی چیرۆکی ئەڤینی دەکاتو ڕووداوەکانی بە (١٩٤٨) بەیتە شیعر دەگێڕتەوە.

٣. کۆتایی کە بریتییە لە (٢٤٦) بەیت.

ئەدگار و خاسیەتەکانی مەم و زینی خانی :

١. وشەو پەیڤی بێگانەی بەتایبەتی (عەرەبی) زۆر تێدایە، کە ئەگەر خانی بیویستبایە دەیتوانی وشەی ڕەسەنی کوردی لە باتی زۆربەیان بەکاربهێنێت.

٢. زۆر پەیڤو وشەی لە بن زارەکانی تری کرمانجی سەروو تێدایە، کە وا دیارە خانی شارەزای هەموو لقە شێوەکانی کرمانجی سەروو بووەو سودیشی لە هەموویان وەرگرتووە، ئەمەش یەکیەتی زمانی ئەدەبی کرمانجی سەروو دەنوێنێت.

٣. مەمو زینی بە زمانێکی سادەو ئاسانو ڕەوان نووسیوە، تەنانەت ئەو خوێنەرەی، کە بە کرمانجی خوارووش دەدوێت، لێیتێدەگات، ئەمەش دەسەڵاتی ئەحمەدی خانی بەسەر هەموو شێوەکانی زمانی کوردی پیشاندەدات.

٤. سەروای شیعرەکانی (مەمو زین) لە بابەتی شیعری (مەسنەوی)یە، واتە دوو نیوە دێڕی هەر بەیتێکی لەسەر یەک سەروایە.

خانی دەستکارییەکی زۆری ناوەڕۆکی داستانی فۆلکلۆری (مەمی ئالان) ی کردووە.

١. خانی زۆر دیمەنی ئەفسانەی لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکە لاداوە.

٢. دەستکاری کاتو شوێنی ڕووداوەکانی کردووە، ئەوەتا چیرۆکەکەی لە ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا دەستپێکردووە، شاری (جزیریّ)ی کردووە بە شوێنی ڕووداوەکان کە ماوەیساڵێکیان خایاندووە، مەمو زینی بە جوتە کردووە بە خەڵکی جزیریّ.

٣. ناوی زۆربەی کەسانی داستانە فۆلکلۆرییەکەی گۆڕیوە، بۆ نمونە (میر ئەژین)ی کردووە بە (میر زێندین).

٤. داستانە فۆلکلۆرییەکەی خستووەتە سەر شێوەی داستانێکی شیعری، کە بەو جۆرە چووەتە ڕیزی ئەدەبیاتی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتو، بووە بە لوتکەی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی.

مەبەستی خانی لە دانانی داستانی مەمو زین دوو شتی سەرەکی بووە:

١. بە هۆی مەمو زین بەرگری لە بیروباوەڕی سۆفیگەری و فەلسەفیو نەتەوەیی خۆی بکات، هەروەها مەمو زین بکات بە بەهانە بۆ دەربڕینی هەرچی لە دڵی دایە دەربارەی باری ژیانی کوردو پرسی نەتەوەیی:

شەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە

زین و مەمێ بکەم بەهانە

٢. بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت، کە کوردیش خاوەنی میراتێکی گیانی ئەوتۆیە، کە هیچی لە میراتی نەتەوەکانی تر کەمتر نییە.

٨. پەندی پێشینان:

پەندی پێشنان بەرهەمێکی فۆلکلۆری زۆر کۆنی بابو باپیرانە، لە ئەنجامی ئەو بەسەرهاتو کارەساتانەی، کە لەهەموو ڕوویەکی ژیانەوە بە سەریان هاتووە پەندیان لێوەرگرتووەو بە چەند وشەو پەیڤێک یان چەند ڕستەیەکی کورتو ڕەوان، بە هەڵبەستێکی سادەو ئاسان کە زیرەکی خۆیانو یاسای ژیانی ئەو کاتەو لەوە پاش پیشاندەدات. ڕێکیان خستووەو بە یادگار بۆ نەوەی دوایی بەجێیان هێشتووە، کە لە ژیانیاندا لەسەری بڕۆنو بەو ڕەنگە ڕەفتاربکەن.

هەر نەتەوەیەک پەندی تایبەتی خۆی هەیە، کە دابو نەریتی ساڵەها ساڵی ڕۆلەکانی دەئاخنێتە ناو وشەکانیو... بە چەند پەیڤێکی ئاسانو ڕستەیەکی کورت سەربوردە و سەرگوزەشتەی چەندین کەس پیشاندەداتو ناوەرۆکی چەندین بەسەرهاتو ڕووداو ڕووندەکاتەوەو هەوێنی زۆر ئەزموون دەداتە دەست و بە ئامۆژگاریی گەش و پڕ سودو، واتای قول و پرشنگدار مەیدانێکی بەرینی ژیان ڕوناکدەکاتەوە.

کوردیش وەکو نەتەوەکانی تری جیهان پەندی واتادار و پڕ مەبەستی وای هەیە، کە چۆنیەتی ژیانی باب و باپیرانمان بەدەر دەخەن.

تایبەتمەندییەکانی پەندی کوردی:

١. پەندی کوردی بەڵگەنامەو ئاوێنەی مێژووی هەزاران ساڵەی نەتەوەی کوردە.

٢. زۆربەی پەندە کورییەکان، پێوەرن بۆ پێوانی رادەی هۆشیاریو کارامەییو لێهاتوویی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد.

٣. پەندی کوردی، لە زۆر باردا بووەتە رابەرو رێبەرو رێنیشاندەری خەڵکو چارەی باشی بۆ کێشەو ئاستەنگەکانی بەردەم ئەو خەڵکە دۆزیوەتەوە.

٤.هەموو کات پەندی کوردی خوو رەوشت و رەفتاری چاکی لەناو گەلدا چەسپاندووە و گیانی خۆشەویستی و هاوکاری و زبارە و یارمەتیدانی لە دڵیاندا چاندووە.

٥. بە گشتی پەندی کوردی وشە و پەیڤی رەسەنی کوردی دەگرێتە خۆی و لەم لایەنەوە دەتوانرێت سودێکی زۆری بۆ دارشتن و هەڵسەنگاندنی وشەی تازە و رەسەنی کوردی لێوەربگیرێت.

ئاشکرایە، کە ماوەیەکی زۆر درێژە خاکی کوردستان پارچە کراوەو گەلی کوردیش بەسەر چەند دەوڵەتێک دابەشکراوە، کە تا ئێستاش ئەو بارە ناسروشتییە هەر لە ئارادایە.

پێشتریش دوژمنانی یەکگرتنی کورد چاویان برِیوەتە خێرو بێرو بەروبومو سەروسامانی خاکی بە پیتی کوردستانو... لەبەر زۆر ئەگەران رۆڵەکانی کوردیان لێک دوورخستۆتەوە، کە یەکەم ئەنجامی کارە نارەواکەیان پەیدابوونی چەند دیالیکتێکی زمانە، بەلام خۆش بەختانە ئەم دیالێکتانە رەگو ریشە کوردییە رەسەنەکەیان هەر ماوە و بە پێچەوانەی خواستی ناحەزان زمانە شیرینەکەمان بەم

شـێوازار پتـر دەوڵەمەنـد بـووەو فەرهەنگـی وشـەو زاراوەکان گـەورەو فراوانتـر بـووە.

دیـارە باپیرانمـان بـۆ ڕاگرتنـی هاوسـەنگی تـەرازووی ژیـان زۆر ژیرانـە پەندیـان دارشـتوەو بـاری بەڵگەنەویسـتی سروشـتیان خسـتۆتە نـاو پەیڤەکانیـانو بـۆ ڕۆڵەکانیـان جێهێشـتووە، کـە مەبەسـتیان پەروەردەکردنـی نـەوەی کـورد بـووە بـە پاکـی و مـرۆڤ دۆسـتی بۆیـە گوتویەتـی:

چ بچینی ئەو دەدوورییەوە

کە لەڕواڵەتدا (گوێگرو خوێندەوار) ئەم پەندە بە بەڵگە نەویستێک دادەنێتو دیاریشـە ئـەوەی گەنـم بچێنێت هـەر گەنـم دەدووردێتـەوە نەک نیسـکو نـۆکو مـاش، کەچـی لـە ناوەرۆکدا مەبەسـتی پەروەردەکردنـی منداڵـەو بـەم چـوار وشـەیە پرۆگرامێکـی گشـتگیری پـەروەردەو فێرکردنیـان بۆ ڕووندەکاتـەوە کـە ئەوەنـدەی قوتابخانەیـەک ڕۆڵـی هەیـە.

بەرامبـەر ئـەم پەنـدەش بـۆ هەمـان مەبەسـت پەندێکـی ترمـان هەیـە کـە دەڵێـت:

چ بکەنە کارێ ئەو دێ هێتە خارێ

هەموومـان دەزانین کـە ژیانـی باپیرە گەورەکانمـان زۆر ئاسـانو ئاسـایی بـووە، شـێوەی خانووەکانیشـیان بـە پێـی پێویسـتی ئـەم ژیانـە بـووە، کەواتـە هـەر لەنـاو خانـوودا کۆگایەکـی دروسـتدەکرد کـە خانـە خانـە بـوو، ئـەم خانانـە لـە ژێرەوە کـون بـوون، هـەر خانەکیـان بـۆ جـۆرە دانەوێڵەیـەک تەرخاندەکـرا، نـاوی ئـەم کۆگایـە (کار) بـوو.

ئیتـر وەکـو لێکدانـەوەی پێشـوومان، لـە ڕواڵەتـدا ئـەو (کار)ەی

برنجی تێدەکرا هەر برنجەکە لە کونەکەی خوارەوەی دەهاتە خوارێ، کەچی لە ڕامانو مەبەستدا ئەم پەندە وەکو پەندەکەی پێشوو پەروەردەو فێرکردنە.

بۆ پەسندکردنی کاری باشو ڕێزگرتنی کاتی ڕەخساویش، باپیرانمان پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە، کە پێویستە کاتو دەرفەت لە دەست خۆمان نەدەین، پێشوەخت ئامادەباشی بۆ بکەینو هەلو مەرجەکانی سەرکەوتنی کارەکانمان لەکاتی خۆیاندا ئامادەو دابینبکەین، ئەگینا ئیشو کارە ئاسانەکانمان گران دەبنو دەرفەتەکانیشی تێدەپەڕنو ناگەڕێنەوە، بۆیە گووتویانە:

گرێی دەستان مەدە بەر ددانان

ئەو گرێیا ب دەستان ڤەدبیت، ب ددانان ڤەنەکە

دیاریشە کورد لە سەرەتای ژیانییەوە ئاشتی خوازبووە، هێمن بووە، ژیانی تەبایی لەگەڵ یەکتریو کەسانی تر پێخۆشبووە، مافی کەسی نەخواردووە. ئەگەر ڕاپەڕی بێتو شۆڕشی بەرپا کردبێت هەر لەپێناو وەرگرتنی مافە خوراوەکەی بووە، ڕیش سپیو هۆشمەندەکانی هەمیشە خەڵکیان هێورکردووتەوە و هەوڵی ئەوەیانداوە ناکۆکی لە نێوان خەڵکدا نەهێڵنو ئاگری مرۆڤە هەڵچووەکان دابمرکێنن.

ئەم پەندە جوانەیان لە مێشکی ڕۆڵەکانیان جێگیرکردووە:

خوێن بەخوێنی ناهێت شویشتن

کورد ویستویەتی بەری دەستی خۆی بخوات و ئارەقەی نەوچەوانی خۆی بخواتەوە، بۆیە هەمیشە ڕەنجی کاری خۆی پێخۆشتر بووە لە منەتی خەڵکی، لەپێناو نانو ژیاندا کارو خەباتی کردووەو ماندووبوونی نەزانیوە، بۆیە گوتوویانە:

نانێ خۆ بخۆ ب ئاڤێ، منەتا خەلکی پاڤێ

گۆشتی ڕانی خۆت بخۆ ، منەتی قەساب هەڵمەگرە

هـەر بـەم شـێوەیە کـورد مرۆڤـی ئیشـکەرو ڕەنجـدەری خۆشویسـتووەو ڕێزیگرتـووەو بـە چاوێکـی بـەرز سـەیری کارەکـەی کـردووە:

دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە

کارکەری خۆ بە خۆشتڤیێ خەلکی

هەروەهـا بـابو باپیرانـی کـورد هەمـوو شـتێکی ڕاسـتیان پـێ باشـبووە، واتە لە کارەکانیاندا دڵسۆزو لە گفتەکانیاندا ڕاستگۆ بووینەو، لەهیـچ کاتو شـوێنو هەڵوێسـتێکدا لـە ڕاسـتییان لانـەداوەو لـە گۆتنـی قسـەی ڕاسـتو لـە کـردەوەی ڕاسـت نەترسـانو دلێرانـە بەرگرییـان لـە (ڕاسـتی) کـردووە چونکـە باوەڕیـان وا بـووە کـە:

ڕاستی دناڤ ئاگریدا نا سوژیت

هـەر ئـەم (ڕاسـتی)یە هێـزی وا دەداتـە خاوەنەکـەی، کـە ئـازاو دلێرانـە ڕێـی شـێر بگرێـتو لێـی نەترسـێت.

ڕاست بەو ڕێی شێر بگرە

ئیتـر بـە سـەدان پەنـدی زینـدیو کاریگەرمـان بـۆ ماوەتـەوە، کـە وەک مۆمـی گەشـی شـەوەزەنگ تاریکـی دەڕەوێنێتـەوەو ڕێگەکانـی ژیانمـان بۆ ڕوناکدەکەنـەوە، بەڕاستی هانماندات بۆ یەکگرتن و تەبایی و برایەتـی:

برا لە پشت برا بێت مەگەر قەزا لە لای خودا بێت

لێکۆڵینەوەی تازەی ئەدەبی کوردی

ئەدەبی کوردی، وەک ئەدەبی گەلانی تر بە فۆلکلۆر دەست پێدەکات. واتە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لە ئەدەبی نووسراو کۆنترەو سەرچاوەی ئەوە، بەڵام دەتوانین بپرسین ئەدەبی نووسراوی کوردی لە کەیەوە دەستی پێکردووە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەتوانین پشت بە بیروڕای چەندین کەس لە شارەزایانی ئەدەبیاتی کوردیو زانایان ببەستین. ڕەنگە جاروبار ڕای ئەو شارەزاو زانایانە هەندێک جیاواز بێتو هەر یەکە شاعیرێک بە یەکەم شاعیری کورد دابنێت. هەندێکیان سەرەتای ئەدەبی کوردی دەبەنەوە بۆ پێش ئیسلامو نکۆڵی لەوە ناکەن، کە کورد پێش ئیسلام هۆنراوەی هەبوو بێت، بەڵام بەڵگەو نمونەی ئاشکرا بۆ ئەو هۆنراوانە نابینن.

لەبەر ئەوە سەردەمی (سەلجوقی) بە سەرەتایەکی ڕوونو بێگومانی هۆنراوەی کوردی دادەنێن، واتە هەر لەو سەردەمەوە کە وڵاتی ئیسلامیی بچوک پەیدا بوو، نەتەوە موسڵمانە نا عەرەبەکان چوونەوە سەر زمانی زگماکی خۆیان و زمانی کوردیش ئەو ڕێگەیەی گرتو لەناو کوردیشدا ئەدەبی نووسراو بە ئاشکرا پەیدا بوو.

لێرەدا دەبێت ئەوە بزانین، کە شارەزایانی ئەدەبی کوردی هەر لە سەرەتاوە قۆناغەکانی ئەدەبی کوردی بە چەند جۆرێک دابەشدەکەن:

١. به پێی شێوەزار:

هەندێکیان تەماشای ئەو شێوەیەی زمان دەکەن، کە بەرهەمەکەی پێ نووسراوە، کە ئەمیش چەند هۆیەکی مێژوویی هەیەو بەستراوە بە مێژووی کوردو میرنشینەکانیو مێژووی لەمەو دوایەوە.

ئەمانە چوار شێوە زار بۆ ئەدەبیاتی کوردی دادەنێن کە ئەمانەن:

ئـ- ئەدەبیاتی شێوەزاری لوڕی

ب- ئەدەبیاتی شێوەزاری گۆران

پ- ئەدەبیاتی شێوەزاری کرمانجیی سەروو

ت- ئەدەبیاتی شێوەزاری کرمانجیی خواروو

٢. بەپێی ساڵی لەدایکبوون:

هەندێک مێژوونووسی ئەدەبیشمان هەن، کە بەپێی ساڵی لەدایکبوونو مردن باسی شاعیرانو نووسەرانو بەرهەمەکانیان دەکەن.

٣. بەپێی ڕێبازە ئەدەبییەکان:

هەندێک لە مێژوونووسانی ئەدەبی کوردی، بەپێی ڕێباز و پەیڕەوی ئەدەبی، سنورێک بۆ چەشنەکانی ئەدەبی کوردی دادەنێن.

ڕێبازی ئەدەبی

ئەوەیە کە کۆمەڵە هۆنەرو نووسەرێک یەک ڕێبازیان هەبێتو لە ڕووی شێوە ئەو بیرو باسانەی، کە دەریان دەبڕن، نزیکی یەک بنو گەلێک دیمەنی ئەدەبی بە یەکتریانەوە ببەستێت، با هەریەکە چێژێکی تایبەتیش لە بەرهەمەکەیدا ببینرێت.

بەشـێوەیەکی گشـتی لـە ئەدەبیاتـی کوردیـدا سـێ ڕێبـازی ئەدەبـی دەبینرێـت کـە ئەمانـەن:

یەکەم:- ڕێبازی کلاسیکی:

ئەوەیـە کـە کۆمەڵـە هۆنـەرو نووسـەرێک لەسـەر ڕێچکەیـەک دەڕۆن، کـە گەلێـک کـەس لـە پێـش ئەوانـەوە لەسـەر ئـەم ڕێچکەیـە ڕۆیشـتووە، هەتـا وای لێدێـت ناتوانـن بەهیـچ شـێوەیەک لـەم ڕێگەیـە لابـدەن، بەڵکـو هـەر لاسـاییو پەیـڕەوی ئـەوان دەکەنـەوە، وشـەو دەربڕینەکانـی ئـەوان دووبـارە دەکەنـەوە، زیاتـر گرنگـی بـە ڕوخسـارو وشـەکاری دەدەن، کێشـی عـەروزو سـەروای یەکگرتـوو بەکاردەهێنـن. وەک ئەم نمونەی نالی:

هەر چەندە کە عومری خدرو جامی جەمت بوو
چـــونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو
ئەی جامیعی دونیاو قیامەت بە خەیاڵات
ئەو ڕۆژە کە مردی نە ئەوت بوو نە ئەمت بوو
بێزارە لە تۆ ئێستە هەم ئاغوشی عەدوتە
دونیا کە لە کن خۆت حەرەمی موحتەرەمت بوو
دوێنێ چ بوو دەتدا بەزمانی لافی کەرامەت
ئەمڕۆ نە دەمت بوو نە دەمت بوو نە دەمت بوو
عومرت نەفەسێکە لە هەموو عالەمی باڵا
بمرە لە غەمی دا کە هەموو سەرفی غەمت بوو
وەک شەلتە پەیین گەهـ پڕو گەهـ خاڵییە بەتنت
سەوم ئەمەلت باعیسی نەفسو شکەمت بوو

نالی چییە وا میسلی جوعەل غەرقی شیاکەی

خۆ تۆ بە حیسابێ وەکو پەروانە شەمت بوو

((دوو دێری بۆ لەبەرکردنە))

دووەم:- ڕێبازی ڕۆمانتیکی:

بریتییە لە هیواو ئاواتو نا ئومێدیو فرمێسک ڕشتن. لە ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکیدا خەیاڵێکی فراوان دەبینرێت، زیاتر گرنگی بە ناوەرۆک دەدرێت، لێرەدا ئەوەی پێویستە بوترێت ئەمەیە، کە ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی کوردی لە هیواو ئاوات دەربرینو نا ئومێدیو گەڕانەوە بەرەو دواوە جیاواز بووە لەگەڵ ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکیی ئەوروپا، چونکە هی ئەوان بەسترابووەوە بە چینێکی دیارکراوی کۆمەڵ، کە چینی بورژوازی بوو، ئەم چینە لەدوای شۆڕشی پیشەسازی، وەک چینێکی تازە سەری هەڵدابوو، بەڵام ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکیی کوردی بەستراوە بە هەموو گەلی کوردەوە، هیواو ئاواتی شاعیرانی کورد سەرکەوتنی گەل بووەو لە کاتی نسکۆو چەوساندنەوەدا بێ ئومێدیو ڕەشبینیو فرمێسک ڕشتن لە بەرهەمەکانیاندا دەرکەتووە.

ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکیی کوردی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە وەک ڕێبازێکی ئەدەبی سەریهەڵداوە، تا دوای جەنگی دووەمی جیهانو دواتر بەردەوامبووە. ئەمەش نمونەیەکە لە هۆنراوەی ڕۆمانتیکی کوردی کە دڵداری شاعیر داینـاوە:

خەندەکەی بایی

لە ئافاقی ژیانی نا ئومێدیم خەندەکەی بایی
فریشتەی پاکی هیوامی نیشاندام وا کە بیدوێنم
پڕیشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی
بە سۆزی هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕ خوێنم
دەسا ئەی مەسدەری هەستی
دەخێرا لادەری پەستـــــــــی
وەرە تا من بە ڕازی تۆ نەمامی شادی بڕوێنم
** **

جوانی غونچەیێ بوو وا کە پەنجەی ڕازی ڕاکێشای
دە سەیری چەند بە وەسلی زولفی خاوت شادو مەسروورە
لەڕووی ڕاستی ئەتۆش وەک ئەو گولێکی چیمەنی دونیای
کەچی تاجی دڵی هێشتا دڵت لەم حالە ڕەنجوورە
بەخەندەی نەرمی دڵ پاکیت
ئەخۆم سوێندێ بە ڕووناکیت
ئەگەر هەستێ بە ژین وابێ لە جەرگی ڕاستیا دوورە
** **

کۆپلەی یەکەمی بۆ لەبەرکردنە

سێیەم :- ڕێبازی ڕیالیزم :

ئەگەر پێناسەیەکی کورتی ڕیالیزم بکەین، دەتوانین بەو هونەرو ئەدەبەی دابنێین، کە ژیان بە هەموو دیمەنو واتای قوڵو بەرینییەوە، بە چاوی ئەم هونەرمەندە یان ئەو نووسەرو شاعیرە پیشاندەدات.

ڕیالیزم ئاوێنەی ژیانە، هەر هونەرمەندێک بە چەشنێک ئەو ژیانە پیشاندەدات، بەڵام هونەرمەندی ڕاستەقینە ئەوەیە، کە هونەرو بەرهەمەکەی دەبەستێت بە خەڵکەوە، ئاوێنەی خەباتی درێژی خەڵکە لە پێناوی ئازادیو بە خۆشی ژیاندا، دژی چەوساندنەوە بە هەر چەشنێک بێت، لە ئەدەبیاتی ڕیالیزمیدا گرنگی بەڕوخسار و ناوەرۆک دەدرێت.

ئەگەر بەم چاوە تەماشای ڕیالیزم بکەین لە ئەدەبی کوردیدا، ئەوا بە ئاشکرا ڕاستی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەدەبی کوردی لەبەر ئەوەی، هەر لە سەرەتاوە پێویستی ژیان هێناویەتە کایەوە، کە پێویست بە گەڕانەوەیە بۆ زمانی زگماکی کوردی، چونکە هەر لەو سەرەتایەوە هەندێک ڕەگەزی دەربڕینی ژیانی خەڵکی تێدا بووەو ڕیالیزم لە زەوی ئەو ئەدەبە ڕەگی داکوتاوە، ئەمەش بە تەواوی لە هۆنراوەکانی (بابا تاهیری هەمەدانیو فەقێی تەیرانو ئەحمەدی خانیو حاجی قادری کۆییو نالیو سالمدا) دەبینین، بەڵام ڕیالیزم زۆری ویستووە تا بووە بە ڕێبازێکی ئەدەبی دیارو سەربەخۆ.

سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕیالیزمی کوردی

دەتوانین بڵێین سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان، سەردەمی کۆتایی هاتنی قۆناغی ئەدەبیاتی کلاسیکیی کوردییەو دەستپێکردنی ڕێبازێکی تازەی ئەم ئەدەبیاتەیە، کە ئەویش ڕیالیزمە وەک سەرەتایەک، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە ژیانی گەلی کورد پێویستیی بە بەرهەمێکی ئەدەبی هەبوو، کە هیواو ئاواتو داخوازییەکانی گەلی کوردی تێدا ڕەنگبداتەوە، بەم جۆرە دەتواندرێت بوترێت، ئەدەبیاتی ڕیالیزمی کوردی لە نێوان جەنگی یەکەمو دووەمی جیهان سەریهەڵداوەو لە پاش جەنگی دووەمی جیهان بە تەواوی چەسپاوەو جێگیربووەو دەستی بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا کێشاوە، واتە لەو ململانەی نێوان ڕێبازە ئەدەبییەکاندا ڕیالیزم سەرکەوت.

هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەدەبی ڕیالیزمی کوردی:

بێگومان سەرکەوتنی ڕیالیزم شتێک نییە، لە خۆیەوە هاتبێتو نەبەسترابێت بە باری کۆمەڵایەتیو ئابوریو ڕامیاریی کوردستانو ناوچەکەوە، بەڵکو باری ئەو سەردەمەی جیهانیش کاریگەری تەواوی کردە سەر ئەم کێشەیەو ئەنجامەکەی، بەتایبەتی ئەو گۆڕینەی، کە بەسەر گەلێک لایەنی ژیانی مرۆڤایەتیدا هات لە ئەنجامی جەنگی دووەمی جیهانەوە، واتە هۆکارە دەرەکییەکان، وەک:

١. ژێرکەوتنی بەرەی فاشیزم.

٢. سەرکەوتنی بەرەی دیموکراسی.

٣. سەربەخۆیی گەلێک لە وڵاتان وەک هیندستانو ئەندەنوسیا.

٤. کشانەوەی سوپای بێگانە لە سوریاو لوبناندا.
٥. سەرکەوتنی چینی کرێکار لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاو چیندا.
٦. پێکهاتنی بەرەیەکی مەزنی سوشیالیستی.

لە کوردستانیشدا هۆکاری ناوەکی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە بۆ نمونە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و لەناوچوونی ئەو کۆمارە بە دەستی ئیمپریالیزمی جیهانو کۆنەپەرستانی ئێران، ئەم هۆکارانە کاریگەریەکی زۆر گرنگیان کردە سەر ئەدەبی کوردیو وایلێهات، کە بتوانین ماوەی دوای جەنگی دووەمی جیهان بە سەردەمی بەرزبوونەوەو بەرەو پێشچوونی ئەدەبی کوردی دابنێین، بەتایبەتی ڕێبازی ڕیالیزمی کوردی.

باسەکانی ئەدەبی ڕیالیزمی کوردی:

ئەگەر بچینە ناو ئەدەبی ڕیالیزمی کوردی و چاوێک بەو باسانەدا بخشێنین، کە شاعیران و نووسەران لێیاندوواون و کردوویانن بە کەرەستەی ڕازاندنەوەی بەرهەمی خۆیان. ئەوانەی کە بەرهەمی ئەدەبی ڕیالیزمیان نووسیووە، هەر لە سالانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە تا سالی (١٩٦١)ز ئەم چەند باسەی خوارەوە دەگرێتەوە.
١. باسی گیروگرفتی کۆمەڵایەتیو هۆی دواکەوتنی کوردەواری واتە لە بارەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو هەندێک دیمەنی شارستانی تازەوە.
٢. ژیانی جوتیاری کوردو دیمەنی ڕەنجکێشانی و هەروەها کێشەی نێوان جوتیارو دەرەبەگو دیمەنی خەباتی جوتیاری کورد.

٣. ژیانی کرێکاران‌و ڕەنگدانەوەی پەیدابوون‌و گەشەسەندنی چینی کرێکار بەتایبەتی لەناو کورداو بەگشتی لە عیراقدا، هەروەها بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی چینی کرێکار و باڵادەستی ئەو بیروباوەڕە، کە دەبێتە هۆی پتەوبوونی ڕۆڵی ڕابەرانەی کرێکار لە کۆمەڵدا.

٤. خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد لە پێناوی مافی نەتەوایەتی و ڕەوای خۆیدا، کە ئەمە بەشێکی گەورەیە لەبەرهەمی ئەدەبی ئەم سەردەمەمان‌و هەندێک لە شارەزایان بە هۆنراوەی سیاسی لە ئەدەبیاتی کوردیدا ناوی دەبەن، دیارە هەر وەک خەباتی نەتەوەی کورد خۆی لە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئەم ناوچەیەو هەموو جیهان نابێتەوەو بەشێکە لە خەباتی ڕەوای ئادەمیزادی ئەم سەردەمە بەرامبەر بە کۆنەپەرستی‌و سەرمایەداری‌و چەوساندنەوەو ئیمپریالیزم، هەروەها ئەم چەشنە بەرهەمەش لە ئەدەبی کوردیدا باسی خەباتی نەتەوەی کورد لەو خەباتە قوڵ‌و فراوانە جیاناکاتەوە.

هەر ئەم گیانە بەرزو بەنرخەی مرۆڤ وایکردووە، کە نرخدان بە مرۆڤ لە ئەدەبی ئەم سەردەمەماندا ڕەنگبداتەوەو مرۆڤ بە بەرزترین‌و بەنرخترین سامان‌و سەرمایەی جیهان بزانرێت، هەر لەبەر ئەمەشە دیمەنی ئافرەت‌و سروشت لە ئەدەبی ئەم سەردەمەماندا وێنەیەکی تازەی هەیە، کە بەڕاستی بەرەو ئەوە دەڕوات، کە لەگەڵ ڕێبازی ڕیالیزمی ئەدەبیاتی جیهاندا یەکبگرێت.

ئەم ڕێبازە تازەیەی ئەدەبیاتمان‌و ئەم باسانە تەنیا لە هۆنراوەی کوردیدا بەدی ناکرێت، بەڵکو لە پەخشانیشدا تەواو دیارن، لە پەخشانی کوردیدا دیمەنی ڕیالیزم‌و بەستانەوەی بە ژیانەوە لە دیمەنی هەموو ڕێبازەکانی تر ئاشکرا ترە. ئەمەش بەستراوە بە

سەردەمی پەیدابوونو گەشەسەندنی هەموو جۆرەکانی نووسینی پەخشان لە ئەدەبیاتی کوردیدا، کە زۆرتری لە سەدەی بیستەمدایە، یا پاش جەنگی یەکەمی جیهانە، کە ئەمەش سەردەمی گەشەسەندنی ڕیالیزم خۆیەتی لە کاتێکدا، کە ناوەرۆکو باسی ئەدەبیاتی کوردی تازە بووەوە، بێگومان ڕوخساری ئەدەبەکەش بەرەو نوێبوونەوە چوو.

ئەمەش نمونەیەکە لە هۆنراوەی ڕیالزم لە ئەدەبی کوردیدا کە لەلایەن محەمەد شێخ حوسێن بەرزنجی نوسراوە:

پەندی برسی

شەوو ڕۆژ من عەرد ئەکێڵم
بە دوای ئیش کردنا وێڵم
لە دەست برسێتی ڕائەکەم
ئەم لا ئەکەم، ئەولا ئەکەم
نەنان، نە ئیش هیچیان نییە
نازانم هۆی ئەمە چییە
هێزو تواناو تینی گەنجم
هەوڵو ئیش کردنو ڕەنجم
بیرو لێکدانەوەو هۆشم
بە نانە سکێ ئەفرۆشم
کەچی هێشتا لێم ناکڕن
دوای سووڕانەوەم نابڕن
ئەم خاوەن پارە زۆرانە
ئەم سەرداره خوێن خۆرانە

واتێ ماوم نازانم چۆن
پارووپەک نان، بەرگێکی کۆن
پەیدا کەم، ئەم ژەهری مار کەم
بەویش ئەم ڕووتی یەم چار کەم
کاکە تۆ نازانی چیمە
هەرچی پارەو پوول بێ نیمە
ڕووتم عوریانم برسیمە

(سێ دێر بۆلەبەرکردن)

لـەم هۆنراوەیـەدا شـاعیر ژیانـی هـەژارانو زەحمەتکێشـانی خسـتۆتە ڕوو، دیمەنـی چەوسـاندنەوەو ئێـشو ئـازاری ئەوانـەی بـێ ئێـشو کارن پیشـانداوە، بـۆ مەبەسـتی چارەکردنـی دەردی نەبوونـیو برسـێتی.

نمونەی ئەدەب

وەرزی یەکەم

حاجی قادری کۆیی

(١٨٩٧ - ١٨١٧) ز

حاجی قادر کوڕی مەلا ئەحمەدە، لە گوندی (گۆڕ قەرەج)ی شاری کۆیە لە ساڵی (١٨١٧)ز لەدایکبووە، لە ئەستەنبۆل، لە ساڵی ١٨٩٧ز کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێ هاتییە ڤەشارتن.

حاجی، یەکێکە لە شاعیرە نەتەوە پەروەرو نیشتمانپەروەرەکانمان، سەرەتای ژیانی شاعیرییەتی لە کوردستان عیراقو ئێران دەست پێکردووە، چونکە پاش گەشتەکەی ناوچەی باڵەکایەتی کە لەگەڵ مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە ، ڕوودەکاتە کوردستانی ئێرانو ماوەیەکی زۆر لەوێدا دەمێنێتەوە.

شیعرەکانی ئەو سەردەمەی حاجی لە تەوەری دڵداریو ئەڤینییەوە دەسوڕانەوە، ماوەیەکی زۆر پاش گەڕانەوەی لە گەشتی خوێندنەکەی، لە کۆیە دەمێنێتەوە، بەڵام وا دیارە مەلایەکی ڕوناکبیری وەک حاجی نەشیایە لەناو کۆمەڵی ئەو کاتەی کۆیە ژیانەکا ئاسودە بەسەر ببات، هەر ژ بەر هندێ ناچار بویە، کو ڕووبکەتە ئەستەنبۆلی پایتەختا دەوڵەتا عوسمانلیو هەمی ژیانا خۆ ل وێرێ بسەر ببەت.

هەژی گۆتنێیە، کو حاجی تا نەچووەتە ئەستەنبۆل زۆر بەلای شیعری نەتەوەییو کۆمەڵایەتیدا نەچووە، دیارە وەچەرخانی حاجی بەلای ئەو جۆرە شیعرانەدا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی وەک:

١. حاجی لە ئەستەنبۆلێ کەوتە ناو ژیانێکی نوێو تازەوە، ئەو ژیانە نوێیە گۆڕانێکی سەرەکی بەسەر بیروباوەڕی حاجی داهێنا، چونکە

شاری ئەستەنبۆلی ئەو کاتە جێی کۆبوونەوەی هەموو ئازادیخوازانی ژێر دەستەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی بوو، بۆیە حاجی ئاگاداری تێکۆشانی ئەو نەتەوە ژێر دەستانەی عوسمانی بوو، ئاوڕێکی لە میللەتەکەی خۆی دایەوەو کانیاوی شیعری نەتەوەیی لای ئەو تەقییوەتەوە.

٢. لە شاری ئەستەنبۆڵدا، حاجی بە بنەماڵەی کورد پەروەری بەدرخانییان گەیشتو بوو بە مامۆستای کوڕەکانییان، دیارە ئەو بنەماڵەیە کورد پەروەر بوون‌و دەمێک بوو لە پێناو ئامانجە ڕەواکانی کورد درێژەیان بە خەباتو تێکۆشان‌و بەرخۆدان دەداو کارێکی گەورەیان کردە سەر بیروباوەڕی حاجی قادر.

٣. حاجی قادر، هەر لە ئەستەنبۆڵدا، مەم‌و زینی ئەحمەدی خانی کەوتە دەستو پێشەکییەکەی خوێندەوە، ئەو پێشەکییەو دەیان کتێبی ڕەوشنبیری تازە بابەت، کە لە ئەوروپاوە دەهاتن‌و دەکران بە تورکی‌و دەهاتنە بڵاوکردنەوە، وایانکرد، کە بیرو هەستی نەتەوایەتی لای حاجی سەر هەڵبدا.

٤. دیارە ئاوارە بوون‌و دوورکەوتنەوە لە زێدی باوو باپیرانمان کارێکی گەورە دەکاتە سەر مرۆڤ و وای لێدەکات، کە هەمیشە بیرو باوەڕو هەستو هۆشی لای وڵاتو شارەکەی بێت، لەبەر ئەوە مرۆڤی ئاوارەو دوورە وڵات، بەتایبەتی ئەگەر وەک حاجی ڕووناکبیریش بێت، هەمیشە سۆزو هەستی لای نیشتمانەکەی دەبێت.

هەر چەندە حاجی قادری کۆیی بە یەکەم شاعیری نەتەوەیی دانانرێ چونکە بەر لە ئەو ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٦)ز وەک ڕابەری شیعری نەتەوەیی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، دەردو ئازاری کوردی

دەست نیشانکردووە، بەڵام حاجی سەرەڕای دەست نیشانکردنی ئەو دەردانە، زۆر جاریش هەوڵیداوە چارەیان بۆ بدۆزێتەوە، بۆ نمونە:

١. حاجی دەردێکی کوشندەی لای کورد دەست نیشانکردووە، کە دووبەرەکیو نا تەبایيو دوژمنایەتی کردنی یەکترییە، دەرمانی ئەم دەردەش لای ئەو تەنیا هەر ڕێککەوتنو یەکڕیزییە.

تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد

هەروا دەبـــنە خەرابە ئابـاد (بۆ لەبەرکردن)

٢. حاجی، دوژمنی سەرەکی دەست نیشانکردووە کە تەماحکارو داگیرکارانی کوردستانن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوژمنەش (چەک)ی بە چارەسەر داناوە، چونکە وا دیارە ئەو کاتەش زمانی سەردەم چەک بووە، بۆیە دەڵێت:

صەلاحـی ئێوە ئیستێکە سیلاحـــــە

تەماعی گەورەیی بێ چەک نەکەن نەک (بۆ لەبەرکردن)

٣. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، حاجی وەک هەر ڕووناکبیرێکی تازە، زانستو چەکی، پێکەوە کردوون بە دوو مەرجی سەرەکیو بنەڕەت بۆ خەباتو بەگژداچوونەوەی دوژمن، بۆیە دەڵێن:

بەشیـرو خامە دەوڵەت پایەدارە

ئەمن خامەم هەیە، شیر نادیارە (بۆ لەبەرکردن)

٤. دیسان ڕووناکبیریو تێگەیشتوویيو هوشیاری حاجی لەوەدا بووە، کە ڕێکخستنی یا بەزمانی ئەمڕۆ، پێکهێنانی حزبو ژیانی پارتایەتیو کاری نهێنیو تەگبیرکردنو پەیداکردنی چەکو تفاق شەڕ بە مەرجی سەرکەوتن دادەنێت.

٥. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە، کە حاجی پێی وابووە، کە پێویستە

گەل بەدەوری سەرکردەییک کۆبێتەوەو ئەو سەرکردەیە وەک ڕابەرو پێشڕەوی خەباتی نەتەوەیی میللەت لە دەوری خۆیدا گردکاتەوەو بەرەو ئامانج بیان بات. ئەمەش لەم هۆنراوەیەدا دەردەکەوێت کە دەڵێت:

لە ڕۆما کەوتە بەر چاوم کەسێکی هائیمو حەیران
بە هەیئەت تێی گەییم کوردە بە شێوەی ئەهلی کوردستان
کە چوومە خزمەتی پرسیم: برادەر خەڵکی کام جێگای؟
لە کام لا هاتووی؟ گریا، گوتی: بابان! گوتم: بابان؟
دڵم داوە گوتم: باوکە هەمووممان بێ کەسین لێرە
چ قەوماوە، گەلێ حەیفە، مەگرێ هەر وەکوو باران
گوتی بۆ غوربەتو ڕووتی نییە ئەفغانو هاوارم
لە داخی حاکمی خۆمە، لە شانو شەوکەتی تورکان
گەلێکم بیستووە پەستیو بڵندیی دەوڵەتان، ئەمما
جیهان نەیدیوە پەستی وا میسالی حاڵی کوردستان

واتای پەیڤەکان

وشە	واتاکەی
نەشیایە	نەیتوانیوە
هەژی گۆتنێیە	ئەوەی شایانی گوتنە
ئاوارە بوون	مشەخت بوون، دەربەدەر بوون
بابان	مەبەستی ناوچەی میرنشینی بابانە
ئەفغان	فوغانو گریان
هەموو شابوون	هەمی شاە بوون (پادشاە بوون)
بێ غەمو شابوون	بێ غەمو شادبوون
جلیتورمبورمبازی	جلیدانو رمبازی
شەش پەڕ	جۆرە تفەنگێکە
شەش پەڕوشەشخانە	ناوی تفەنگن
جونبوش	لەرزین
قەلغان	مەتاڵ
لەماهی بگرە تا ماهی	لە ماسی تا مانگ (هەیڤ)
جوغد	جۆرێکە لە کوندەبوو.
سەراپا	سەر تاپا، هەمووی ژ سەری تا پێیا
دوژمن ئەندازە	دوژمن بە زێنە



وەلی دێوانە
(١٨٢٦- ١٨٨١)ز

ناوی (وەلید)ەو لە دەوروبەری ساڵی (١٨٢٦)زاینیدا لە ناوچەی (بەکراوا) لە هەڵەبجە لەدایکبووە. لە تیرەی میکاییلیو لە خێڵی جافە، ئەو خێڵەی گەرمیانو کوێستانیان دەکرد، هەر لە منداڵییەوە شوان بووە، کە مەزنیش بوو، خۆشەویستیو ئەڤینی (شەمسە) یا (شەم)ی کەوتووەتە دڵەوە، ئەم خۆشەویستییە سەرچاوەو ئیلهامبەخشی شیعری وەلی بووە، زۆربەی شارەزایانی ئەدەب لەو باوەڕەدان، کە نەخوێندەوار بوو بێت، بەڵام چەند نیشانەیەک بە لای ئەوەدا دەچن، کە دەبێت خوێندەواری هەبووبێتو شارەزاو ئاگاداری شیعرەکانی حافزی شیرازیو فیردەوسیو سەعدی بوو بێتو ئەمانە یەکێک بووبن لە سەرچاوە زۆرەکانی ئیلهامی شیعری وەلی، بەشێوەزاری گۆران شیعری نووسیوە.

لە هۆنراوەدا زیاتر بە لای مەبەستی دڵداریو ئەڤینیدا چووە. زمانی شیعریی ڕەوانو سادەو ئاسانبووە، هەموو کەس تێیگەیشتووەو ئەم ئاسانییە تامو چێژێکی میللییان بە شیعرەکانی داوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هۆنراوەکانی بە کێشی بڕگەیی خۆماڵی داناوەو بەشی زۆریشیان هۆنراوەی (دە) بڕگەیین، لە ساڵی ١٨٨١ز کۆچی دواییکردووە.

نمونەیەک لە هۆنراوەی وەلی دێوانە

یـاران نـەجـەرگم

یاران نە جەرگم، یاران نە جەرگـــــم
من شەم شێوەیێ تیردان نە جەرگـــم
هەر وەخت کە مەیۆ ئاکامی مەرگـــم
ئەمانەت کەفەن نەکەن وە بەرگـــــم
بەو شەرت نەشۆران حاشیەی ئەندامم
نە واکم پێش بۆ زوخاو نەزامــــــم
شەهید وەبێ غەسل بێ کفن خاســەن
هەرکەس شەهیدەن هوون بێ قەساسەن
بەڵام وەسیەتم جەلاتان ئیـــــــــدەن
ئەر سەد دوور نە خاک گۆرخانەو زێدەن
با هەر مەزارم نە ڕای خێڵان بـــــۆ
نە گوزەرگای شەم جەبەل گێلان بـــۆ
میلێ وە ئەندام بە ژنو باڵای شـــەم
بکەن بە فەرقم بەبێ زیادو کـــــەم
تاقێ هەر نە تەرح تاقی ئەبرۆی ئــەو
بسازان نە فەوق مەزارم جەنــــــەو

سێ دێر بۆ لەبەرکردن

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
١. نە جەرگم	:	لە جەرگم
نە	:	لە
تیردان	:	تیری داوە، تیری لێداوە

(یاران‌و دۆستان، کەسێک، کە لەشێوەی (شەم)دایە، تیری لە جەرگی من داوە)

٢. مەیۆ	:	دێ، دێتن، دهێت
ئاکامی مەرگم	:	وەختی مەرگو مردنم، وەختێ مرنا من
ئامانەت	:	دەخیل، تکا، ئامان

(هەر کاتو گاڤەکی کە کاتو وادەی مردنم دێت، تکاتان لێدەکەم کفنم بۆ مەکەن بە بەرگ)

٣. نەشۆران	:	نەشۆن
نەواکم	:	نەوەکو، نەبادا
پێش بۆ	:	پێوە بووبێ، پێڤە بیتن
زوخاو	:	خوێناو- خویناڤ
نەزاحم	:	لە برینم
زام	:	برین

(بەو مەرجەی کە حاشیەی ئەندامەکانم نەشۆن، نە بادا زامو برینێن من خوین پێڤە بیتو ژ ئەگەرا شوشتنا وان ئەڤ خوینە پێڤە نەمینت)

پیرەمێرد
(١٨٦٧ - ١٩٥٠) ز

حاجی تۆفیقی کوڕی مەحمود ئاغای مەسرەفە، لە ساڵی ١٨٦٧ز لە شاری سولەیمانی لەدایکبووەو لە زۆربەی مزگەوتەکانی سولەیمانی خوێندوویەتی، لەگەڵ شێخ سەعیدی حەفید (کە دەکاتە باوکی شێخ مەحمودی نەمر) چووە بۆ تورکیاو لەوێوە دوایی چوونەتە حەج. لە نووسینی فارسیدا دەستێکی باڵای هەبووە، دەکرێتە ئەندامی مەجلیسی عالی لە ئەستەنبۆل، هەر لەو کاتەدا دەچێتە (مەکتەبی حقوق) و بڕوانامەی حقوق وەردەگرێت، هەر زوو دەستی بە ڕۆژنامەنووسی کردووەو ڕۆژنامەی (کورد)ی لە ئەستەنبۆل بەڕێوەبردووە، ئینجا بووە بە قایمقامی (جۆلە مێرگ) و دەبێتە پارێزگاری (ئەماسیە) لە تورکیا، لەدوایدا دەگەڕێتەوە بۆ سولەیمانی، لە ساڵی ١٩٢٦ز دەبێتە سەر پەرشتکاری ڕۆژنامەی (ژیان)، کە لەلایەن شارەوانی سولەیمانی دەردەچوو، لە ساڵی ١٩٣٧ز چاپخانەیەکو ڕۆژنامەیەکی دامەزراند بەناوی (ژین)ەوە، لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٥٠ز کۆچی دواییکرد، لە گردی مامەیارە نێژراوە.

پیرەمێردی شاعیر، خاوەنی بیرو باوەڕێکی پێشکەوتووی ڕوناک بوو، باوەڕی تەواوی بە زانستو خوێندەواری هەبووە، زۆریش لای گرنگ بووە، کە کچانی کورد بچنە قوتابخانەو بخوێنن، بە تێکڕایی پشتگیری لە مافی ژنان دەکردو ئەوانی بە نیوەی کۆمەڵ دادەنا، سەرەڕای ئەمەش بیرو باوەڕێکی نەتەوەیی بەهێزی هەبووە، هەر ئەوەندەش بەسە بۆی، کە جەژنی نەورۆزی زیندوو

کردەوەو بەرگێکی نوێی کردە بەر، هەر لەم ڕوانگەیەوە هەوڵی دا نووسینی کوردی بکات بە لاتینی، بەڵام سەرنەکەوت. پیرەمێرد هەر وەک چۆن لە شیعردا دەستێکی باڵای هەبوو، هەروا لە (پەخشان) یشدا دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو، پەخشانەکانی سادەو بێگرێ بوون، لە سەرەتادا هەموو ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژی لە نووسینەکانیدا بەکارهێناوە، وەک (درکەو ڕەگەز دۆزیو خوازەو خواستن)، پەیڤو وشەکانی خۆماڵیو سادە بوون، بابەتەکانی نووسینی لە پەخشانیشدا مۆرکی ڕۆمانتیکیان پێوە بوو، لە نووسینەکانیدا کوردییەکی پەتی و ڕەوانی بەکارهێناوە. ژمارەیەکی زۆری چیرۆکی دانراوو وەرگێڕاوی لە تورکییەوە بڵاوکردۆتەوە وەک (دوانزە سوارەی مەریوان، مەمو زین، کەمانچە ژەن).

شیعرەکانی پیرەمێرد دوو جۆرن:

ئـ - ئەو کۆمەڵە شیعرەی کە دەکەونە بەر ڕێبازی کلاسیک، کە بریتین لەو شیعرانەی، کە بەزۆری لە سەرەتای ژیانی شاعیرییەتیدا لە ئەستەنبوڵو لە تورکیا دایناونو لە ژێر کاریگەرییەتی شاعیرانی وەک (حافزی شیرازی فارسو نالیو سالمو حاجیو مەولەوی کورد)دا هۆنیوەتەوە.

ب- ئەو کۆمەڵە شیعرەی، کە دەکەونە بەر ڕێبازی ڕۆمانتیک، ئەمەش هەنگاوێک بوو بۆبەرەو پێشچوونی هونەری ئەدەبی لای پیرەمێرد، دیارە ئەم ڕێبازەی لە ئەنجامی کارتێکردنی شیعرەکانی (عەبدولحەق حامیدو نامق کەمال)ی تورک گرتووەتە بەر.

پیرەمێرد شەیدای شیعرەکانی مەولەوی بوو، بۆیە هەموو دیوانەکەی مەولەوی خستووەتە سەر شێوەزاری کرمانجیی خواروو، هەر لەژێر کاریگەرییەتی شیعرەکانی مەولەویو بێسارانیو وەلی

دیوانـەدا، دەبینیـن زۆربـەی هۆنراوەکانـی پیرەمێـرد (١٠) برگەییـن کـە ئەمـە شـێوەی شـیعری (گۆرانی)یـە لەنـاو کوردەواریـدا، بـەم جـۆرە لـە شـیعری یـەک سـەروا دوور کەوتووەتـەوە.

هۆنراوەکانـی پیرەمێـرد بەتایبەتـیو نووسـینەکانی بـە گشـتی چەنـد سـیماو ئەدگارێکیـان پێـوە دیـارە کـە ئەمانـەن:

١. لـە هۆنـراوەو نووسـینەکانیدا، کوردییەکی پەتـیو ڕەوانی بەکارهێناوە، شـارەزایی لـە هەمـوو شـێوەکانی زمانـی کـوردی هەبـوو، لەبـەر ئـەوە دەبینیـن، ئـەو زمانـەی کـە بـەکاری هێنـاوە، ڕەوانو سـڤکو ئاسـانو سـادەبووە.

٢. لـە هۆنـراوەو پەخشـانەکانیدا، هەولێـداوە لـە کۆمەڵانـی خەڵـک نزیـک بێتـەوەو بەرهەمێن خـۆ ب زمانێ وان بنڤیسـیت، داکو هەمـی لێ تێبگەنو چەشـەو خۆشـیێ ژ شـیعرو پەخشـانێ وی وەربگرن، هەر ژ بەرهندێ ژی پشـکەکا زۆرا شـیعرێن وی هەمیشـە ل سـەر زارێن خوێندەڤانان بوویە.

٣. لـە هەمـوو مەبەسـتەکانی هۆنـراودا بەرهەمـی هەیە، وەکو کۆمەڵایەتی، ئەڤینـی، نیشـتمانیو... تـد، بێجگـە لـەوەش، بەشـێکی زۆری پەنـدی پێشـینانی کـوردی کـردووە بـە هۆنـراوەو بڵاویکردووەتـەوە.

٤. زۆربـەی شـیعرەکانی مۆرکـی خۆماڵییـان پێوەیـە، چونکـە لـەم لایەنەوە کەوتووەتـە بـەر کاریگـەری شـیعرەکانی (مەولـەوی، بێسـارانی، وەلـی دیوانـە) بۆیـە بەشـی زۆری هۆنراوەکانـی لەسـەر کێشـی (پەنجـە)و کێشـی (١٠) برگەییـن.

٥. بەشـی هـەرە زۆری هۆنراوەکانـی، دەکەونـە خانـەی ڕۆمانتیکییـەوە، ئەمـەش لەبـەر کاریگەربوون بـە ئەدەبیاتـی تورکـی بوو، چونکـە پیرەمێرد شـارەزاییەکی تـەواوی تیادا هەبـووە.

نمونەیەک لە هۆنراوەکانی:

(ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا)

ئەبی بەخشندە مل کەچ کا، لە ڕاستی مووچە خۆری خۆی
سوراحی سەرفرودێنێ لە بۆ پیاڵە کە تێکا بۆی
کە ئاو داری لەسەر سەرگرتووە، ئەیزانی چی تیایە
لە لای نەنگە کە پەروەردەی نقوم کا، گەورەیی وایە
لقی شۆڕی درەخت میوەی ئەخۆن بێ ئەرکی بەردوو دار
پەلی بەرد بۆ پەلی بەرزە، لە قەش بۆ سەرپەلی بەردار
لە دەوری دووریا پەستم دەروون پڕ دەردو زووخاوم
ئەجەل دێ بمکوژێ، نامناسێ چی بکەم نامرم ماوم!!
لەبەر ئاشووبی خێڵم، هیچ شەوێ خەو نایەتە چاوم
خەوی ناخۆش ئەبینم، بەم پەریشان خاوییە خاوم
ئومێدی سەر لەسەر دەرکەن ئەوانەی ڕاستو ڕووناکن
قەڵەم هەر سەرقەڵەم، مۆم بۆ مقسەت، هەر بۆ ئەویش چاکن
ئەڵێن مورغی سولەیمان ئاو لەژێر خاکا ئەبینێ ئەو
منیش حەوت ساڵە ڕێ دوور بێ، بە چاوی دڵ ئەبینم ئەو
چرا ڕوناکی بۆ ژێر خۆی نییە، ڕەحمەت لە با بیبا
ئەوی ڕوناکی کەچ بینانە گۆرە ڕەنجی با بیبا
بە جووت پەروانە و ماسی کە دڵدادەی چراو گۆلن
نزیکی ئەم ئەسووتێنێ، لەدووری ئاو ئەوان حۆلن.

سێ دێر بۆ لەبەرکردن

واتای پەیڤەکان

وشە	واتاکەی
بەخشندە	ئەو کەسەی کە شت دەبەخشێ
مل کەچ کا	سەر شۆرکا
لە ڕاستی	لەبەرامبەری، ل هەمبەرا وی
سەر فرودێنێ	سەری شۆڕکا، خۆ سەرەو ژێر دەکا
لەلای نەنگە	لەلای شورەییە، لەلای عەیبە، شەرمە ل نک وی
پەروەردەی	ئەوەی خۆی بە خێویکردووە، ئەوی ب خۆ بخودان کری
نقوم کا	بیخاتە ژێر ئاوەوە
پەلی بەرد	گاشە بەرد
پەلی بەرز	لق‌و پۆپی بڵندی درەخت.
لەقە	پێن، پێلاقە
زووخاو	خوێناو
ئاشووب	شەڕو فتنەو هەراو هۆریا
خێڵ	قەوم، عەشیرەت
ڕەحمەت لە با بیبا	ڕەحمەت لەو بایەی کە دەیکۆژێنێتەوەو دەیبا
گۆڕە	حەق وایە
دڵدادە	عاشق
گۆل	گوماو
حۆلن	گێژن
نێژراوە	هاتیە ڤەشارتن: بن ئاخ کرن.



هەژار موکریانی
(١٩٢٠- ١٩٩١)ز

لاپەڕەکانی ئەدەبی کوردیمان هەموو دەم پڕیان بووە لە ناوی درەوشاوەی هۆزانڤانو شاعیری وا، کە جێی شانازی پێوە کردنن، هەژاری موکریانیش یەکێکە لەو گەورە شاعیرانە، ناوی (عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلا محەمەد)ە.

لە ساڵی ١٩٢٠ز لە شاری مەهاباد لەدایکبووە، لەبەر ئەوەی باوکی مەلا بووە بۆیە هەر زوو خراوەتە بەر خوێندنو لە سوختە خانەو مزگەوتان خوێندنی تەواو کردووە، هەر چەندە بە هیوا بووە ببێتە مەلاو جێی باپیران بگرێتەوە، بەڵام کۆچی باوکی ئەم هیوایەی لە دەستداوە.

هەر زوو هەوای نیشتمان پەروەری دەکەوێتە سەرو لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕۆڵی هەبووە، لە پێناوی نیشتماندا توشی دەربەدەریو ئەشکەنجەدانو ئازارێکی زۆر بووە، ناچارکراوە لەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٧دا ڕوو بکاتە عیراقو ماوەیەکی زۆر لە بەغدا پەناهەندە بێتو بەینێکیش لەناو کوردەکانی سوریادا ئاوارە بێت، هەژار لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، ڕۆڵێکی دیاری هەبووەو لە شۆڕشی مەزنی ئەیلولی (١٩٦١)دا بەشداریکردووە، ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد بووە، هەژار شاعیری دڵداری نەبوو، عاشقی کێوو دۆڵو چیای کوردستان بوو،

ئازادیخـواز و پێشـکەوتوخواز و ئاشـتیخوازبوو، بەرهەمێکـی زۆری وەرگێڕراوەتـە سـەر زمانـی ئـازەری و ڕوسـی و فارسـی، لـە مـاوەی ژیانیـدا مرۆڤێکـی بەرهەمـدار بـوو.

مـنزو بـولـبول*

بولبول ئەی یارەکە دێرین خونچیلانەی دندوک زێڕین
هاوفەردی زووم بۆ هەژاری هاوڕێی پێشووم لە دڵداری
وەبیرت دێ پاییزی پار؟ ڕەشپۆشیی دەشتو زەردیی دار؟
گژەو گڤەت لە بادیبوو؟ هەوای پێش تەرمی شادی بوو
دەیدا خشپەی گەڵا ڕێزان خەبەری مەرگی ئازیزان
بەژنو باڵای نێرگزی مەست لە گێرەی گزرەدا پێ بەست
سوێسنەو مێلاقەی زەردو سوور بوونە دەستە چیلەی تەندوور
کڵۆ بەفری درشتو ورد چۆن سەر زەوی کفن دەکرد؟
کوندە بوومەو قەلی ڕووڕەش کەلەپووریان دەکردن بەش
منو تۆی برسیو بێ پەسێو لە کونجێ خزیو بێ بژێو
دەگریای بە بانگو هاوار بۆ خونچە بۆ گوڵ بۆ بەهار!

سێ دێڕ بۆ لەبەرکردنە

*(تێبینی: ئەمە دەقە شیعریە دروستەکەیە)

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
دێرین	:	کۆن، کەون، کەڤن
دندوک	:	دەنووک
هاوفەرد	:	هاوڕێ، هەڤاڵ
سوێسنە	:	سووسن، جۆرە گوڵێکە
بێ پەسێو	:	بێ داڵدە، بێ پەناگە
بێ بژێو	:	بێ کەرەستەی ژیان کە خۆراکە
خشپە	:	دەنگی بەلکو گەڵای درەخت کە لەسەر زەوی با لێیدەدا
گەڵا ڕێزان	:	گەڵاو بەلک هەڵوەرین.
مێلاقە	:	جۆرە گوڵێکی بەهارییە.
کلۆی بەفر	:	دانەی بەفر لەکاتی باریندا.
کفن دەکرد	:	وەک ڕەنگی کفن سپی دەکرد.
کەلەپوور	:	پاشماوەو شتی کۆنینە

دیــلان
١٩٢٧- ١٩٩٠

دیـلان نـاوی (محەمــەد سـالح) کـوڕی مـەلا ئەحمـەدی دیـلان کـوڕی مـەلا سـالح کـوڕی (مـەلا قـادری شـەو خوێـن)ە، کـە لـە قەڵاچۆلانـەوە هاتۆتـە سـلێمانی.

دیـلان لـە سـاڵی (١٩٢٧)ز لـە سـلێمانی لـە گەڕەکی گوێژە لەدایکبووە، سـەرەتای خوێندنـی لـە مزگەوتـی شـێخ بابـە عەلیو قوتابخانەی خالیدییە دەست پێکردووە، تا پۆلی سـێیەمی ناوەندی خوێندووەو بووە بـە فەرمانبـەر. لەبـەر بیرو بـاوەڕی نیشـتمانپەروەریو نەتەوایەتـی، زۆر جـار تووشـی گرتـنو دوور خسـتنەوەو دەسـت بەسـەری بـووە، لـە ١٩٩٠/١٠/٢٨ کۆچـی دواییکـردووە.

دیـلان یەکێـک بـوو لـە شـاعیرە ناودارەکانـی سـەدەی بیسـتەمی کـورد، مـەلا ئەحمـەدی دیلانـی باوکـی کـە پیاوێکـی ئـەدەب دۆسـتو شـارەزابوو، ڕێگای بـۆ خۆشکرد کـە ببێتـە شـاعیر. هەروەهـا هۆنـراوەی شـاعیرانی کـوردی وەک (مەولـەوی، سـالم، پیرەمێرد، حەمـدی، گـۆران، مەحـوی) کاریـان تێکـردووە، لـە هەمـان کاتـدا هۆنـراوەی فارسـی کاری کردۆتـە سـەر بەهـرەی شـیعری بـە تایبەتـی هۆنـراوەی (حافـز، نیزامـی، سـەعدی).

یەکـەم هۆنـراوەی لـە بەندیخانـەی کـوت نووسـیوە، هۆنراوەکانـی لایەنـی نیشـتمانپەروەریو جوانـی وڵاتو دیمەنەکانـی لەخـۆ دەگرێـت، دیـلان لـە هۆنراوەکانیـدا بایەخێکـی زۆری بـە نـاوەڕۆکو بـاری هـزری داوەو ئەم لایەنە بە خەسـتی لەبەرهەمەکانیدا دیارە، ئەوەش دەگەڕێتەوە

بۆ باری ڕۆشنبیری و پلەی هۆشیاری و ڕادەی بەشداربوونی لە بزوتنەوەی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازی و نەتەوەییدا.

دیلان دەسەڵاتێکی باڵای هەبووە لە بەکارهێنانی هێما (ڕەمز) بۆ دەربڕینی مەبەستی تایبەتی، چونکە لەبەر ستەم و زۆرداری و هێزی تاریکی ئەو سەردەمە نەیویستووە مەبەستەکانی ئاشکراو دیار بکات، بەم هێما بەکارهێنانە چەشنە هونەرێکی ڕەنگینو ڕادەیەکی بەهرەدارانەی بە بەرهەمەکانی گەیاندووە، هۆنراوەکانی دیلان لە ڕووی ناوەرۆکو مەبەستەکانەوە ئەم بابەتانە دەگرێتەوە:

١. جوانی سروشت:

بابەتی جوانی سروشت پێشتر لە هۆنراوەی (مەولەوی‌و گۆرانو پیرەمێرد) ڕەنگیداوەتەوە، دیلانیش کە شێوەی هونەری شیعری ڕۆمانتیکی بوو، شەیدای جوانی سروشتی کوردستانو دلداریکی کەم وێنەی دیمەنە ڕەنگینەکانی گوڵو گوڵزاری بەهار بوو، نەخشەکێشانی تابلۆیەکی سروشت یا وەسفکردنی دیمەنێکی سروشت لای شاعیر دەبێتە داهێنانێکو لایەنێکی گرنگی قوتابخانەی ڕۆمانتیکی تەواو دەکات، ئەم پەیوەندییە گیانییەی نێوان شاعیرو سروشت دەگەڕێتەوە بۆ گیانی خۆشەویستی بۆ نیشتمانو نەتەوەکەی.

٢. دڵداری‌و جوانی ئافرەت:

بابەتی دڵداری‌و جوانی ئافرەت وەک بابەتێکی هۆنراوە دیاردەیەکی کۆنە، لە بەرهەمی شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد ڕەنگیداوەتەوە، دیلانیش لە بابەتی خۆشەویستی ئافرەتو جوانی ئافرەتدا هەستێکی قوڵو سۆزێکی بە تینو کاریگەر لە هۆنراوەکانیدا بەدیدەکرێت، تا گەیاندووییەتی بە ڕادەیەکی زۆر بەرز، کە هیچ

جوانییەکی تر نەیگاتێ، لەلایەکی تر وەسفی ئافرەت دەکاتو دەی بەستێتەوە بە کۆڕی تێکۆشانو ڕوو بە ڕووی مەرگ دەبێتەوە.

٣. نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی:

بابەتی هەستی نەتەوایەتیو سۆزی نیشتمانپەروەری لە هۆنراوەی شاعیرە کلاسیکییەکانی کوردی وەک { خانی، حاجی قادری کۆیی، نالی، سالم، ئەحمەد موختار جافو... }دیارە، دیلانی شاعیریش یەکێک بوو لەو شاعیرانەی، کە پەروەردەی بزوتنەوەی نیشتمانپەروەری و خەباتی ئازادیخوازانەی دوای جەنگی دووەمی جیهان بوو، هۆنراوەکانی دیلان ئاوێنەیەکی ڕوونی خەباتو بزوتنەوەی نەتەوەییو ئازادیخوازانەی گەلەکەمانە.

دیلان وەک شاعیرێکی شۆڕشگێڕی کورد تێکۆشانی گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی، کە لە پێناوی سەربەستیدا خەباتیان دەکرد، بزوتنەوەکەیان دەبەستێتەوە بە خەباتی گەلی کوردستان.

دیلان لە ڕووی (کێشو سەروا)وە لە زۆربەی هۆنراوەکانیدا کێشی برگە (پەنجە)و سەروای دێڕی مەسنەوەی بەکارهێناون، چونکە هەستی بە ڕەسەنایەتیو خۆماڵی کێشەکە کردووە، بۆیە گەڕاوەتە سەریان. دیلان جگە لەوەی شاعیربوو ئەستێرەیەکی گەشی درەوشاوەی ئاسمانی ئاوازو گۆرانی کوردی بوو، دەنگ خۆشو مەقام زانێکی کەم هاوتا بوو.

نمونەیەک لە هۆنراوەی دیلان

شێخ مەحمودی زینـدوو

لەکێ بپرسین سۆراخی ڕاستی	دیـارە نزیـک تـر هـەر بەرانانـە
بەرانان دەخیل دراوسێی دڵسۆز	ئێستا ئەو بەرت کێی لا میوانە؟
هەواڵـێ پرسـە لـە داری کەلـی	شێخ لـەوێ مـاوە یـا لـە سـەیوانە؟
ئێستە سێبەری سەرجەستەی کفنـی	هەتـاوی سـوورە یـا ئەرخەوانـە؟
ئێستە پێخەفی نـەرمو نۆڵـی شـەو	بـەردە یـا خاکـی کانی ئاسکانە؟
بـەردە قارەمـان لـە جێـی خـۆی مـاوە	هـەر لـە دەربەنـدە یا لـە پیرانە؟
ئێستە ئـاو باریک وەک بوومـە لـەرزە	هـەر هـەڵ ئەلـەرزێ یا لە وەستانە؟
کوا شێخ؟ کوا نـەوەی ئەحمـەدی کاکی؟	کـوا نەبەردەکـەی ئەم نیشتمانە؟
بەرانـان دیـارە قورگت گیـراوە	چـاوت لیخنـی خـوڕی گریانـە
سـەرت چەپۆکی کۆچـی بـێ وادەی	شـێخ خوولـی داوە سستی فغانە
بەڵام بەرانـــــان گوێم لێ ڕاگرە	من کوردم، کوردیش گەلە، ئینسانە
هـەزار ئەوەنـدە بخرێتـە بینـی	دەستی گـەردوونو چنگـی زەمانە
کورد شۆڕە سواری وەک شێخی بوو بێ	سەر نەوی ناکا لە بۆ بێگانە

لە سەرەتاوە سێ دێر بۆ لەبەرکردن

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
شەو بەرد	:	ناوی گەڕەکە
کانی ئاسکان	:	ناوی کەڕەگە
بەردە قارەمان	:	ناوی شوێنە.
بەرانان	:	ناوی زنجیرە چیاییێکە
داری کەلی	:	گوندەکەی شێخ مەحمودە
دەربەندە	:	مەبەستی دەربەندی بازیانە
ئاوباریک	:	ناوی گوندە
لیخنی	:	شێلوی

وەرزێ دووەم

سەبری بۆتانی
(١٩٢٥- ١٩٩٨)ز



سەبری بۆتانی ل سالا ١٩٢٥ز ل گوندێ (دەلو)ێ ل باژێرێ (سێرتێ) ڤە لکوردستانا تورکیا ژ دایک بوویە، ل مزگەفتێو ل خواندنگەهێ خواندییە، بەلێ دەست ژ خواندنێ بەردایە و کەفتییە ناف خەباتا کوردینیێ و خزمەتا وەلات.

ل سالا ١٩٤٦ێ هاتە گرتنو دزیندانا (موسل) هاتە زیندانکردن، هەر لوێرێ ژ نو دەست بە ڤەهاندنا هەلبەستێکر، ل سالا ١٩٦١ گەهشییە ناڤرێزێن شۆرشا ئەیلولا مەزن.

بۆتانی چرایێ مەیدانا ئەدەبو رۆشنیرییا کوردییە، بەرهەمێن وی (پەخشانو هۆنراو)، ئەڤینداریيا وەلاتو کوردینییو مرۆڤایەتییو برایینیو وەک هەڤی، بخۆ ڤەگرتییە، نازکو ئاسان هاتینە نڤیسین هەموو تەخێن جڤاکیو کۆمەلێن خەلکی تێبگەهن.

ب درێژاهیا ژیانا خۆ خەبات بۆ کورد و کوردینیێ کرییە و هەردەم پێنوس و خامێ وی دڤێیرێ دا بەرهەمدار بوویە و بە دەیان ڤەکۆلین و چیرۆک و پەخشان و بابەتێن فۆلکلۆری د گۆڤار و ڕۆژنامێن کوردیدا بەلاڤ کرییە، ل ١٩٩٨/١٠/٢٥ ل باژێری ئۆسلۆی پایتەختێ نەرویج گیانێ خۆ ل دەستدایە و هەر ل وێرێ هاتییە ڤەشارتن.

نمونە:

ئەڤ هەلبەستە ب هەلکەفتا دەست پێکرنا شۆرشا نو هاتییە نڤیسین.

عاشقان پەردە دڕاندن چەپو ڕاســـت
نامە ل پێ نامێ شاندن چەپو ڕاست
پەیکو مزگێنی دهاتن پێلو پیــــــل
ب ئاوازەک نوو ستراندن چەپو ڕاست
جوتیارو ڕێنجبەرو پالان شەڤ و ڕۆژ
ژ دەمێ هەڤ دڕەڤانەن چەپو ڕاست
شلیپان دهاتن مەیدانێ کتو جـــــۆت
وەک بازان شەپەڕ شەقاندن چەپو ڕاست
خورشیدو شێرو شاهینان ڕاهێلانــــێ
کۆزکو چەپەر شکاندن چەپو ڕاست
خوەش د خوەندن قەق بوو هەی قەقە بوو
کافر دخوونێ گەڤزاندن چەپو ڕاست
ئەڤینداران جانو دل دان دلستانێ
تەڤنا ژینەک نوو ڕاچاندن چەپو ڕاست
ترسو لەرزا ڤێ خەباتو کێڤە ڕاتـــــێ
بەگو دوژمن لەرزاندن چەپو ڕاســـــت
خوە پەرستان ئەڤ سەرو ئەو سەر لەیزتن
خوە ب دۆلارا وەڕماندن چەپو ڕاســــــت
تۆڤێ ڕکو کەربو کینا ڕەش ڕەشاندن
دوەلاتێ مەدە چاندن چەپو ڕاســــــت
ئەڤ هەموو دەردو خەمو زۆرو ستەم
دوژمنا ل مە باراندن چەپو ڕاســــت

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
شلیپان	:	شەپول شەپول
کێفەڕات	:	خەبات
کتو جۆت	:	تاکو جوت
شەپەڕ	:	شاپەڕ
قەق بوو	:	دەنگی کەو، قاقبەی کەو
گەڤزاندن	:	گەوزاندیان
دخونێ	:	لە خوێندا
تەڤن	:	تەون
نامەل پێ نامەشاندن	:	نامەیان دوای نامە نارد
پێلو پێل	:	شەپۆل شەپۆل
سەر بباژێڕێ	:	سەر بەشاری
ژ دایک بوویە	:	لەدایکبووە
خواندیە	:	خوێندوویە
دەست ژ خواندنێ بەردایە	:	دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە
کەفتیە ناڤ خەباتا کوردینیێ	:	کەوتووتە ناو خەباتی کوردایەتی
گەیشتیە ناڤ ڕیزین	:	گەیشتووتە ناو ڕیزەکانی
شۆڕشا ئەیلولا مەزن	:	شۆڕشی مەزنی ئەیلول
ئەڤیندارتیا وەلات	:	خۆشەویستی وڵات
وەک هەڤی	:	وەک یەکیی، یەکسانی
بخۆ ڤەگرتییە	:	گرتوویەتییە خۆ
ڤەکۆلین	:	لێکۆڵینەوە.
بەلاڤ کردیە	:	بڵاوی کردووتەوە.

مقداد مەدحەت بەدرخان

(مقداد مەدحەت بەدرخان) کورێ (میر بەدر خان)ە، بنەماڵا وان ب (ئازیزان) دهێتە ناسکرن کۆ ژ سالا (١٥١٤- ١٨٤٧) میرێن میرنشینا (بۆتان) بوون، ڕۆلەکێ گرنگ د چاندنا هەستێ نەتەوایەتی دناڤ میللەتێ کورددا هەبوو.

(میر بەدرخان) پارەک تایبەت ب ناڤێ خۆ بۆ میرنشینا (بۆتان) دەرخستبوو، سەرکێشی ڕۆژنامەڤانێن کورد (مقداد مەدحەت بەدرخان) دەمێ هەست پێکری کۆ مللەتێ کورد پێویستی خەباتەکا ڕۆشنبیرییە، ب فەر زانی ڕۆژنامەکا کوردی بەلاڤ کەت، لێ ژبەر کۆ سولتانێن عوسمانیان نە دهێلا ڕۆژنامەڤانیا ئازادی یا هزرو بیران هەبیتو زانینو ڕۆشنبیری دناڤ جڤاکێ کوردیدا بەلاڤ ببیت، مقداد مەدحەت نەچار بوو مشەختی (قاهیرە)ی پایتەختێ میسرێ ببیت و ڕۆژنامەکێ ب ناڤێ (کوردستان) ل وێرێ دەربێخیت.

ئێکەمین ژمارا ڕۆژناما (کوردستان) ل ٢٢ی نیسانا ١٨٩٨ێ ل (قاهیرە) دەرچوو کو ئەڤ ڕۆژە گهوڕینەکا گرنگ بوو د دیرۆکا میللەتێ کورددا. دڤێ ڕۆژێدا پەیڤا کوردی دگەل گولـلا تڤەنگا خەباتکاران بوونە هەڤسۆز. سولتانێ عوسمانی د خوەست ڕۆژناما (کوردستان) هێشتا د لاندکێدا سەر ژێکەت داکۆ پێ نەگەهیتو نەبیتە ماکو نڤش ژێرا چێنە بیت، لێ خورتێن بەدرخانی ژ خوەستێن سولتانی ب هێزتر بوون لەورا شیان درێژیێ ب دەرچوونا ڕۆژناما (کوردستان) بدەنو دناڤبەرا سالێن (١٨٩٨- ١٩٠٢) (٣١) ژماران ل

چار باژێرێن جودا جودا دەرێخن، هەر ژمارەکێ (٢٠٠٠) دوو هەزار دانە ژێ چاپکرنو وەشاندنە کوردستانێو ب سەر خەلکێدا بەلاڤ دکرن ب مەرەما رۆشنبیرکرنا مللەتێ کوردو گرنگیدانێ ب زمانێ کوردی.

(مقداد مەدحەت)ی ژمارە (١- ٥) ل قاهیرە دەرخستن پشتی هینگێ توشی نەخوشیێ بوو، سولتانێ عوسمانی نەچارکر کۆ ڤە گەرێنە ستەنبولێ، برایێ وی یێ بچوک (عەبدولرەحمان پاشا بەدرخان) نەچار بوو بەرەڤ (جنیف- سویسرا) بچیتو رۆژناما (کوردستان) ژ ژمارە (٦- ١٩) ل ویرێ دەربێخت. جارەکا دی ڤەگەریا (میسر) ێو ژمارە (٢٠- ٢٣) ل (قاهیرە) دەرخستن، ژمارە (٢٤) ل (لەندەن) دەرخست، ژمارە (٢٥- ٢٩) ل (فۆلکستوون) ل ئینگلتەرا دەرخستن، ژمارێن (٣٠- ٣١) ل جنیڤ هاتن دەرخستن کۆ ژمارین داویێ بوون.

بابەتێ، رۆژناما (کوردستان) بخۆڤە گرتین (سیاسی، دیرۆکی، جڤاکی، ئایینی... هتد) بوون ژمارا داویێ (٣١) ل (١٤ی نیسانا ١٩٠٢) دەرچوویە.

پارچەکا ڤێسینا مقداد مەدحەت بەدرخان

د ئیکەمین ژمارا رۆژناما (کوردستان)دا بەلاڤ بوویەو تیدا مەرەما دەرخستنا رۆژناما کوردستان دیار دکەت، بێ دەستکاری تنێ رینڤیس هاتییە گهۆرین.

(سەد هزار شوکر و حەمد ژ خودێ تەعالارە ئەم موسلمان خەلق کرنو دزانینا عیلمو مەعریفەتێ دە هشو زەکادا مە. دەرحەقا عەلماندنا عیلمو مەعریفەتێ رە گەلەک ئایەتێن جەلیلەو ئەحادیسێن شەریف هەن، دونیایێ دە چقاس موسلمان هەبن د گوندو باژێرێن هەمیادە مەکتەبو مەدرەسەو

جەریدە هەن، دوونیایێ دە چ دبەو چ نابە جەریدە دنڤیسن حەیفا من تێت ژ کوردارە کورد ژ گەلەک قەوما زێدەتر خودێ هشو زەکانە، جامێرن دبونێن خوە دەراستو قەوی نە، خورتنو دیسا وەکە قەومێن دی نەخوەندانە، نە دەولەمەندن، دوونیا یێ دە چ دبە جیرانێ وان موسقوف چاوەیە وێ چ بکە نزان لەوما ریا خودێ دە من ئەڤ جەریدەیاها نڤیسی ب ئیزنا خودێ تەعالا پاش نهۆ دهەر پازدە رۆژا دە جارەکێ ئەزێ جەریدەکێ بنڤیسم، ناڤێ وێ من کریە (کوردستان) دڤێ جەریدێ دە ئەزێ بەحسا قەنجیا عیلمو مەعریفەتا بکم. ل کو دەرێ مرۆڤ دعەلمە، ل کو دەرێ مەدرەسەو مەکتەبێن قەنج هەنە، ئەزێ نیشا کوردا بکم، ل کودەرێ چ شەڕ دبە دەولەتێن مەزن چ دکن چاوە شەڕ دکن تجارەت چاوە دبە، ئەزێ هەمیا حیکایەت بکم هەتا نهۆ کەسێ جەریدەک هولێ نەنڤیسییە ئەڤ جەریدە یا منا یا ئەولییە، لەو ما وێ گەلەک کێمایی هەبێت، ئەز هیڤی دکم کێمایا جەریدێ ژ من رەبنڤیسن هەمی تشت وەکی نوو چێ دبن کێمن، (پاشی هینگێ دچە دکەوە ریدە) ئەڤە ئێدی ئەزێ دەست بە مەقسەدێ بکم)).

٢. هەروەها لە ژمارە (٣)ی ڕۆژنامەی (کوردستان) کە لە ١٨٩٨ز لە میسر دەرچووە، (مقداد بەدرخان) دەنووسێت:

((عالمەک ژ سۆرا هەبی سالا دی وەفات کر رەحمەتا خودێ لێ بە، خودێ گونەهێن وی بغەفرینە، ناڤێ وی (حاجی عەبدولقادر) بی، ئەڤ مرۆڤ ساغیا خوەدە گەلەک خەبتی دەرحەقا عەلماندنا علمو مەعریفە تێرە، گەلەک بەیتو ئەشعارێن کرمانجی دنڤیسی، رێ دکر ولاتێ خوە سۆرا، عەزمانێ وی عەزمانێ سۆرایە لۆما کورد حەمی ڤی عەزمانی نزانن، پشتا کتێبا مەمو زینی دە بخەتێ دەستێ خوە هن بەیت نڤیسینە، تەبەروکەن من ئەو ئەبیات لڤی جەریدەییدە بنڤیسین)).

ئەم دوو پەخشانە تەنها بۆ خوێندنەوەیە

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
دهێتە ناسکرن	:	دەناسرێت
سەر کێش	:	پیرەو
ب فەر زانی	:	بەگرنگی زانی (بە پێویستی زانی)
نە دهێلا	:	نەیان دەهێشت
جڤاک	:	ئەنجومەن
مشەخت	:	دەربەدەر
ل وێرێ	:	لەوێ
دیرۆک	:	مێژوو
هەڤسۆز	:	هاوسۆز
سەر ژێکەت	:	سەری ببرێت
نک	:	داک
نڤش	:	رەگەز
خورت	:	دلێر
خوەست	:	ویست
ژ سۆرا هەبی	:	لە سۆران هەبوو، مەبەستی ناوچەی سۆرانە
سالا دی	:	ساڵی پێشوو، ساڵی ڕابوردوو
ساغیا خوەدە	:	لەژیانی خۆیدا، کاتێ کە ساغ بوو
گەلەک خەبتی	:	زۆر (گەلێک) خەباتی کرد

وشە		واتاکەی
ڕێ دکر	:	دەینارد، ڕەوانەی دەکرد
عەزمانێ وی	:	زمانی ئەو
لۆما	:	چونکە، لەبەر ئەوەی
حەمی	:	هەموو، هەمی، گشت
هن بەیت نڤیسینە	:	هەندێک بەیت یا شیعری نوسیووە
لەوڕا	:	بۆیێ، ژبەر هندی
شیا	:	توانی
ژێ	:	لێی
ب هەروەیی	:	بە خۆڕایی، بێ پارە
مەرەم	:	ئامانج، مەبەست
چقاس	:	چەند
لەکو؟	:	لە کوێ؟
چاوە	:	چۆن
نوو	:	نوێ، تازە
دچەو دکەوە ڕیدە	:	دەچێتو دەکەوێتە رێ



شاكر فەتاح
(١٩١٤- ١٩٨٨) ز

ناوی (شاكر كوڕی فەتاحی كوڕی ئەحمەد)ە، لە ساڵی (١٩١٤)ز لە شاری سلێمانی لەدایكبووە، لە بنەماڵەیەكی خوێندەوار پەروەردەكراوە، لە سەرەتای منداڵیدا چووەتە بەر خوێندن لە حوجرەی فەقێیان، لە دواییدا چووەتە قوتابخانەو سەرەتایی لە سلێمانی تەواوكردووە، دواناوەندیو كۆلیجی مافی لە بەغدا تەواوكردووە،

لە شەوی ١٨-١٩٨٨/٣/١٩ گیراوەو لە ناوەڕاستی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ز گوللە باران كراوەو گەیشتۆتە ڕیزی شەهیدانی كوردستان، شاكر فەتاح یەكێكە لە نووسەرە ناسراوو ناودارەكانی كورد، كە لە ماوەیەكی گرنگو پڕ ڕووداو لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیریو ئەدەبیدا ڕۆڵێكی گەورەی هەبووە، خزمەتی فرە مەزنی نەتەوەكەی كردووە، چونكە بەردەوام خامە ڕەنگینەكەی بۆ مەبەستی وشیاركردنەوەی میللەتەكەی خستۆتە كار، لەم بوارەدا یەكێكە لەو نووسەرانەی كە بەهۆی بەرهەمەكانییەوە وای كردووە بچێتە ڕیزی پێشەنگانی ئەو نووسەرانەی كە بەرهەمیان زۆرە. ئەوانەی كە زۆر كاریان لە شاكر فەتاح كردووەو جێ پەنجەیان لەسەر كەسێتی ئەو دیارە مامۆستا (محەمەدەمین زەكی، توفیق وەهبی، حوسێن حوزنی موكریانی) بوون، هەروەها هۆنراوەكانی حاجی قادری كۆیی زۆر كاری تێكردووە،

لەگەڵ ڕۆژنامەکانی (بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، ئومێدی ئیستیقلال، بانگی هەق).

شاکر فەتاح لە پیرەمێرد فێری نووسینو خوێندنەوەی کوردی بووە، کە چۆتە لای هانیداوە بۆ کۆکردنەوەی وشەی کوردیی پەتی، زۆرجار بە دوای ئەم وشانەدا زۆر شوێن گەڕاوەو تۆماری کردوونو بۆی بردووە.

شاکر فەتاح لەگەڵ دەست بەکاربوونی وەکو (قایمەقام) لە شارۆچکەکانی کوردستاندا، خەریکی دەرکردنی ڕۆژنامەو شانۆگەریو کردنەوەی کتێبخانەو بەخشینی کتێب بووە، کە ئەمەش دەرفەتێک بووە بۆ زیاتر گەڕانو هۆگربوونی بە دونیای ڕۆشنبیری تا دوا چرکەکانی ژیانی، کتێب نزیکترین هاوڕێی بووەو بێ کتێبو خوێندنەوە هەڵینەکردووە. لەگەڵ گەشانەوەی ئەدەبیاتی کوردی لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا، شاکر فەتاح بە جۆشو خرۆشەوە ڕۆڵێکی باشی لە بزوتنەوەی ڕۆشنبیریو ئەدەبیو ڕۆژنامەگەریی کوردی گێڕاوە. لە گەلێ بواری جیا جیاو مەیدانی تری نووسیندا قەڵەمەکەی وشکی نەکردووە، دەتوانین بڵێین لە هەندێک بواردا یەکێکە لەو پێشەنگانەی بەرهەمیان لە مەیدانی وتارو چیرۆکو گەشتنامەو ژیاننامەدا، ئەدەبی کوردی ڕازاندۆتەوە.

شاکر فەتاح لە گەلێ بواردا بەرهەمی ئەدەبی هەبووە، لەوانە:

١. **هۆنراوە:** زۆربەی هۆنراوەکانی لە دەوری مەبەستی کۆمەلایەتی و وەسف و دلداری و نامەی شیعری دەسوڕێنەوە، پرسی هەژاری و زۆرداری و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی کۆمەڵی کوردەواری

و وەسـفی سروشـتی کوردسـتانو ئافـرەت بـە زەقـی لـە ناوەڕۆکـی هۆنراوەکانیـدا ڕەنـگ دەدەنـەوە.

٢. **وتــار:** لـە سـەرەتادا گرنگـی بـە وتـاری ئەدەبـی داوە، لـە دواتـردا زیاتـر گرنگـی بـە وتـاری کۆمەڵایەتـی داوە، بـە قوڵـی گیروگرفتـە کۆمەڵایەتییەکانـی خسـتۆتە ڕوو، ئەوەنـدەی پێیکرابـێ چارەسـەری بـۆ دۆزیونەتـەوە، هەروەهـا هەندێـک وتـاری سیاسیشـی نووسـیوە.

٣. **چیـرۆک:** کۆمەڵێک چیرۆکی نووسـیوە، لـە ناوەڕۆکیاندا باسـی گەلێک دەردی کۆمەڵایەتیو گەلێک دیمەنی دواکەوتنی کۆمەڵی کردووە.

٤. **چیـرۆک بـۆ منـداڵان:** کۆمەڵـە چیرۆکێکـی منداڵانـی نووسـیوە، هەروەهـا چەنـد چیرۆکێکـی منداڵانـی وەرگێـڕاوە بـۆ زمانـی کـوردی.

٥. **ژیاننامـە:** چەنـد ژیاننامـەی نووسـیوە وەک (ئاوێنـەی ژینـم، خەباتـی ڕۆشـنبیران، یادنامـە).

٦. **گەشـتنامە:** چەنـد گەشـتنامەیەکی نووسـیوە وەک (گەشـتی پێنجویـن، گەشـتی شـارباژێر، گەشـتی سـرۆچک، گەشـتی هەڵەبجـەو هەورامـان).

٧. **گفتوگـۆ:** لـە نامیلکـەی ئاهەنگـی ڕۆشـنبیراندا سـێ گفتوگـۆی جـۆراو جـۆری لـە بـارەی (کۆمەڵایەتـی، مێـژووی، ئایینـی) بڵاوکردووتـەوە.

٨. **لێکۆڵینـەوە ئەدەبییـەکان:** لـە بەرهەمـی ئـەم شـاعیرانەی کۆڵیوەتـەوە (ئەحمـەدی خانـی، دامـاوی موکریانـی، زێـوەر، بێکـەس، حاجـی قـادری کۆیـی، مـەلا کاکـە حەمـە).

٩. **وەرگێـڕان:** لـە بـواری وەرگێرانـدا ڕۆڵێکـی گرنگـی گێـڕاوە، گەلێـک کتێبـی نووسـەرە ناودارەکانـی جیهانـی وەرگێـڕاوە بـۆ زمانـی کـوردی.

شاكر فەتاح نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزبوو، کوردایەتی‌و پرسی نەتەوەکەی، ئامانجی پێگەیاندنی میللەتە ژێر دەستو چەوساوەکەی تاکە مەبەستو ئامانجی بووە. خاوەن هەڵوێست بووە، لە ڕووی ناهەق‌و زولمو نا عەدالەتی‌و دیاردەی نا بەجێ وەستاوە، بێدەنگ نەبووەو سەری شۆڕ نەکردووە لە ئاست هەڕەشەو چاو سوور کردنەوەو تۆقاندن. ئەم هەڵوێستە بە درێژایی تەمەنی‌و هەر لە خۆناسینەوە لەگەڵی گەورە دەبێتو سەرەنجامیش دوا هەڵوێستی بە شەهیدکردنی دا.

نمونەیەک لە پەخشانی شاکر فەتاح

بەرخەکە!

کوڕەکەم لە تەمەنی دوانزە ساڵاندا بوو، ڕۆژێک هەستیکرد بە ئاوارەیی‌و تەنیایی، ئەگەرا بۆ شتێک دڵی خۆی پێ خۆش بکات، خۆشەویستی‌و دڵسۆزی‌و چاودێریی خۆی تیا بەخت بکات، نا چاری کردم بەرخۆڵەیەکی بۆ بکرم لە مەڕسەربڕێک (قصاب) زۆری پێ نەچوو کوڕەکەم بوو بە دۆستێکی گیانی بەگیانیی بەرخەکە، بەرخە بەسەزمانەکە وا هۆگری بوو بوو کە کوڕەکەم ئەڕۆیشت ڕای ئەکرد بە دوایا، لێی ئەچووە پێشەوە، خۆی تێ هەڵ ئەسوو، یاری لەگەڵ ئەکرد، کوڕەکەمی لە جێگای دایکی دانابوو، ئەو دایکەی کە خواپەرستی‌و ناپەسەندی نەوەی ئادەم لەوی جوێ کردبووەوە!

هەر چەند بەرخەکە بە تەنیا بمایەوە ئەیباڕاند: کوڕەکەمی بانگ ئەکرد پێویستیی جێ بەجێ بکات، هاودەمی بکات، دڵی خۆش بکات، جا کوڕەکەم چەند بەختیار بوو بوو بەو بەرخە بەسەزمانە!

بەرخەکە هەموو کاتێکی، هەموو بیرەورییەکی کوڕەکەمی داگیرکردبوو، کوڕەکەم ئەوەندەی بە تەنگ دڵی ئەو بەرخەوە بوو، بە تەنگ دڵی کەسی ترەوە نەبوو!

بەڵام بەلای منەوە باڕاندنی بەرخەکە لە بانگ کردنی کوڕەکەم زۆرتری تیابوو، شتێکی گرنگ تری تیا بوو، دیلییو بەندەییو بێ دەسەڵاتیی بەرخەکەشی ئەنواند بەرامبەر بەهێزێکی وا کە نەی ئەتوانی بەرەنگاری بکا! بەرخەکە لە خۆشەویستیو دڵسۆزیو چاودێریی دایکی بێ بەش کرابوو، لە خۆشەویستیو دڵسۆزیو چاودێری کوڕەکەم دڵنیانەبوو، بەشتێکی دەست کردی ئەدایە قەڵەم، ئەو حەزی ئەکرد بچێتەوە لای دایکی، حەزی ئەکرد سەربەستی خۆی دەست کەوێتەوە، لە زۆرداری دوور کەوێتەوە، لەبەر ئەوە هەستی بە ترس ئەکرد، ئەترسا لەوەی شتێکی بەسەر بێ! لە ڕاستیدا بەرخەکە بە هەڵە نەچوو بوو...

چۆن ئەبوو باوەڕبکا بە دۆستایەتیی کوڕەکەمو ئەو مەڕ سەربڕەی کە ئەو بەسەزمانەیان لەدایکی خۆی کردبووەوە؟!.. بەرخەکە بە دڵ هەستی ئەکرد بە جیاوازییەکی گەورە لە ناوەند خۆشەویستیی دایکی کە پڕ بوو لە دڵسۆزیو خۆ بەخت کردنو خۆشەویستیی کوڕەکەمو مەڕسەربڕەکە کە پڕ بوون لە خۆ پەرستی!

لەبەر ئەوە چەند بە تەنها بمایەوە ئەیباڕاند، ئەلالایەوە چونکە خۆی لەتەنگو چەڵەمەدا ئەدی، دەترسا لەوەی لەناو بچێ، وا تێ گەیشتبوو کە ئەگەر بەهۆی کەم تەرخەمیی کوڕەکەمەوە لەبەر بێ ئاوو بێ خۆراکی نەمرێ، دوور نییە سەگو گورگ لە پەرژینی خانووەکەوە باز بدەنە ژوورەوە پەلاماری بدەن بیخۆن، یاخود دزو

درۆزنو زۆردار بەشەو بیدزنو سەری بڕنو گۆشتەکەی بفرۆشن!

بەڵکو بۆی هەیە کوڕەکەم خۆی سەری بڕێو بیبرژێنیو بیخوا، ئەمە ڕاستە کوڕەکەم دۆستێتی، دڵسۆزێتی، بەڵام تەقو ئارەزووی چووە سەر گۆشتە ناسکە خۆشەکەی؟! کێ ئەڵێ سەری نابڕێ؟ بۆ چ هەموو ڕۆژ هەزاران بەرخی وەک خۆی سەر نابڕێن بۆ خۆشیی بن دانی کوڕەکەمو هاوتای کوڕەکەم؟!..

لەبەر ئەوە بارە باڕی ئەو بەرخە لە باوکو دایک بڕاوە کلۆڵە، کە وەک هاوارێکی بێ دەسەڵاتو بێ چارانم ئەهاتە بەر گوێ، کە سێ دارە لە نزیکیانەوە هەڵخرابێ، دڵمی ئەسوتاند، جەرگمی ئەبرژاند!

تەنانەت ئەوەشی لەبیر ئەبردمەوە کە کوڕەکەمو هەموو خێزان نازیان ئەکێشاو چاودێرییان ئەکرد! بەڵام منیش بە هەڵەدا نەچوو بووم، زۆری پێ نەچوو دۆستایەتیو نازکێشانو دڵسۆزی بەرانبەر بەرخەکە لەبیر کوڕەکەمو خێزان چووەوە کاتێکم زانی بەرخی بەسەزمانیان داوە بە زەویداو ئەیانەوێ سەری بڕنو گۆشتەکەی بکەن بە چێشت کە لەسەیرانێکا دەرخواردی چەند میوانێکی زۆرداری وەک خۆیانیان بدەن! باش بوو فریاکەوتمو بەرخی بەسەزمانم لەدەستیان ڕزگارکرد!...

گەلێک لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتیش داخەکەم لەو بەرخە بەسەزمانە ئەکەن! ئەوانیش هەر چەندە سەرۆکە خۆ پەرستەکانیان خۆشەویستییان بۆ ئەنوێننو یارمەتییان پیشان ئەدەنو چاودێرییان پێشکەش ئەکەن...

بەڵام هەی هوو! تازە چاویان کراوەتەوە، قەت چەواشە نابن، لە ترسی گیانی خۆیان ناچارن هەر هاوارو فریاد بکەن تا خوا دەرگایەکی ڕزگاربوونیان لێ ئەکاتەوە!.

(ئەم پەخشانە تەنها بۆ خوێندنەوەیە)

سەرچاوەکانی هەردوو بەشی ڕێزمانو ئەدەب

١. ڕێزمانی کوردی- جێناو- د. ئاو ڕەحمانی حاجی مارف.

٢. ڕێزمانی کوردی- ئاوەلکردار- د. ئاو ڕەحمانی حاجی مارف.

٣. ڕێزمانی کوردی- نوری علی امین.

٤. دەستور زبان پێنج استاد- رشید یاسمیو هاوڕێکانی- بە فارسی.

٥. ڕێزمانی کوردی- صادق بهاو الدین.

٦. دستور زبان فارسی- دکتور نادر و زین پور.

٧. مەمو زین لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی علی فەتاح دزەیی.

٨. دیوانی حاجی قادری کۆیی لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حمید میرانو کریم شارەزا.

٩. دیوانی پیرەمێرد- محمد رسول هاوار.

١٠. باغێ کوردا- دیوانی ئەحمەدێ نالبەند- کۆمکردنو تویژاندنا گەمائی.

١١. دیوانی گۆران- چاپی ١٩٨٠- بەغدا.

١٢. کاروانی شیعری نوێی کوردی- ١٩٧٨- کاکەی فەللاح.

١٣. دیوانی دیلان- ١٩٦٩.

١٤. دیلان شاعیرو ئازادیخواز- ١٩٨١ دڵشاد عەلی.

١٥. نوبهارا ئەحمەدێ خانی- تویژاندن حمدی عبدالمجید السلفی- بەغدا.

١٦. مجله پقافه الهند- المجلد الخامس- سبتمبر ١٩٥٤- العدد الپالپ.

١٧. الاسگوره والتاریخ فی التراپ الشرقی القدیم.

١٨. زمانو ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی- د. عزالدین مستەفا رسولو هاوڕێکانی.

بەشی خوێندنەوە

١. دوازدە سوارەی مەریوان
٢. نرخی سەربەستی
٣. ڕەواندز
٤. دارگوێز
٥. بەرزە بوون
٦. گورگو ئێستر
٧. سەر هڵدان
٨. هونەری شانۆگەریی پێویستی بە هەرەوەزە.
٩. نامیق کەمال
١٠. هەژاری
١١. ئەز دزانم ئاڤ ل سەر چ ڕا دچت بەلێ نابێژم
١٢. ژیانی کۆچەر
١٣. قازی محەمەدی پێشەواو کۆماری کوردستان
١٤. ژیانی ئەمڕۆم دەفرۆشم بۆ کڕینی نانی سبەی

دوازده سوارەی مەریوان

شـار قەڵاچۆلانـە، حوکمـڕان ئەحمـەد پاشـای گەورەیـە کـە بـە (شـا غـازی ئەحمـەدی لەشـکر شـکێن) بەناوبانگـە، شـیرو قەڵغـان چەکـی دەسـتی سـوار چاکانـی مەیدانـە، ئێـواران لـە کەنـار چەمـی قەڵاچـوالان دیـوان دەگیـرێ، پیـاو ماقـوڵان کۆمـەڵ لـەو گـوێ ئـاوە دادەنیشـن.

ئێوارەیـەک پیاوێکـی بەشـکۆی ئەسـمەر، ڕیشـێکی سـپی تەنکـی هێشـتبووەوە بـە ڕێـدا دەهـاتو لۆزەندەرێکـی کەڵەگەتـی چوارشـانە لـە پشـتەوە بـوو، تـازە خەتـی سـمێڵی دانابـوو چـاوی وەک ئەسـتێرەی سـیوەیل دەدرەوشـایەوە، کـە گەیشـتە پێشـەوە بـە شـەرمەوە هەواڵـی پاشـاو سـەلیم بەگـی مامیـان پرسـی، کـە ئەحمـەد پاشـایان پیشـاندان زۆر بەڕێـزەوە سـڵاویان کـردو چوونـە پێشـەوە ئەحمـەد پاشـا هەواڵـی دەپرسـێ تـا بزانـی کێیـە، ئەویـش خـۆی دێتـە زمـانو دەڵـێ: پاشـام مـن مـەلا هەمـزەی ئەفغانیـم ئـەو لاوەش (ئەکـرەم) ی بچووکتانـە، سـەودای دلاوەریو چەکبـازی لـە کەللـە دایـە ناوبانگـی زەبـرو زەنگـی سـەلیم بەگـی بیسـتووە بەڵێنـی بـە خـۆی داوە ئەگـەر سـەلیم بـەگ بتوانـێ شـیرەکەی هەڵسـوڕێنیو دایوەشـێنێ، هەتا ماوە نۆکەری دەکات، ئەحمەد پاشـا، کە بینـی کـوڕە تـا دەسـت هەڵبـڕی کەڵەگـەتو چـوار شـانەیەو شیرەکەشـی نیـوە، خێـرا فەرمانـدەدات کـە سـالم بـەگ ئـاگادار بکـەن میوانـی هاتـووە پـاش تاوێـک سـالم بـەگ پەیـا دەبێتـو بەخێرهاتنی میوانـەکان دەکات، کـە چـاوی بـە شـیرەکەی ئەکـرەم دەکەوێـت زۆر دڵـی تێـی دەچـێو یارمەتـی وەردەگرێـت کـە سـەیری بـکات، هـەر کـە دەسـتی دەداتـێ زۆر بـە ئاسـانی لـە کالانـی دەردەکێشـیو بـەم شـان بـەو شـاندا هەڵـی دەسـوڕێنیو هەڵـی دەدات بـە ئاسـماندا.

که ئەحمەد پاشا بینی ئەو شیرەی دلاوەرێکی ئەفغانی پێوەی دەنازێت دەیگوت کەس ناتوانێت ڕایوەشێنێت، کەچی وا سەلیم بەگ بە ئارەزووی خۆی یاری پێدەکات، وەک گوڵ گەشایەوە ئەکرەمیش زۆر شادمانبوو، کە زانی وا تووشی گەورەی خۆی هاتووە، سەلیم بەگیش بە پاشای گوت: ئیتر ئەمانە دەستە برای منن، ئەمان بوون بە هاوڕێی گیانی بەگیانی. ڕۆژان هاتو ڕۆیشت، کاتی ڕاوە بەراز هاتە پێشەوەو لەسەر هاتنی کوێخای (بەکراوا)و (گوڵعەنبەر) بۆ لای پاشاو هاوارو دادیان لەدەست زۆری بەراز کە هیچیان بۆ نەهێشتوونەتەوە. پاشا گوتی: کوان شیر وەشێنەکان هونەر ئەوە نییە لەبەر دەمی ئێمەدا هەڵیانسووڕێنن، سەلیم بەگ تێگەیشت، کە پاشا لەگەڵ ئەوانیەتی بۆیە ڕوویکردە هەردوو کوێخاو گوتی: ئێوە لە پێشەوە بڕۆنەوە، سبەی ئێوارێ خوا یار بێت لاتان میوانین، ئیتر لە دیوەخان هەڵساو لەگەڵ ئەکرەم ڕوویکردەماڵی خۆیانو ناردی بە شوێن ئەم پیاوانەی خوارەوە:

١. جوامێر ئاغای ڕەنگینە
٢. ئاغال ئاغای سیوەیل
٣. زەینەڵ بەگی مەسرەف
٤. مەحمود بەگی قەدیمی باش چاوەش
٥. دارا ئاغای میرەدێ
٦. فرامرزی زەنگنە
٧. سوار ئاغای بلباس
٨. مەمەند ئاغای میراو دەلی
٩. شاپور ئاغای بەختیاری
١٠. زڵاڵ ئاغای مەرگەیی
١١. میران بەگی وەڵەدبەگی
١٢. چەلەبی قەدیمی هەمەوەند

لەم یەکە یەکە سوارانە دوازدەی جەنگاوەری دلێری کۆکردەوەو پێیگوتن بەیانی زوو بەفێنکی سوار دەبین لێرەوە، لە دۆڵی گەلاڵەوە بەسەر ئاوی سبحانئاغادا لە بنەی سەی سادقەوە ڕاوە بەرازی لێدادەبەستین تا دەیان ڕەوێنین بۆ خوار بەکراوا، بەرە بەیان دوازدە سوارە کۆبونەوەو کەوتنە ڕێ بۆ ڕاوە بەرازی خۆیان. پاش ڕۆیشتنی ئەم سوارچاکانە زۆری پێنەچوو دەنگوباس گەیشتە ئەحمەد پاشا کەوا لەشکری ئێران گەیشتوونەتە مەریوان، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم دەنگوباسەدا شا فەرمانیدا لەشکر ئامادەکرا وخۆشی سواربوو ڕوویکردە سوپاو بە دەنگێکی بەرز گوتی:

تا ئەم سەرە سەر بێت پشت ناکاتە دوژمن، سواربن ڕۆژی مەیدانە ئینجا کەوتنە ڕێ ڕووەو باسکەدرێژی قەیماسەن پاش ماوەیەک ڕۆیشتن شا بینی وا دەستە سوارێک دیارن، مامەند ئاغای میراودەلیو سوار ئاغای بلباس، کە لەپێشەوە دەڕۆن سەلیم بەگیش شیری حمایل کردووەو دەستی چەپی بە جلەوەوەو دەستی ڕاستی لەسەر کەمەربەندی قەبزە نوشتەیی داناوەو بەسەر بەرزیەکەوە چاوی بڕیوەتە تاریدەر وەک بیەوێ بە تیشکی چاوەکانی ئەو کێوە هەڵکەنیو بدا بەسەر دوژمنا، جوامێر ئاغای ڕەنگینە، کە دەڵێن پڵنگی چنگ بە خوێنە قلیانی تێکردووەو دووکەڵی قەندەکەی وەک باقە سمێڵی لەم لاو لەو لای سەریەوە با دەیشەکێنێتەوە،

کە ئەحمەد پاشا ئەم بەزمو ڕەزمو خۆشییەی لەم دەستە سوارەدا بینێ بانگدەکات تەپڵی شادی لێبدەنو ئەڵێ ئەمەی دەیبینم نیشانەی سەرکەوتنە، نەقارەچی دەستدەکەن بەگرمو هوڕی تەپڵو ئاوازی تەپڵی شادی بەو فێنکی بەیانییە ئەیدا لە شاخی (کەوتو) کە

سەلیم بەگ گوێی لە دەنگی ئەم تەپڵە دەبێت بە خۆیو سوارەکانییەوە لەسەر ڕێگەدا دەوەستن، کە پاشا دەگاتە ڕاستیان پێیان دەڵێت: ئەی شۆڕە سوارینە هەر وەک پێشکەوتن دەخوازم هەر پێشکەوتوو بن دەبێت. بیستبێتتان لەشکری ئێران هاتۆتە سەرمان وا لە مەریوانە، دەبڕۆن ئێوە پێشەنگ بن ئێمەش، کە خەیمەو بارەگامان ئامادە بوو دەتان گەینێ، پشت بە یەزدان بۆ ئێوارێ هەموو دەگەینە سەریان.

سەلیم بەگ سەرکردەی دوانزە سوارە وەردەگرێو ئاوزەنگی پیادا دێنن‌و دەیکەن بە تۆزو تێدەپەڕن، دەمی ڕۆژئاوا نزیک بە لەشکری ئێران لە نەدیوی بۆسە دەخۆن، نزیک بانگی شێوان سوپای پاشاش سەرەتای دەردەکەوێت پاشان سەلیم بەگو ئەکرەم لەسەر ئەوە پێکدێن، کە تا سەر لە ئێوارەو لەشکری ئێران شپرزەی نان‌و ئالیکن دەستی خۆیان بوەشێنن چونکە ئەوان دوانزە هەزارو دوانزە سوار بەراوورد ناکرێن‌و ناخرێنە دوو تای تەرازووەوە، کە ڕۆژیش بووەوە پێیان دەزانن، لەبەر ئەوە سەلیم بەگ دەنێری دوانزە تەپڵ دەهێنن‌و بە قەڵۆزی زیندا دای دەبەستن‌و ڕوو دەکەنە لەشکری ئێران ئینجا جوامێر ئاغای ڕەنگینە ڕوویکردە سەلیم بەگ گوتی:

دەبێت تا نزیک قەڵا وا بڕۆین، کە بەدیمان نەکەن لەوێ بێدەنگ مۆڵ بخۆین تا شەو بەسەرا دێت ئەوسا بەندەو ئەکرەم‌و چوار سوار یەک دوو سەعات لە پێش شەبەیخوندا دەوری زرێبار بدەینەوە، یەکێکمان لە (دۆڵاش)و (تەی) یەوە دووەممان لە (بەیز)ەوە سێیەممان لە (موسەک)ەوە چوارەممان لە (داسیران)ەوە ئامادەبن تا من‌و ئەکرەم دەگەینە کێوەکەو پشتیان لێدەگرین ئەوسا کە دەنگی تەپڵی ئێمەتان بیست‌و نەعرەتەی ئەکرەمتان هاتە گوێ خۆت لە پێشەوە

بەڕێی (گولان)دا لە ناو جەرگی دوژمنەوە هەر شەشتان هەڵمەت بەرنو بدەن بە سەریاندا ئەوسا ئەو لەشکرە زۆرەی ناردوویانەتە سەر کێوەکە بڕ دەبنو کە ئەو هەرایە ببیستن نایەنە خوارەوە، لەسەر خوارەوە لەسەر ئەم ڕاو تەگبیرە کە ئەکرەمو جوامێر ئاغا گەیشتنە شوێنی خۆیان،

جوامێر ئاغا بە دەنگە خۆشەکەی موناجاتێکی بە دەنگی بەرز خوێندەوە ئەکرەم جۆشی سەندو ڕاستبووەوە سەر ئاوەزەنگیو نەعرەتەیەکی کێشا، بە جارێ ئەوە دەنگیدایەوە، خورپە کەوتە دڵی لەشکری ئێرانەوە بە جارێ پەشوکانو هاتن بەیەکا، ئەو شوێنەی ئەمانی گەیشتبوونێ تیر هاوێژێ لە سەلیم بەگەوە دوور بوو، کە دەنگی ئەکرەمی هاتە گوێ ئەویش لە خۆشیاندا نەعرەتێکی کێشا،

هەردوو نەعرەتە بەرامبەر بە یەک دەنگیان دایەوەو موژدەی سەرکەوتنیان گەیاندە گوێی ئەحمەد پاشا، ئینجا سەلیم بەگ دای لە تەپڵو کردی بە سەفرە و گەڕا هەر چەند سێ تەنگە ئاوزەنگی بە ئەسپە ڕەشدا دەهێنا کۆڕەی ئەسپو تەقەی ناڵەکانی ئەو ناوەیان دەهێنایە جۆش ئەحمەد پاشا چووە سەر گردەکەی نزیکی، گوێیگرت هەر لە (کانی سانان)ەوە بە دەوری لەشکری ئێراندا گرمەی تەپڵی نەقارەخانەی خۆیو نەعرەتەی دوانزەسوارە دێ ئینجا پاشا بانگیکردە باشچاوش (خالد بەگی مێرەدێ)و دارا ئاغا دەوری لەشکر بدەن ڕێی ڕاکردن لە لەشکر بگرن وا شکان خراپیش شکان شپرزەن نازانن ڕوو بکەنە کوێ ئینجا خالدبەگ کەوتە بەر لەشکرو بانگیکرد:

کوڕینە شەوێکەو ئەم شەو لەو ڕۆژەوە، کە ئەم خاکە دروست بووە تا ئێستا شەڕێکی کەی وای تیا نەکراوە، سەلاحەدینی قارەمان

بە لەشکرێکی گەورەوە ئینجا سەرکەوتنێکی وای دەست کەوتووە، ئێمە بە دوانزە سوارەوە لەشکری ئێرانمان شپرزە کردووە، فیدای دەستو شمیشێرو شانو باهۆتان بم.

دەشزانم زۆر کفتی ڕێگەنو بێ پشوو سەرڕەو لە قەڵاچۆلانەوە، گەیشتوونەتە ئێرەو ماندوو و برسین بەڵام پیاوەتی ئەمانە لەبیر دەباتەوە شەیپورچی، دەی فیدای کەڕناکەت بم پێشکەوە، کوڕ گەل وا ڕۆیشتم دوامکەون ئەمەی گووتو ئاوزنگی پیاهێنا، ئینجا غوڵغولەی تەپڵو گورەی نەقارە تێکەڵ بە ناڵەی (سەردەرکەو ماڵ پرسیار)ە بوو، بەڕاستی سوارەی بەبە ئەو شەوە کارێکیان بە لەشکری ئێران کرد تا دێر زەمانو پشتاو پشت بە داستان دەگێڕێتەوە، مەردانە لە شوێنی خۆیان هەڵیان کەندنو کوشتارێکی زۆریان لێکردن، ئیتر لەشکری ئێران خۆی بۆ نەگیرایەوە چادرو بارەگاو نانو خوانی پوختو تەمیزیان بەجێهێشتو ئەحمەد پاشا بە لەشکرەکەیەوە ئەو شەو میوانی دوانزە سوار بوون لەسەر خوانی بەجێماوی لەشکری شکاوو ڕاکردووی ئێران.

نرخی سەربەستی

لەو ڕۆژەوە، کە مرۆڤ ئەم سەر زەوییەی کردۆتە نیشتەجێی خۆی هەمیشە لە پێناو ژیاندا لە تێکۆشاندا بووە، بێپشوو لەگەڵ سروشتدا لە بەربەرکانێو شەڕی ژیانو مردندا بووە، ژیری چەکی کاریگەرو هۆی سەرکەوتنیبووە لەم تێکۆشانو جەنگەدا، پاش زاڵبوونو دانیشتنی سەر تەختی سەرکردایەتی ژیانو پەیدابوونی چینەکانی گەل مرۆڤ کەوتە چەوساندنەوەی برای مرۆڤی، چینی چەوساوە پەیدابوو،

بەم جۆرە پیتو فەڕو سامانو ئامێری بەرهەمهێنەر بوو بەماڵی مفتی چینی چەوسێنەری بە ژمارە کەمو بە سامانو دەسەڵات بە پێوانەی جەورو ستەمو زۆرداری یان فرەو بێسنور، چینە چەوساوەکەش ژمارەی لە سنور بەدەرو لە ساماندا مایە پوچو لە دەسەڵاتیشدا ژێر چەپۆک و پێشیل کراوە، بۆیە تێکۆشانێکی نوێ بۆ پچڕاندنی کۆتو زنجیری بەندایەتی بۆ وەستان ڕوو بە ڕووی چینی کاربەدەستو چەوسێنەر، بۆ سەندنەوەی مافی خوراو وبنیاتنانی کۆمەڵێکی بەختیارو دوور لە چەوساندنەوەو زۆرداریو ستەمو داننان بە مافی ڕەوای چارەنووسی نەتەوایەتیدا هاتە گۆڕێ.

هەموو گەلانی جیهان لەم خەباتە سەختە خوێناوییەدا هاوبەشن، هەرواش بەردەوام دەبێت تاکو داگیرکردنو چەوساندنەوەو ڕژێمی چینایەتی بنەبڕ دەکرێتو لەناو دەبرێت.

نەتەوەی کوردی دلێریش لەم مەیدانەدا شان بەشانی گەلانی جیهان لە سەختترین خەباتدا بووە دژی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیو چینایەتیی ئەو هەزاران قوربانییانەی نەتەوەی کوردو گەلانی

جیهان لەم پێناوەدا پێشکەشیان کردووەو دەیکەن (نرخی سەربەستی) یە بۆ گەیشتنیش بەو ئامانجە پیرۆزە زۆر زیاتر لەوەی بەخشراوە ئامادەیە بۆ پێشکەشکردن،

بۆیە ئێستا پاشە ڕۆژی بەختیاریی گەلان زۆر نزیکو ڕوونەو تیشکی سەربەستی لە زۆر لاوە دڕی بە پەڵە هەوری چڵکنی ئەو ئاسمانە داوەو هاکا خۆری (سەربەستی) گەیشتە جەرگەی ئاسمانو تاڵە پیرۆزەکانی تیشکی زێڕینی هەموو کەلێنو قوژبنێکی جیهانی ڕوناککردەوە سەربەستی باڵی ئارامو خۆشگوزەرانیو بەختیاری کێشا بەسەر هەموو گەلانی جیهاندا.

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
بێپشوو	:	بێ وەستیان
ژیری	:	عاقلیی
زاڵبوون	:	ب سەرکەفتن
ماڵی مفتی	:	ماڵی خۆڕایی ئانکو بەلاش
هاکا	:	هەربینا، هەر ئەوەندە زانی، ژ نشکەکیفە.
تاڵە پیرۆزەکانی	:	تیرۆ شکێت پیرۆزێن
گەروش	:	

ڕەواندز

ڕەوانـدز یەکێکـە لـە شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتانی عیـراقو کەوتۆتـە باکـوری ڕۆژهەڵاتـی شـاری هەولێـر شـوێنەکەی جێگەیەکـی سـەخت و هەمـوو لایەکـی شـاخو چیایـە، دەورو بەرەکـەی زۆر کوێسـتانەو بـە زسـتانان بەفـر هەمـوو لایەکـی دادەپۆشـێت، ئـەم شـارە هـەر لـە کۆنـەوە جێگەیەکـی دیـار و بەرچـاو بـووە، گەلێـک سـەردەمی مێـژووی بەسـەردا هاتـووە، کاتـی وا هەبـووە زۆر ئـاوەدان بـووە و ڕێبـازی خێلانـی ئـەو ولاتـە بـووە، بـەو هۆیـەوە ناوەندێکی بازرگانـی، لـە میوەهاتـدا دەوروبەرەکەی هەمـوو جۆرە میوەیەکی هەیـەو لـەم ڕووەوە پێویسـتی بـە شـوێنانی تـر نەبـووە، بـەلام بـۆ کاروبـاری بازرگانـی تـر، لەگەڵ ولاتانـی هەولێرو موسلدا هاتوچۆی کردووە، کۆچەرێکـی زۆری بەسـەرەوە بـووەو بازرگانییەکـەی خسـتۆتە بـرەو.

لەسـەردەمی خۆیـدا ئـەم شـارە، حـەوت کاروان سـەرا، دوو گەرمـاو، شـەش مزگـەوتو گەلێـک قوتابخانـەی زانسـتی تێـدا هەبـووە، دەوروبـەری شـارەکە بـە شـورە قایمـکراوە، زیاتـر لـە بیسـت دیوەخانـی میوانداریـی هـی ماڵـە گـەورەی تێـدا بـووە، لەسـەر هەمـوو تەپەیـەک قەلایـەک هەبـووە، دەروازەی شـارەکە داخـراوە ئیتـر کـەس نەیتوانیـوە بچێتـە ناویـەوە، ئـەم شـارە بـەم جۆرە بـە ئاوەدانـی هاتـووە، تا کەوتۆتـە سـەردەمی محەمـەد پاشـا (١٧٨٣- ١٨٤٩) لێرەدا ڕەوانـدز پەرەدەیەکـی تـری بەسـەردا هـات، سـنوری ولات بلاوبـووەوە، جێگەیەکـی تایبەتیـی لـە مێـژوودا گـرت، کاروبـاری بازرگانـی ئەوەنـدەی تـر پـەرەی سـەند، بەسـتراوە بـە شـارەکانی شنۆو سەردەشـتو لـەم لاوە ئامێدیو زاخـۆو، نـاو شـار لـە بـاری زانیـاریو پیشەسـازییەوە، بـوو بـە بنکەیەکـی تـەواو،

ئاو لەناو شاردا زۆر بوو بۆ دانیشتوانو بۆ دەغڵودانی دەوروبەر، لە هەموو ئەو دەڤەرانەی سەر بە ڕەواندز بوون قەڵاو قوللە دروستکرا، لەسەر هەر قەڵایەک تۆپێکی گەورە دانرا، لەسەر هەر لولە تۆپێک بە ئایەتی (نصر من الله وفتح قریب) و دیمەنی میری ڕەواندز محەمەد پاشا پیشاندراوە.

لە ڕاستیدا ڕەواندز لە سەردەمی محەمەد پاشادا ناوو دەورێکی تیشکداری هەبووە، لە والی بەغداوە ناسراوە تا پاشای ئەستەمبوڵ لە حاکمی تەورێزەوە ناوی بووە تا شای تارانو ئەسفەهان، لەبەر ئەمە لەنێوان ئەو وڵاتە پانو فراوانەدا دەستە دەستە لە دەزگای سیاسەتو لە ئەربابی عیلمو لە ئاشنایەتی بازرگانی ڕوویان کردۆتە ڕەواندز.

دانیشتوویەکی دڵخۆشی هەبووە، لە مەیدانی زانستدا پایەیەکی بەرزی هەبووە، ڕەوڕەوەی مێژووی ڕۆژەکانی ڕەواندزی پێش سەردەمی محمد پادشای لە سەردەمی ئەودا بە تەواوی گەشاندەوە، گەلێک زانای لێهەڵکەوت، گەلێک میری تێدا پەیدا بوو، وەکوو بڵێیت ئاوو هەوای ڕەواندز لە بارەی سروشتیشەوە هەر گۆڕا!... لەو بەڵگانە، کە لە پاشماوەی ڕەواندزو میری ڕەواندزەوە بەجێماون ئێستاش هەر جێگەی شانازییە بۆ نەتەوەی کورد.

بەم سەیرکردنو خوێندنەوەماندا بۆمان دەرکەوت کە شاری ڕەواندز جێگەیەکی بەرزی هەبووە لەناو لاپەڕەی مێژووی کوردا، هەموو دەمو شایانی ئەوە بووە کە چاوێکی بەڕێزەوە سەیر بکرێت، لە گۆشەی دڵی هەموو کوردێکدا جێگەیەکی تایبەتی هەبێت، چونکە ئەو شارە بە بەردو دارییەوە بە شاخو ئاویەوە لە هەموو دەورێکدا داستان گێڕێک بوو بۆ کوردو شوێنێک بوو کە لە کوردستاندا خاوەنی

مێژوویەکی درەخشان بووە... ئەمەش کە دەوترێت وە نەبێت دەوری ڕەواندز هەر لە سەردەمی محەمەد پاشاوە یا پێش ئەو وەیا هەر لە سەردەمی ئیسلام بوو بێت، بەڵکو ڕەواندز تەنانەت لەسەردەمی پێش ئیسلامیشدا ئەو ناونیشانەی هەر هەبووە!.

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
ژوور	:	سەروو
خێڵات	:	خێڵەکان، عەشیرەتەکان
برەو	:	جوڵاندنو زیاد بوون
کاروان سەرا	:	شوێنی حەساندنەوەو گوزەرانی کاروانچیان
تەپە	:	گردۆڵکە، بەرزایی
درەخشان	:	ڕوناک و پرشنگدار

گفتوگۆ:

١. لە نەخشەی هەرێمی کوردستاندا بە تەواوی شاری ڕەواندز دیاری بکەو، دەربارەی شوێنو شاخو داخو ئاوو هەواو هاوینە هەوارو سروشتی خاکەکەیەوە بدوێ؟

٢. لە چ دەورێکدا ڕەواندز، گەیشتبووە پلەی پێشکەوتنو گەشەداری؟

٣. چی دەزانیت دەربارەی حەمە پاشای ڕەواندز بەدرێژی باسیبکە؟

٤. ئایا ڕەواندز هەر لەدەوری ئیسلام و محەمەد پاشادا ناوی بووە، یاخود دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایینی؟ هیچ کەلەپوری دەوری بەردی تێدا دۆزراوەتەوە؟

دارگوێز

وڵاتی کوردستان وڵاتی پیتو فەڕ، وڵاتی کانگای کانزا، وڵاتی دارو دەوەن، وڵاتی پڕ شاخو داخ، وڵاتێکە لە هەموو شتێک کە بۆ ژیانو پێشکەوتنی ژیانو مرۆڤ بەکاربێتو پێویست بێت بێبەش نییە، لە توتنو لۆکەو کەتان تا بەڕوو، مازوو، مێو، هەرمێ، هەنار، گوێز، لە نەوتەوە بگرە تا گۆگردو خوێ، خوا ئەمانەی پێ بەخشیوە، لەناو دارو دەوەنیا دەتوانین بڵێین داری گوێز بە سودترینیانە،

دار گوێز لەزۆر شوێنی کوردستاندا بە تایبەتی لەناوچە کوێستانییەکاندا هەیەو دەڕوێنرێتو پەروەردە دەکرێت، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆری دەوێت، تا گەورە دەبێتو پێدەگات، بەڵام کە کەوتە بەر سودێکی زۆری دەبێت چ لەبەرەکەی کە گوێزە چ لە دارەکەی کە دەبڕێتو لەوحەی گەورە گەورەی لێدەتاشرێت، دەتوانین بڵێین باشترین دارە، کە بۆ کاروباری دارتاشیو دروستکردنی کەلوپەلو شتی ناو ماڵ، کە بە نەقشو نیگار دەڕازێتەوە بەکاردهێنرێت،

گوێزەکەی کە سەوزە هەندێکی لێدەکەنەوە، کە پێیدەڵێن فەریکە گوێزو، ئەوەی تری بەدارەکەوە دەمێنێتەوە تا بە تەواوی پێدەگاتو وشک دەبێت، ئینجا گرددەکرێتەوە وەکو کاڵایەکی بازرگانی دێتە بازاڕەوە دەفرۆشرێت، کاکڵەکەی بۆ بەر چایی وەک خواردنێک دەخورێت، هەروەها لەگەڵ شەکردا دەکرێتە ناو کولیچەو پاقلاوەو گەلێ شتی تر کە بۆ خواردن بەکار دەهێنرێت.

لە کوردستاندا ئەو شوێنانەی، کە بە گوێز بەناوبانگنو گوێزی گەورە گەورەی باشو توێکڵ تەنکو کاکڵ سپییان هەیە، ناوچەی هەورامان لە پارێزگای سلێمانی و باڵەکایەتی و خۆشناوەتی لە هەولێر و کوێستانەکانی دهۆک.

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
کان	:	شوێنو جێگای دەرهێنانی ئاسنو مەعدەن
کوێستان	:	شوێنە شاخاوییە ساردەکان، زۆزان
فەریکە گوێز	:	گوێزی توێکڵە سەوزو نەرم
نەقشو نیگار	:	نەخشو وێنە
کاڵا	:	کەلوپەلی بازرگانی
کاکڵە گوێز	:	ناوکە گوێز

گفتوگۆ:

١. گوێز لە چ ناوچەیەکی کوردستاندا هەیە؟

٢. درەختی گوێز سودی چییە؟

٣. ئەو شتانەی کە دارتاش لە داری گوێز دروستیاندەکات چین؟

٤. دار گوێز بە زۆری لە کام شوێنی کوردستاندا هەیە؟

بەرزە بوون

لبەر دەرگەهێ خارنگەها بەرامبەر کەلا دێرینو کەڤنار دراوەستیاینە، سەرو چاڤێن وان بێهێزیو خەم ژێ دبارن... هەر ئێکێ ئێلەگەکێ دڕیای دسەر بێجامێن پاتەکری ڕا یێ لبەر، پرچێن زەرێن ڤەشارتین لبن دوو کولاڤێن بەندکا، لێ ئەو ژی دکەڤنو جهێ دروارا لێ دیارە... یێ مەزن دەرسوکەکا سۆرا دستوییێ خۆ ئالاندی، ژی یێ وی نێزیکی نەهـ سالانە... هەر ئێکێ سێ چار جۆتێن گورێن ڕیسی یێ ددستادا، هندەک دۆخین یێ لسەر ملا... ڕکو ڕک بەرێ وان یێ ل وان مرۆڤێن دچن ژوورو دەردکەڤن... بمەلیلی دبێژنێ:

گورەو دوخینکێن مە بکڕن ئەم بارزانینە:

لێ ئەو کەسێن ژ خارنگەهێ دەردکەڤن، هندەکێ دەمژویلن بدانێن خوڤەو گۆشتی بزلکێ شخارتێ ژ بەر دئینن دەر، سەرێ وانیێ بلندەو بەرێ وان یێ ل عەسمانا، هەر وەکی گوهێن وان دکەڕو حەلان... باراپترا ژی بچاڤەکێ پڕ بەزەیی لێ دنێڕنو هندەک هیردەی دکەنە لەپا...

خولکێ هەردوو زاروکا وەک یەکە، مرۆڤ دزانیت براێن هەڤن، یەک سالەکێ یان پچەک پتر ژ یێ دن مەزنترە... هەردوو بۆ دیتنا بابەکی دخریبو مەلیل وتهێنی نە، هەردوو ببرینەکا مەزن دنالن.. لێ نزا گونەها وان چییە؟ بۆچی کو بارزانینە دڤێت دژوارو برسیو ڕویسو خاس بن؟! بێ بابو خارنو جلکێن جوانو نوی بن؟! دبێ گرنژینو کەنی بن! ئەگەر باب گونەهبارە، چنکی بۆ ڕاستیێ خەباتاکری، بۆ قۆناغا گەهشتنا چاڤێ ڕۆژێ یێ بزڤی، دارو پویشێ دهاڤێتینە سەر ئاگرێ دۆزێو ییگەشکری، تڤەنگا خۆ یا درێژ کریە

گورگێن چاڤ سور... ما گونەها ڤان بەلاتینکو فریشتێن زارۆک چییە؟!! هێش بو ئەڤینا رۆناهییو راستیێ نەلڤینەو نەشەوتینە! هندەک جارا چاڤێن هەردوو بەلەنگازا یێ زیق دبن د جاما خارنگەهێ راتێر ل کەبابو گۆشتو مریشکا دچەرن، تاما وان یا دبتە ئاڤ و قوریچکا دداعیرن... هندەک جارا ژی یێ شەروال یا پانتۆرێ کابرایەکی دگرنو ب خودێو قورئانو پێغەمبەرو چاکا سوندا دخۆن کو باززانینە، دبێ بابن، نان نینە، دەرهەمەکێ ژی دخازن.. مروەتو خۆ پەرست بوویە؟!

هەردوو زارۆ ژی ب چاڤەکێ ترسو بدەستین لەرزۆک یێ کەسپو کارێ خۆ دکەن.. پارێن نانێ بترسی لێکددەن، نە بخو بتنێ بەلکی بو دایکو هەر چوار خویشکێن هاتینە شوی یا... چەند خەرییییەکا مەزنە، بەرزەبوونەکا پڕ بئێشو ژانو دژوارە، مرۆڤ بابو براو مامو پسمامێن گەنجو پیر نەبینت، هەمی پێکڤە ب رۆژەکێ ب گاڤەکێ بێنە گرتنو بەرزەکرن!!

چەند زۆرداریو تاوانەکا مەزنە،مرۆڤ ژ گوندێ خو بێتە دەربەدەرکرن، ژ وارێ خو بێتە دویرکرن، د سەر هندێ ژیرا بەلەنگازو هەژارو خازوک بیتن... ئەڤە چەند سالە چوار دیوارێن خانی، ئەو خانیکێ هوڤا بۆ هەڵبژارتی ل چوار خویشکێن ڤان ئێتیمێن باب بەرزە بووینە زیندان، رۆناهیو جیهانێ دپەنجەرێ را دبینن، بتنێ دخەونا دا دەردکەڤنە جیهانا بەرفرەهـ و دەس دستوییێ بابو ئەڤیندارا دئاڵێنو خەرییو خەمێن خو دکوژن، پێلێن ئاگرێ هناڤا دڤەمرینن. هەروەکی هەردوو زارو زختا ل خودانێ خارنگەهێ ددەن.. گازی کرە شاگردێ خوە:

- قاله وەره ئەم هەتیوانه بده بەر زلله، له چێشتخانه دووریان خەوه.

ڕاسته بابێ وان مروڤه كێ بسۆزو ئەمەك بوو، ژ دلو هناڤا خەباتا كری بۆ دۆزێ، ژ گەنجیا خۆ هەتا سەرو ڕیهـ لێ نیڤ نیڤه سپی بووین، شەڤ و ڕۆژێن كرینه ئێك، هەڤالێن وی، كەسو كارێن وی، برنۆ بوویه... چنكی گوللا برنۆیێ بتنێ بەرسڤا زمانێ هۆڤا ددا... گوللا برنۆیێ بتنێ برینێن وی دەرمان دكرنو دەرگەهێ ئازادییێو تەناهییێو زانینو ڕۆناهیێ دقوتا... چجارا ئەڤینداریێ برنۆیێ نەبوویه، لێ ببرنۆیێ مانو واری خو دپاراست..

لەو ژبەر وێ سۆزو ئەمەكیێ نهۆ دگەل سێ كوڕێن گەنجو پێنج براو هەمی كەسو كارێن بشێن برنۆیێ هەلگرن، دبێ ناڤ و نیشانن!! ئەگەر دساخ بن دەنگێ وان نالینن.. هیڤیێن وی ژی دیتنا هەردوو خودان بێجامێن دریایو گوره فروشانه، ژبەر خەریبی یا وانو دایكو خویشكێن وان ستێرا دهەژمێرت!!

نوبەدارییێو زێرەڤانییێ ل هەیڤێ دگرت... ئەگەر عەسمان ژی لێ نەڤاشارتبت!! هەردوو برایا سەرێن خو پێكڤه نانو دەستێن هەڤ گرتنو قەستا جادا بەر بازاری (هەڕەج) كرن... دەمێ جاڤێن وان بزاڕوكێن پاقژو بژوین دكەڤن، دەستێن وان دناڤ دەستێن دایبابو برایێن واندا، یان دەمێ زاڕو كەكی دبینن دناڤ جامێن ترومبێلەكێدا وەكی پاشا پالڤەدای، دلێ وان دكوزرنو گری دبن مارو ل قرکێ دئالێین.

لێڤا جادا بەر بازاڕێ (هەڕەج) یا پڕه ژ ژ نكێن روی قورمچی، سویسو جلك ڕەشو مڕیتوی، ملێن خو وەك سێوێو ئێتیمان پێكڤه نانه، لبن دیواری مزگەفتێ، لسەر چیمەنتویا ڕەقو تەزی، ئەڤ ب

دیواره بتنێ وان ڕەبەنا دحەوینت… لبەر سینگێ هەر ژنکەکێ مێدەکەک یان گوینیکەک یان کەرکار تونەک ڕائیخستیە، هندەک گورەو دوخینو دەسبلینکو کولاڤێنو بەندکا لسەر ڕیز کرینە… ژ وان هێرڤەو لبەر هەردوو لایێن جادێ کەنتورو بەڕکو کەلوپەلێن پێتڤیێن مالێ برێزن… هندەک کەس هەر ڕۆژ یێ ترومبێلا خو دگوهوڕن لدیڤ مودێلو ڕەنگێن جوان… قەسرو کوچکێن خو بڵند ترو فرەهتر لێدکەن…

هندەکێ ژی یێ خوها ئەنیا خو دفروشتن، ناڤ ماڵیا خو دفروشن، دا نانی پێبکڕن… هندەکێ بەختێ خو ڕەش دکەن، ڕاستیێ خار دکەن، نامۆیسێ دفرۆشن، دا هەر دقەنەفێن نەرمدا پاڵدەن، ستێرنا بادەن، چڕوتا بکێشن.. هندەک ژی سپێدا زوی هەتا ئێڤارا درەنگ یێ لسەر ئاخو چیمەنتویا تەزی، لبەر لێڤا جادەو کولانکێن گشتی دروینن، دا گورەکێ، کولاڤەکی بفروشن… دا بیرهاتنێن سەربارو فێرسو خوناسێن بەرزەبووین بفروشن، دا ب بهایێ وان نانی بکڕن، سەرێ دێوێ برسی ببڕن.. دا دەڤێ پیسا گرێدەنو سەر بلند ل سبە بنێڕن… چەند دوو تەڕازیێن دژ یەکن؟!!

هەردوو زاڕو بێ دەنگ لبەر تەنشتا ژنکەکا چاڤ کویرو شینا پرچ سپی یا ڕەنگ گەنمی روینشیتن… دەستێ پڕ دلۆڤانی بسەرێ واندا ئینا خار… چاڤێن وانێن وەک عەسمانێ ساهی گەشبوون:

- دادێ ئەم دبرسینە.

دایکێ لێڤا عەبایێ ڕەش بلندکر، سێ نانێن فڕنێ یێن تێکوەرپێچای ئینان دەر، هەر ئێکی نانەک دابەر لەقا، هشکو زوها، بێ ناڤ و پێ خارن.

- سەربارێن من نانێ خو بخۆنو هەڕن، لناڤ جادەو کولانکێن باژێری

بگـەڕن، دەرگەهێـن مـالا بقوتـن... تشـتێن خـو بفروشـن... ئەڤـباژێرە یـێ پـڕە ژ مرۆڤێـن چـاکو بڕەحـم... بەلـێ بـەری دنیـا تـاری بـت وەرن، دا پێکڤـە بچنـە دزینـدنـا خویشـکێن وە تێڤـەدا، ئـەو زیندانـا دێـوێ ڕەش بۆمـە ئاڤاکری.

هەولێر ١٩٨٦/١٢/١١

ئەڤ چیرۆکە دگوڤارا مەتین ژمارە (٨) خولا سێ یێ گولانا (١٩٩٢)ێ دا لژێر ناڤێ (ئێتیمێد باب بەرزە) بەلاڤ بوویە.

واتای پەیڤەکان

وشە	واتاکەی
بەرزە بوون	بزربوون، ون بوون
خارنگەهـ	خواردنگە، چێشتخانە
کەلا دێرین	قەڵاتی دێرین
ئێلەکەکی دڕیای	یەلەگەکی دڕاو
کولاڤێن بەندکا	کڵاوی بەن
دکەڤتن	کەوتن، کۆتن
بمەلیلی	بە مەلوولی، عادزی
یزلکێ شخارتێ	بە دارۆچکەی شخارتە
بارا پترا	زۆربەی، بەشی زۆری
هیردەی دکەنە لەپا	وردەیان دەخەنە ناو دەست
تێهنێ نە	تینوون، تینینە.
ژارو برسیو رویسو خاس بن	هەژارو برسیو ڕووتو پێ خواست بن
ریێ گرنژینو کەنی بن	بێ گرژینەوەو پێکەنین بن
بەلاتینک	پەپولە
دچەرن	دنۆڕن، دەنۆڕن
هۆڤێ پرسێ	هۆکاری برسیەتی.
دزکێ واندا	لەسکی ئەوان دا
ب چاڤەکێ پڕ کرێتوکەربڤە	بە چاوێکی پڕ لە ناشیرینیو ڕقوکینەوە
خازوک	دەرۆزەکەر
خوها ئەنیا خو	ئارەقی هەنیەی خۆیان ئارەقی نیو چاوانیان

گورگو ئێستر

دەڵێن جارێک گورگ وتی: تۆبە دەکەمو ئیتر بەسەر ئەم درندەییو ئازار گەیاندنە بە خەڵک، با ڕێگەی حەج بگرمە بەرو پاش حەجەکە لە گۆشەیەک بۆ خۆم دانیشم خەریکی خوا پەرستی بم تا خوا ئەم ئەمانەتەم لێ وەردەگرێتەوە!

لێیدا وردە وردە بەرێکەوت ڕۆیشت برسێتی ڕۆژ بە ڕۆژ بێ هێزتری دەکرد، وای لێهات لاکەی دەهات لە برسان. ڕۆژێک لە دوورەوە ئیسترێکی لاتی بەرچاو کەوت، کە بەرەڵاکرابوو گوتی: خودا لە وەختی تەنگو چەڵەمەدا حەرامی حەڵاڵکردووە، من ئەوەتا لە برسانا دەمرم، با تۆبەشم کردبێتو بۆ حەجیش بچم، بۆم حەڵاڵە بچم ئەو ئێسترە بخۆم، چونکە ئەگەر نەیخۆم دەمرمو پەکی پەرستشو خواناسییەکەم دەکەوێت!

چوو بەلای ئێسترەکەوەو مرخی خۆی لێخۆشکرد، ئێستر پێی گوت: مام گورگ ئەوە ئۆغربێت وا لەم دەشتەدا وردە وردە دەڕۆیتو هاتویت بەلای منەوە؟! وتی ئۆغرمان خێربێت، دەمەوێت بچم بۆ حەج بەڵام زۆرم برسی بوو، بە شەرع بۆم حەڵاڵە تۆ بخۆم، هاتووم بتخۆمو پاشان بڕۆم!

ئێستر وتی: یاخوا بەخێربێت خودا حەجت قبوڵ بکات، بەڕاستی منیش لەم ژیانە وەرزبوومو دەمەوێت ڕزگارم ببێت، بەڵام مام گورگ تۆ خۆت دەزانیت گەلێک حەدیسو ئایەت لەسەر ئەوە هەیە، کە ئەگەر گیاندارێک سەربڕا دەبێت بە جۆرێک سەر ببڕێت، کە زوو گیانی دەرچێت، ئێستە منیش وەختی خۆی کە ناڵکراوم بزمارێک لە وەختی ناڵەکەدا چووە بە گۆشتەکەمدا زۆر ئازارم دەدات، تۆ لەولاوە

بمخۆیتو ئەمیش لەم لاوە ئازارم بدات ئەمە پێچەوانەی ئەو خوا ناسییەیە، کە تۆ گرتووەتە بەر، ئەگەر بە زەحمەتی نازانیت لە پێشدا ئەو بزمارە دەربینیتو پاشان بە شێنەیی بمخۆیت خێرت دەگات!

مام گورگ وتی: ڕاست دەکەیت، کامەیە تا بۆت دەربینم!

ئیستر قاچی بەرزکردەوەو پیشانیدا، مام گورگ بە وەستایی لمۆزی بۆ درێژکرد کە دەریبینێت، لەو کاتەدا ئێسترەکە لەقەیەکی مالی بە دەمو لمۆزی گورگەکەدا و هەموو ددانەکانی خستنە خوارەوەو لەویٰ بەبێ هۆشی بۆ خۆی کەوتو ئیسترەکەش لێیدا ڕۆیشت!

پاشان کە هاتەوە هۆش خۆیو سەیری حاڵو باڵی خۆیکرد، ڕوویکردە خۆیو بەخۆی وت: (ئاخر خودا بتگریت گورگ! تۆ باوکت ناڵبەند بوو، باپیرت ناڵبەند بوو) تۆ لە کویٰو ناڵبەندی لەکویٰ؟ دەبیخۆ ئەوە دەردت بێت!

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
لاکەی دەهات لە برسانە	:	نەشیا بوەستیت ژ برسا
پەکم دەکەوێت	:	مەحتەل دەبم
وەستایی	:	شارەزایی
قاچ	:	پێ
لمۆز	:	دەڤ
شینەیی	:	لەسەرخۆ
سەرگوزشتە	:	بەسەرهات
مرخی لێخۆشکرد	:	ددانی بۆ تیژ کرد
لات	:	لەڕ، لاواز
لەقە	:	پەحین
ئازار	:	ئیش

گفتوگۆ:

١. چ پەندێک لەم سەر گوزەشتەیە وەردەگرین؟
٢. ئایا گورگ توانی دڵو دەروونە شەرانییەکەی خۆی بگۆڕێت؟
٣. ئێستر بۆچی بەخێرهاتنی گورگی کرد؟
٤. ئایا پێت خۆشە کە گورگەکە دەمو لمۆزی شکاو ددانەکانی کەوتنە خوارەوە؟!
٥. ئایا دەتوانیت سەر گوزشتەیەکمان بۆ بگێڕیتەوە پەندێکی تێدا بیت؟
٦. ناوەڕۆکی ئەم سەرگوزەشتەیە بکە بە وتارێکی کورت، واتە بەشێوەی چیرۆک نەبیت؟

سەرهەڵدان

چەند زڤستانەکا ساردو سڕ ب سەر کوردستانێدا دهات، بەفرا گران رێو بان دگرتن، سینگێ کوردان هند. تەنگ بیتو دلێن وان، بێهنا وان کورت بیت، بەلێ... کوردێ رەبەن دلێ خۆ ب هندێ خۆش دکر کو دێ بهارەکا گەرمو تەڕ... پڕ گولو کولیلک.. پڕ بێهنو گوڵاڤ و پەلاتینک هێتو دێ پشتیێ خۆ دانیتو بێهنا خۆ ڤەکەتو تالیو سویرییێن ژیانێ ژ بیرکەت. دا بیتە بهار، بەلێ نە ئەو بهار ئەوا وی دڤیاو خەون پێڤە ددیتن، بهارەکا بەهی، یا هشک، یا قەحیایو بۆشی، خەمێن دلێ وی پترو گرانتر لێدکرن، ژبەر کو دەستو پێن وی دگرێدایو چاڤ و دەڤێن وی دپێچایو گوهێن وی دنژنی بوون.

تا ساڵا ١٩٩١، تراریێ ڕکا کوردان تژیبوو، ل زڤستانێ بسەردا چوو... ڤێدا ڕشت، دەنگێ کاوەی بەری نەورۆزێ بلند بوو، ئاگرێ تۆلان هەلبوو، گڕدا هەمی لەشەکی، گەرمایدا هەمی دلەکی، دەربەندا سەر هەڵدانێ ل (٥) ئاداریێ ل (رانیە) دەرۆکێ خۆ شکاندو دلێر یا پێشمەرگێ کوردو دڵسۆزیا گەلێ کوردستانی تێکەلێک بوونو وەک سویلاڤێن ئاگری ب چیاو گەلیو گرو دەشتو باژێرو گوندانـدا هاتنە خارێ.

دەنگێ تڤەنگێن ئازادیێ، فیشەکێن سەربەستیێ چەرخو فەلەک ڤەگرتن، نڕینا خورتو گەنجێن کورد هەمی جهەک ڕاهژاند... دگەل هندێ دلێن دوژمنان ڕاوەستان... هشێن وان ڕاوەستان، یێ نەهاتیە کوشتنو پێسترکێ نەگرتی ڕەڤی، ئادارا پیرۆز ل هەولێرێو نەورۆزا شکۆدار ل کەرکوکێ بهارا خۆڕستا کوردان ساخکرەڤە، سەر هەڵدانێ شەڤا تارو دریژا فاشستان ل کوردستانێ ڤەرە ڤاندو ڕۆژا گەشا

ئـازادیو سەربەسـتیێ ل گوپتیکێـن چیاییـن کوردسـتانێ دەرکەڤتەڤـە گـریو هەواریـن زارۆکان، بوونـە سـترانو سـرودێن نیشـتمانی، بـژی کـوردو بـژی کوردسـتان.

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
بێهنا خۆ ڤەکەت	:	بحەسێتەوە
ترار	:	هیمارو قاپو قاچاخ
ترارێ رکا کوردان	:	هیماری رکو کینەی کوردان
تژی بوو	:	پڕ بوو
شرینا	:	نەریتی
ڤەرەڤاند	:	رەواندەوە
گۆ پتیکێت چیایین	:	لوتکەی چیایان
دەرکەڤتەڤە	:	دەرکەوتەوە
پشتیێ خۆ دانت	:	کۆڵەکەی دادەنێت، ئەوەی لەپشتێتی دای دەنێت
ڤێدا رشت	:	پێیدا ڕژا
نڕینا خورتو گەنجێن کورد	:	نەڕاندنی خورتو لاوی کورد
گریو هەوارێن زارۆکان	:	گریانو هاواری منداڵان

هونەری شانۆگەری پێویستی بە هەرەوەزە

ئەگەر داوا لە وێنەکێشێک بکەین بەدەستو پەنجە ڕەنگینەکانی وێنەیەکمان بۆ بکێشێت، سەیردەکەین دادەنیشێتو قەڵەمو فڵچەو بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ لە خۆی کۆدەکاتەوەو دەستدەکات بە وێنەکێشان، بەڵام لەو هونەرەدا کە لەسەر شانۆ پیشاندەدرێت تەنیا یەک کەس هەموو کارەکان ناکات، بگرە گەلێک هونەرمەند وەک: وێنەگرو ڕێپیشاندەرو ئیکسسوارستو ئەندازیاری دیمەنو مۆسیقا هەڵبژێرو کارەبایی‌و ئاکتەرو نووسەر، هەرەوەزی لێدەکەن ئینجا هونەرێکی سەر شانۆ پێشکەشدەکەن، کەواتە ئەم هونەرە سەربەخۆ نییەو تێکەڵە لە چەند هونەرێکی تر، بەڵام ئەوەی کە زۆر پێویستە بۆ سەرکەوتنی ئەم هونەرە، چیرۆکی باش‌و نایابە.

ئەوەی چیرۆک بۆ شانۆ دەنووسێت دەبێت هونەری شانۆ چووبێتە ناو دڵو خوێن‌و موخییەوە، ئەو وشانەی دەیاننوسیت دەبێت تەواو قسەی ئەوانە بێت، کە بە ناویانەوە قسەدەکات... بۆ نمونە ئەگەر لەسەر زمانی جوتیاری ناوچەیەکی وڵاتی خۆمان قسەیکرد دەبێت ڕادەی تێگەیشتن‌و جۆری گوزەران‌و بیرکردنەوەی ئەو جوتیارە لەو ناوچەیەدا بزانێتو شتێک نەنووسێتو نەڵێت، کە لە قسەی ئەو نەچێت.

ئەمە لە لایەک لەلایەکی تریشەوە دەبێت ئەو نووسەرە بە تەواوی شارەزای دڵو دەروون‌و حەزو ئارەزووی ئەو خەڵکە بێت، کە چیرۆکەکە دەخوێننەوە یا لەسەر شانۆ دەبینن، ئەمە جگە لەوەی کە هەر ئەو نووسەرە دەبێت بیرو باوەڕێکو خەیاڵێکی فراوانی ببێتو دنیای زۆر دیبێتو شتی زۆر تاقیکردبێتەوەو قوڵ بڕوانێتە

ژیـان، ئەگـەر وابـوو ئـەوە بـە ئاسـانی دەتوانێـت خەڵکێکـی زۆر لـە دەوری چیرۆکەکـەی گردبکاتـەوە، بـەڵام ئەگـەر وا نەبـوو و هـەر ڕۆژەو لەسـەر پەتێـک یاریکـرد، ئـەوا خەڵکـی ڕوو لـە چیرۆکەکـەی وەردەگێڕن، چونکـە بـە لای ئـەو خەڵکـەوە نووسـەر ڕابـەرە، نـەک بێبـارو بێبیـرو بـاوەڕ، خەڵکـی دەیانەوێـت نووسـەر بیـان جوڵێنێتـو تـەزوو بـە لەشـیاندا بهێنێـت، نـەک سـاردیان بکاتـەوەو خوێـن لـە لەشـیاندا بمەیەنێـت، خەڵکـی دەیانەوێـت نووسـەر ئـازاو نەبـەزو چـاو نەتـرس بێـت نـەک ترسـنۆکو چـاو شـۆڕ بێـت بـە فویـەک گیانـی دەربچێـت، دەیانەوێـت نووسـەر پێـش ئـەوەی چـرا لـە مێشـکی ئەمانـدا هەڵبگیرسـێنێت بـۆ ئـەوەی ڕێگـەی ئامانجیـان بـۆ ڕوناکبکاتـەوە، مێشـکی خـۆی ڕوناککردبێتـەوە، ڕێگـەی خـۆی دەستنیشـانیکردبێت.

لـە چیرۆک بۆ شـانۆ نووسـیندا، گرنگ ئـەوە نییـە کە لـە باسـێکی گرنـگو بـە بایـەخ بنووسـین، بەڵکـو گرنـگ ئەوەیـە، کـە باسـەکە لەسـەر بیـرو باوەڕێکـی بنەڕەتـی وا دامەزرابێـت، کـە پەلوپـۆی بـە هەمـوو لایەکـی چیرۆکەکـەدا هاویشـت بێتـو گیانـی بـکات بەبـەردا، چونکـە بەبـێ بیـرو باوەڕێکـی بنەڕەتـی وا چیرۆکەکـە بێگیـان دەبێتـو مـردار دەبێتـەوە.

دیسـان ئەگـەر بیروبـاوەڕە بنەڕەتییەکـە هیـچ و پـوچو لاوازو ئاڵـۆز بـوو، ئـەوا چیرۆکەکـە سـەرتاپای دەڕوخێـت. ئەوەشـمان نابێـت لەبیـر بچێـت، کـە بیروبـاوەڕە بنەڕەتییەکـە دەبێـت ڕوونو دیاربێتـو شـاراوە نەبێـت ئەگینـا هـەرەس دەهێنێتـو پـەرشو بڵاودەبێتـەوە، چونکـە هەوێنـی چیرۆکەکـە بیروبـاوەڕە بنەڕەتییەکەیـە.

دوای دەستنیشـانکردنی بیروبـاوەڕە بنەڕەتییەکـە ئینجـا نـۆرەی پلاندانان یان ڕەنگرشـتن بۆ دروسـتکردنی چیرۆکەکە دێت، هونەرمەندی

وا هەیە ڕەنگێکی تۆخ بۆ چیرۆکەکەی دەڕێژێت، هەندێکی تر هەن هەروا لە مێشکی خۆیاندا دایدەڕێژن‌و ئینجا لە کاتی نووسیندا درێژەی پێدەدەن، هونەرمەندیش هەیە پێشەکی هیچ پلانێک دانانێت‌و لەکاتی نووسیندا دایدەنێت بەڵام ئەمەی دواییان چیرۆکەکە تێکدەدات‌و لاوازیدەکات ئەم پلان‌و ڕەنگڕشتن‌و دارشتنە پێیدەڵێن (سیناریۆ) دیارە زۆر جار ئەم وشەیەت لە کتێب، یان سینەما، یان تەلەفزیۆندا خوێندۆتەوەو دیوە، دوای ئەمە دەستدەکرێت بە نووسین‌و نووسینیش هەروا شتێکی ئاسان نییە، لە پێشەوە باسمانکرد کە دەبێت نووسەر چۆن بێت، بۆیە ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا نەبوو نووسینەکەی دەڕمێت‌و خۆی ناگرێت.

ئەوەی چیرۆک بۆ شانۆ دەنووسێت دەبێت ڕووداوەکان لە ژیاندا چۆن ڕوودەدەن ئاوەها بیانووسێت، بۆ نمونە ئەگەر باسی ئەوەیکرد کە ژن‌و مێردێک لە یەکجودابوونەوە، نابێت یەکسەر بە دوو وشە بیلێت‌و بیبڕێتەوە چونکە لە ژیاندا وا نییە بەڵکو لەپێشدا ناخۆشییەک ڕوودەدات، ئینجا تورە بوونێک ئینجا دڵشکستییەک ئازارێک ئینجا دڵتەنگی‌و پێکەوە گوزەران نەکردن ئینجا لە یەکجودابوونەوە.

شتێکی گرنگی تریش لە چیرۆک بۆ شانۆ نووسیندا هەیە، ئەویش جۆری گفتوگۆی ئەو کەسانەیە، کە پاڵەوانان‌و بەشدارانی چیرۆکەکەن، چونکە تا جۆری گفتوگۆ گەرم‌و گوڕترو بە سۆزتر بێت چیرۆکەکە سەرکەوتووتر دەبێت ئەگەر گفتوگۆکە خاوو بێهێز بوو چیرۆکەکە بە هیچ دەردەچێت.

ئەمانەی باسکراون بنچینەو ناوەڕۆکن لە نووسینی چیرۆکی شانۆیی بەمانەدا تێدەگەیت کە هونەر شانۆگەری هونەرێکی تێکەڵەو

تەنیا یەک هونەر نییە، ئەوانەی خەریکی ئەم هونەرەن دەبێت هەر لە خۆیانەوە شانۆیان خۆش بوێتو شارەزاییان لەو هونەرانەدا ببێت، کە پەیوەندیان بە شانۆوە هەیە، جگە لەمانەش دەبێت بەهرەدارو دنیادیدە بنو تەشی ژیان بایدابنو بە تەواوی هەست بەوە بکەن لە چ دەورێکدا دەژین ئەو دەورە پێوەستی بە چییەوە چ ئامانجێکی هەیە.

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
هەرەوەز	:	زبارە
وێنەکێش	:	ڕەسمکێش، ڕەسام.
گوزەران	:	بژێوی
بێبار	:	دووڕوو
پلان	:	نەخشە
بە بایەخ	:	گرینگ
هەرەس	:	ئاشوت، ڕمین
پەرش بلاو	:	بلاڤ
دەڕمێت	:	دێ هەرفت
ڕمان	:	هەرفین
بێ پێز	:	بێ هێز
گفتوگۆ	:	ئاخافتن
ئەندازیاری دیمەن	:	موهەندیسی دیمەن
ئاکتەر	:	مومەسیل

گفتوگۆ:

١. ناوی ئەوانەی بەشداری هەرەوەزی شانۆگەری دەبن بنووسە؟

٢. دەبێت نووسەری چیرۆکی شانۆیی چ جۆرە سیفاتێکی تێدا بێت؟ دەبێت چیرۆکەکە چۆن بێت؟

٣. ئەو مەرجانەی لە هونەری شانۆگەریدا هەیە چین؟

٤. ئایا لە کوردەواریدا هیچ نمونەی چیرۆکی شانۆگەری هەیە، ناوی هەندێک لەو چیرۆکانەو ناوی نوسەرەکانیان بڵێ؟

نامیق کەمال

ئـەم شـاعیرە نیشـتمانپەروەر و بەناوبانگـەی تـورک، لـە مانگـی کانونـی یەکەمـی سـاڵی (١٨٤٠)دا لـە شـاری (تیکـرداخ) لەدایکبـووە، خێزانەکەیـان نـە زۆر دەوڵەمەنـدو نـە زۆر هـەژار بـوو، باپیری لەم شـارەدا فەرمانبەرێکی میری بوو، کە نامیق کەمال بوو بە هەشت سـاڵان دایکی کۆچی دواییکرد، ئیتر کەوتە لای باپیری، چونکە (مستەفا عاسـم بەگ)ی باوکی لە (ئەستەمبۆڵ)ی پایتەخت وێڵی ئیش‌و کار دۆزینەوە بوو.

کـە بـوو بـە دە سـاڵان، باپیـری هێنـای بـۆ پایتەخـتو لـەوێ جێنشـین بوون‌و چوو بۆ قوتابخانـەی (ڕوشـدیە)وە، لـەو قوتابخانەیـەدا زیرەکی‌و زرنگی نامیق دەرکـەوت، بەتایبەتی توانایەکی یەکجار مەزنی هەبـوو لـە هۆنـراوە لەبەرکردنـدا، زۆر خـووی دابـووە خوێندنـەوە، بـە زۆری نووسـراوی ئەدەبـی دەخوێنـدەوە.

لەگـەڵ باپیریـدا چۆتـە گەلێـک شـوێن وەک (فـارس)و (سـۆفیا)، بـە تایبەتـی لـە سـۆفیا هەمـوو کاتـی بێئیشـی بـە خوێندنـەوە دەبـردە سـەر، لـەم تەمەنـەدا بـوو، کـە نزیکـەی بیسـت هـەزار دێـری هۆنـراوەی لەبـەر بـوو، ئەمـە جگـە لـەوەی کـە فێـری زمانـی بولغـاری‌و فارسـی‌و عەرەبیش بوو، لە ساڵی (١٨٥٧)دا گەڕانـەوە بۆ ئەسـتەمبوڵ، ئەوەندەی پێنەچوو باپیری کۆچی دواییکردو ئیتر هاتـەوە لای باوکی، کە هەندێ دەسـترۆیوو بـوو، بـە دڵـی نامیـق پـارەی تێدا خـەرج دەکـردو درێغـی لێنەدەکـرد، دوای ماوەیـەک لـە دەزگای تایبەتـی سـەر بـە وەزارەتـی دەرەوەی دەوڵەتـی عوسـمانیدا بـوو بـە (وەرگێـڕ).

لـەم تەمەنـەدا پەیوەنـدی لەگـەڵ شـاعیرەکانی هاوچەرخـی خـۆی پەیداکـردو زۆرجـار لـە گەڵیانـدا دادەنیشـتو سـودی لێوەردەگرتـن،

بەتایبەتـی لەگـەڵ ئیبراهیـم شناسـی سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی (تەسـویری ئەفکار)دا زۆر تێکەڵبـوون، ئەوەنـدەی پێنەچوو ئـەم شـاعیرە هەڵکەوتـووە فێـری زمانـی فەرنسـیش بـوو، دەسـتیکرد بـە خوێندنـەوە ئەدەبی فەرەنسـی، دەرگای ئـەدەبو شارسـتانێتی ئەوروپای بۆ کرایەوە، زۆر شـت کـە لەوەوبـەر پـەی پێنەدەبـرد، شـارەزا بـوو، ئـەم شـارەزاییە کاری تێکـردو ئـەم کارتێکردنـەش بەسـەر بەرهەمەکانییـەوە دیـار بـوو.

نامیـق کەمـال زۆر خەفەتـی بـەو دەخـوارد، کـە میللەتـە دواکەوتووەکـەی بـە دەسـت سـوڵتانێکی زۆردارەوە دەناڵێنێـتو زۆر نەبـەزو چاونەتـرس بـوو، حـەزی لـە خۆهەڵکێشـان نەدەکـرد، جگـە لـە خزمەتکردنـی بیروبـاوەڕە نوێیەکـەی خـۆی هیـچ شـتێکی بیـر نەبـوو، چونکـە بـڕوای وابـوو کـە بـە بڵاوبوونـەوەی شـەو بیروبـاوەڕە میللـەت ڕزگاری دەبێت، ئـەم شـاعیرە لەنـاو شـاعیرو دۆسـتو برادەرەکانیـدا بـە (فیدائـی کەمـال) نـاوی دەرکردبـوو، کـە ئیبراهیـم شناسـی مامۆسـتای بـۆ ماوەیـەک چـوو بـۆ ئەوروپـا جگـە لـە نامیـق کەمـال بـە کەسـی تـردا ڕانەپەرمـوو، کـە بیخاتـە شـوێنەکەی خـۆی، ئـا بـەم شـێوەیە ئـەم شـاعیرە نەبـەزە لـە تەمەنـی بیسـتوپێنج سـاڵیدا بـوو بـە سـەرنووسـەری بەناوبانگتریـن ڕۆژنامـەی ئەدەبـیو کۆمەڵایەتیـی ئـەو ڕۆژە لـە ئەسـتەمبوڵدا.

ئـەو نووسـینانەی نامیق کەمـال دەینووسـی بـە دڵـی میـری نەبـوو، لەبـەر ئـەوە ویسـتیان دووری بخەنـەوەو بینێـرن بـۆ (ئـەرز ڕوم)، کـە نامیق بەمـەی زانـی چـوو بۆ ئەوروپـاو لـە فەرەنسـا سێ سـاڵ مایـەوەو خەریکـی خوێنـدنو خوێندنـەوە بـوو، لەگـەڵ شۆڕشـگێڕە دوورخـراوە عوسـمانییەکاندا، کـە لـە فەرەنسـا بـوون پەیوەندی پەیداکـرد، ئینجا چوو بۆ

لەندەن‌و لەوێ لەگەڵ برادەرێکی ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (حوریەت)ەوە بڵاوکردەوەو لە ساڵی (١٨٧٠)دا گەڕایەوە بۆ ئەستەمبوڵ‌و دەستیکرد بە نووسین. دیسان میری لێی ترسا. نامیق کەمال زۆر بڕوای بەوە هەبوو کە (شانۆ قوتابخانەی گەلە)، بۆیە دەستیکرد بە نووسینی شانۆگەری‌و چیرۆکی (وەتەن یا سیلیستر) کە چیرۆکێکی شانۆییە، لەو کاتەدا داینا لە ساڵی (١٨٧٣)دا بوو، کە بۆ (ماگۆسە)ی قوبرس دووریان خستەوە، لەوێ سی‌و هەشت مانگی ڕەبەق لە زینداندا مایەوەو هەر لەوێشەوە گەلێک لە شاکارەکانی نووسی.

کە پاشا لە تەخت داگیرا، ئەمیش لەگەڵ دوورخراوە نیشتمانپەروەرەکانی تردا گەڕایەوە، دیسان دەستیکردەوە بە چالاکی نواندن، بۆیە جارێکی تریش دوور خرایەوە بۆ دورگەی (میددیلی)، ئینجا نێررا بۆ (رۆدۆس)، لەوێشەوە بۆ دوورگەی (ساکز) کە پێش ئەوەی بنێررێت بۆ ئێرە نەخۆش بوو، وردە وردە نەخۆشییەکەی زیادیکرد، تا لە (دوو)ی کانونی یەکەمی ساڵی (١٨٨٢)دا کۆچی دواییکردو لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لە (بۆلایر) نێژرا. بەڵێ شاعیرێک کۆچی دواییکرد کە هەمیشە بۆ میللەت دڵی لێیدەدا، کە نەیدەزانی بەزین‌و ترس چییە!

نمونەیەک لە هۆنراوەکەی

ئای سەربەستی چەند ڕازاوەیت
کاتێک وەک خۆر هەڵدێیت لە دەم ئاسۆوە
تا دەتوانی دڵمان خۆش کە، بەخیل مەبە بەرامبەرمان
لەبەرچاومان بزر مەبە، خۆتمان لێمە شارەوە
ئەی سەربەستی، هیوای دوا ڕۆژ، خۆشەویستی گیانو دڵ
تۆ کە دنیا ڕزگار دەکەیت لە دیلێتیو ترسو سڵ
ئەی سەربەستی تۆ بەدەستی، دەسەڵاتت بە جیهاندا بڵاو بکە
ڕاپەڕە ئەی شێری بریندار سەربەستی
وا سەگەلی زۆرداری لە دەریای زوڵمو زۆردا مەلە دەکەن!

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
هاوچەرخ	:	عەسری، هاوزەمان
پەی بێ نەدەبرد	:	نەیدەزانی، نەدزانی
بەرهەم	:	بەرهەڤ
پێداڕاپەڕمـوون	:	تێڕادیتن
ڕەبەق	:	تەواو
سەگەل	:	سەگ گەل، کۆمەسەگ
نەژاد	:	ئەسڵ، بنەچە

گفتوگۆ:

١. چۆن نامیق کەمال بوو بە خاوەنی بیروباوەڕێکی نوێ؟

٢. ئەو سەردەمەی کە نامیق کەمال زمانی بولغاریو فەرەنسی فێربوو هۆنراوەی تورکی لەسەر چ شێوەیەک ڕێکدەخرا؟

٣. ئایا فێربوونی عەرەبیو فارسی بۆ تێگەیشتنی هۆنراوەی تورکی ئەوسا پێویست بوو؟ بۆچی؟

٤. چۆن دەتوانیت بیسەلمێنیت، کە نامیق کەمال نیشتمانپەروەرێکی نەبەرد بووە؟

٥. لێچواندنی سەربەستی بە شێری بریندارو زۆرداری بە سەگەلات چۆنە؟

٦. مەبەستی ئەم دێرە شیبکەرەوە:

ئەی سەربەستی، هیوای دوا ڕۆژ، خۆشەویستی گیانو دڵ

تۆی کە دنیا ڕزگار دەکەیت لە دیلێتیو ترسو سڵ

٧. ئەم هۆنراوەیە بکە پەخشان بە مەرجێک حەوت دێڕ کەمتر نەبێت:

ئای سەربەستی چەند ڕازاوەیت

کاتێک وەک خۆر هەڵدێیت لەدەم ئاسۆوە

لە دیلێتی ئازاد دەبین دەکەینە دوای عەشقی تۆوە.

٨. ئەم وشانە بخە ڕستەوە بە مەرجێک لەو ڕستانەی ناو ئەم باسە نەبن: (سڵ، ئاسۆ، سەربەستی، دیل).

هەژاری

ئەگەر بۆ شتێک دژو دوژمنی خۆی بۆ دیاریبکەین، هەروەک چۆن سەری (سارد)و (گەرم)ی تەوژمی کارەبا بەرامبەر بە یەکو دژی یەکو لەگەڵ یەکدا نەگونجاون، هەروەها دەبێت بە پێی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر کە دەڵێت:

(هێندەی نەماوە هەژاری ببێت بەبێ باوەڕی)، موسڵمانیو هەژاری بکەین بە دوو دیاردەی لەگەڵ یەکدا نەگونجاوو یەک نەگرتوو. پێغەمبەری مەزن جارێکی تر دەفەرمووێت: (ئەگەر هەژاری تاکە پیاوێک بووایە دەمکوشت)، واتە ئەگەر هەژاری کەسێک یان گیانلەبەرێک یان بوویەکی هەست پێکراو بووایە دەمکوشتو ئەوە ئیسلام تاکە ڕێگە بوو بۆ ڕزگارکردنی هەژاران.

ئەگەر سەیری ئەم فەرموودانەو وتەی پەیڕەوی هەموو ئەو ئایینو باوەڕانە بکەین، کە بەدرێژایی هەزاران ساڵی بوونی ئادەمیزاد لە دەمی پیاوی مەزنو ژیرو ڕابەرانو خێرخواهان بیستراوە، یا ئەگەر تەماشای زۆر لەو ڕێگەو پەیڕەوانە بکەن، کە ئادەمیزاد لە ڕۆژو ساڵو سەدەیەکی مێژوودا کردوویەتی بە ڕێبازی خۆی، ئەوا بە ئاشکرا دیمەنی دوژمنی هەژاریو نەویستی و نەبوونیو خۆزگەی بەختیاربوونو تێرو تەسەلبوون دەبینین.

برسێتی دوژمنی توخمی مرۆڤەو تێری دۆستیەتی ئەوە، ڕووتو ڕەجاڵی دەستکردی بەرەی بەدخواهـ و تاریکییەو پۆشتەیی خوازی سیفەتی بەرزی مرۆڤ خواهـ و چاکە پەرستانە، هەموو کەس

تێربێت، هەموو کەس پۆشتە بێت، ئاواتی کۆنی ئادەمیزادەو لەگەڵ بوونی سەرزەویدا پەیدابووە، ئەم ئاواتە مەردانەیە لای زۆر پیاوی ژیرو فەیلەسوفو پیاوچاک زۆر بە ساکاریو دڵپاکی وتراوە، زۆر ئاوات لە دڵدابوون بە مەلو باڵدارو داوێتی لە شەقەی باڵو خەیاڵ بەرەو کۆمەڵێک، کە هەژاریو نەبوونی تێدا نەبێت، بەرەو کۆمەڵێکو خاکێک ناڵەی هەژاران مەرگی جوانان ناوی لەوێدا نەبیسترێت، بەڵام کوا ئەو خەوە خۆشە؟ کوا ئەو کۆمەڵو وڵاتە بێخەوشە؟ چۆن هەژاریو برسێتیو نەبوونی نامێنێت؟ چۆن کۆمەڵی ئادەمیزاد وای لێدێت، کە (کاسەی پڕ ئاشتی ماڵ بێت)، ئەو ئادەمیزادانەی کە کەسیان ئەوی تریان ناچەوسێنێتەوە، وەک برا بژین.

ئەو دەمە ئادەمیزاد برا دەبن کە کاسە پڕ بێتو ئەو کاسە پڕە بۆ هەمووان بێتو کەس بەشی کەس نەخواتو کەس ڕێگەی قامچیو کۆتو زنجیرو فڕوفێڵ نەکات بە ڕێگەی بۆ بەشی برا خواردنو بۆ چەوساندنەوەی خەڵکی ترو بەری ڕەنج خواردنیان. هەزاران فەیلەسوفو دانا بە حەسرەتی ئەو کۆمەڵە بەختیارەوە سەریان نایەوەو هەوڵو کۆششیان بۆ ئەوە بوو، کە ڕێو شوێن بۆ پێکهێنانی ئەو کۆمەڵە بەختیارە دابنێن. چۆن هەژاری نەهێڵن؟ چۆن زوڵمو زۆر لەناو بەرن؟ چۆن کاسە پڕ بکەنو ئاشتی بخەنە ماڵەوە، وڵاتەوە، جیهانەوەو خەڵکو مرۆڤ بکەن بە برا؟

زۆر خەیاڵی جوان جوانیان دەڕازانەوە، زۆر بیری سەیریان بۆ دەهات، زۆر لە زاڵمان دەپاڕانەوە، کە دەست لە زوڵملێکراوان هەڵگرنو قامچی فڕێدەن، زنجیر بشکێننو خوێن نەمژن.

بەڵام ئەم خەوو ئاواتو داخوازانە، هەر چەندە شتی مەردانەو پڕ سۆز بوون، بەڵام ڕێگەی ڕاستەقینەی لەناوبردنی هەژارانو چەوساندنەوە نەبوون، زانستی تازە هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە ئەو ڕێگەیەی بە ئاشکرا دەستنیشان کرد.

بۆ ئەوەی زۆردار زۆرداری نەکات، ڕەنجخۆر ڕەنج نەخواتو خوێن نەمژێت، ئەو چەکو هۆیەی لێبسێنێتەوە، کە بەسەر زۆربەی زەحمەتکێشاندا زاڵیکردووە، ئەویش هۆیەکانی بەرهەمهێنانە، هۆی بەرهەمهێنان لە گاسنەوە بۆ تراکتۆر، لە مەکینەوە بۆ کارگەی گەورە، دەبێت موڵکی هەموو خەڵک بێت، موڵکی ئەوانە بێت، کە ئیشی پێدەکەنو بەرهەمی پێدروست دەکەن، زەوی بۆ کەسێک کە دەیکێڵێت، کارگە بۆ هەموو کارکەران، بەرهەم موڵکی تاکە کەسو دەستەیەک نەبێت، موڵکی هەموو بەرهەمهێنەران بێت، وەک چۆن کۆمەڵ ئیشدەکەن بە کۆمەڵیش بەرهەمەکەی بیخۆن.

ئەمجارە ئاواتی کۆمەڵی بەختیار خەو نەبوو، بیرکردنەوە بوو لە شتێکی ڕاستەقینەی وا کە بێتە دیو بە ڕەنجو خەباتو لەخۆ بووردنو فیداکاریی زەحمەتکێشان خۆیانو هاوبیرانی ئەوان هاتە دی.

ئێستا دادوەری کۆمەڵایەتی لەوە دەرچووە، کە تاکە خەوو بیرکردنەوەو ڕێگەنیشاندان بێت، بەڵکو ڕژێمەو پەیڕەوەو هێنراوەتە دیو زۆر وڵاتانی گرتۆتەوەو بەرەو نەخشەی جیهان دەچێت. هۆی بەرهەمهێنان موڵکی هەمووانە، کارکردن بە کۆمەڵە، بەرهەم خواردن بۆ هەموو کارکەرانو کارگەرانە، ئەگەر سووخۆرو بازرگانە چاوچنۆکەکانی قوڕەیش مایەی هەژاریی خەڵک بووبن، هەژاری لەگەڵ

کوفرو خوانەناسیدا لەو سەردەمەدا بەرامبەر بە یەک وەستابن، ئەوا سەرمایەداری خوێنمژی ئەم سەردەمە، ملیۆنان، بەڵکو سەدان ملیۆن هەژار دەکاتو لە هەموو کوفرو خوانەناسییەک پیسترو شایانی نەهێشتنو لەناوبردنەو هەر نامێنێتو ئادەمیزادی ئەم سەردەمە کۆمەڵەی بەختیاریی خۆی بنیات دەنێت.

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
ئەروم	:	قوەت، هێز
دیاردە	:	دیارکردن
ڕووت و ڕەجاڵ	:	بێ جلوبەرگ
خەوش	:	عەیب

گفتوگۆ:

١. بۆچی هەژاری دەبێتە هۆی بێ باوەڕی؟

٢. ئەو ئایەتو فەرموودانەی دەربارەی هەژاری وتراوە چین؟

٣. چ ڕژێمێک هەژاری لەناو دەبات؟

٤. بە چ جۆرێک هەژاری لە وڵاتدا ناهێڵین؟

٥. جیاوازی نێوان ڕژێمی دادوەری کۆمەڵایەتی و سەرمایەداری چییە؟

ئەز دزانم ئاڤ ل سەر چ را دچت بەلێ نابێژم

مرۆڤەکی ژ کوڕێ خوە پرسی ئەرێ لاوێ من تە چەند دۆست هەنە؟ کوڕی گۆت: بابۆ من گەلەک هەنە، بابێ گوت چەندن؟ کوڕی گۆت: بێ ژمارن.

بابێ گۆت: کوڕێ من ئەز وەلێ هزر دکم دۆستێن تەیێن بەرویکێنە هندی بەرویکاتە تەژییە دۆستێن تە پڕن، بەلێ گاڤا بەرویکا تە ڤالا بوو تۆ بێ دۆستی، چونکی بابێ تە دهەمی ژیێ خوەدا دۆستو نیڤ ژ خوەرا گرتنە تە چاوا کارییە هندە دۆستا بگری؟

دەکا ڕابە ئیشەڤ چەند دۆستێن تە هەنە بجەرببینەو پاشی ئەمێ نیڤ دۆستێ من بجەرببینن، کوڕی گۆت: ل سەر چاڤێن من حەچی دۆستی ئەز بێژمێ کا جانێ خوە بدە من نابێژت نە ما من هندک قەنجیو چاکی ب وانرا کرییە؟!

بابێ گۆت: لاوێ من دۆستێن تەیێن خواردنێنەو پێ گوتیە: (هەڤالێ پاری ناچت هاری) دە ڕابە ئیشەڤ یەکو یەک هەرە ل دەرێ مالا وان دۆستا بێژە: پاشا وێ من کەرب گرتی بییەوێ من بخەنقینت هەما بەس ئیشەڤ من بحەوینە، کا بەرسڤا وان وێ ببت چی؟

کوڕ ڕابوو چۆ دۆستێن خوە کت کت سەحکرن، حەچیا چۆ ل دەرێ مالێ گوتێ ئەز رەڤیێ پاشێمە وێ من بخەنقینت بەس ئیشەڤ من بحەوینە، پەرسڤا تەڤا بی یەک گۆتن: ئەڤ بارەک گرانە ئەز نکارم پاشای ژ خوەرە بکم دوژمن کوڕ زڤری هات مال، بابێ گۆت: ها... دۆستێن تە بێن چی؟

کوڕی گۆت: هەمی وەک گۆتنا تە دەرکەتن، بەس هەڤالێن

بەرویکێنە. بابێ گۆت: دە ڕابە ئەمێ ڤێجا نیڤ دۆستێ من بجەربینن، رابووە بەرانەک ئانین سەر ژێکرن و ل ناڤ دار بەستێدا پێچان، بابێ گۆتە کوڕی دە رابە هەرە مالا فلان کەسێ- نیڤ دۆستی بابێ- بێژە بابێ من گۆتیە بلا بگەهیت مالا مە پچەک کارێ وی هەیە، کوڕ رابی وی نیڤ شەڤێ چۆ دەرگەهێ نیڤ دۆستێ بابێ خوە قوتا، مێرک ژ خەو رابوو هات ل بەر دەریو ژێ پرسی تە خێر بیت برازا؟!

کوڕی گۆت: مام، بابێ من گۆتیە بلا بگەهیت مالا مە کارەک وی هەیە، دۆستی گۆت: ل سەر چاڤا نهۆ ئەزێ بێم چو جلێن خوە گوهۆڕینو بلەز قەستا مالا بابێ کوڕکی کرن، حەتا گهان وێ دێ مێرک پرسیار ژ بابێ کوڕکی کر: تە خێر بت ڤی نیڤ شەڤێ؟! بابێ گۆت: خێرە! ئەڤ دار بەستیا هەیا کوڕێ پاشایە کوڕێ من وێ کوشتی کا ئەم چژێ ب کین؟

پشتی هزرێن خوە کرین دۆستی گۆت: من ڕێک دیت، ئاشێ گوند سەکنیە ئەمێ رابین هەرین جووا ئاشی بکولن تەرمێ خوە تێدا فەشێرینو دیسا وەک بەرێ لێ بکین سبەهی ئاشڤان وێ ئاڤێ بەردت سەر ئاشی، کی دزانت کو تشتەک ل بن جووا ئاشیدا هەیە؟ رابوون چون وێ نیڤ شەڤێ جۆ کۆلان دار بەستا خوە تێدا بن ئاخکرنو جۆ وەکی بەرێ لێکرنو هەر یەک ڤەگەڕیا مالا خوە، بابێ ڕۆژا پاشی گۆت کوڕێ خوە: دە ڕابە هەرە دکانا نیڤ دۆستێ من یێ شڤێ دی بێژێ بابێ من گۆتیە: بلا تۆپەک قوماشێ تازەو گران بها ژمن را ڕێکت، کوڕ چۆ تۆپەک قوماشێ وەک بابێ وی گۆتی ئانی، باب ڕابوو ئەو تۆپێ قوماشی زیڤار زیڤار کر خستە ل جوالەکێدا گوتە کوڕێ خوە دە ڕابە ڤی جوالی ببە ل بەر دەرێ دکانا وی ڤالە بکەو

هنەک جڤینان بدێو بەرێ خوە بدێ کا وی چ بێژت؟ کورِ رابی وەک بابێ گۆتی کر، نیڤ دۆستی بەرێ خوە دایێو سەری خوە هەژاند گۆت: دێ هەرِە مام بەنی (ئەز دزانم ئاڤ دسەر چ را دچت بەلێ ئەز نابێژم) کورِ ڤەگەرِیا مال بابێ گۆت: ها... تە چاوا نیڤ دۆستێ من دیتو چی ل تە ڤەگەرِاند؟ کورِی گۆت: ل من ڤەگەرِاندو گۆت: (ئەز دزانم ئاڤ دسەر چ رِا دچت بەلێ ئەز نابێژم) بابێ گۆت کورِێ من تە زانی چ گۆت؟ کورِی گۆت: نە. بابێ گۆت: ئەز دزانم ئاڤ دسەر تەرمێ کورِێ پاشێ رِا دچت بەلێ ئەز نابێژم ڤێجا گەرەکە دناڤبەرا دۆستاندا هۆلێ بیت، نەخاسم دۆستێ بابێ مرۆڤی چونکی هاتییە گۆتن (دۆستاهیا دۆستێ خوە بەردە، بەلێ دۆستاهیا دۆستێ بابێ خوە بەرنەدە).

هەر دەمێ مللەت هەمی پێکڤە ببن دۆستو هەڤاڵ بێگومانە وێ خوەشیو شادی ژ تەڤارە بت. ئەگەر نەهنەک وێ پێ بمرنو هندەک وێ ژێر بمرن.

(مەلا مەحمودێ دیرشەوی، مشتاخا چیا ژ گوتنین پیشیا بەغدا).

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
وەلێ هزر دکەم	:	وا بیر دەکەمەوە، وای بۆ دەچم
دۆستێن تەیێن بەرویکینە	:	دۆستەکانی تۆ دۆستی گیرفانن
ڤالا بوو	:	بەتاڵ بوو
دە ڕابە	:	هەڵسە، هەستە
ئیشەڤ	:	ئەمشەو
پاشا ل من کەرب گرتی بییە	:	پاشا لە من توورە بووە
بخەنتقینیت	:	بخنکێنیت
کت کت	:	یەک یەک
ڕەڤیێ پاشیمە	:	هەڵاتووی دەستی پاشام
بەرسڤ تەڤا	:	وەڵامی هەمووان
سەر ژێ کرن	:	سەری بڕی
چژێ بکین	:	چی لێ بکەین
من ڕیک دیت	:	ڕێگایەکم دیتەوە
زیڤار زیڤار کر	:	پارچە پارچە کرد
نەخاسم	:	بەتایبەتی
ژتەڤارەبت	:	بۆ هەمووان دەبێت

ژیانی کۆچەر

لەگەڵ ئەوەشدا کە مرۆڤ ژیانی کۆمەڵایەتی گۆڕاو بەرەو پێشەوە هەنگاوی ناو، ژیانی ئابوریشی بەرەو کشتوکاڵو تا ڕادەیەک پیشەسازییەوە ڕۆیشت، کەچی ژیانی ئاژەڵداریو بەخێوکردنو لەوەڕاندنی واز لێنەهێنا، ئەمە بۆ ماوەیەک مایەوەو تەنانەت لەناو دێهاتو ئاوەدانییەکانیشدا، تا ئێستا ژیانی ئاژەڵو ماڵات بەخێوکردن ماوە، دوای ئەوەی، کە بە تەواوی شۆڕشی پیشەسازی هەموو لایەکی جیهانی گرتەوەو کاروباری کۆمەڵایەتیش لەگەڵیدا گۆڕاو،

تەنانەت کشتوکاڵیش جۆرێکی تری لێهاتو بەرەو پێشکەوتنو مەکینە بەکارهێنان ڕۆیشت، لە زۆر لاداو ئاژەڵ بەخێوکردنیش بارێکی نوێی گرت، لەگەڵ ئەمانەشدا لە هەندێ شوێنی جیهاندا بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا، ژیانی ئاژەڵداریو ماڵات بەخێوکردن بە شێوەی کۆنی مایەوە، لەبەر ئەوە دەبینین ئەوانەی خەریکی ئەمەن، ژیانی کۆچەریو کۆچەرایەتی خۆیانیان واز لێنەهێنا، لەبەر ئەوە دەبینین لە زۆر شوێنی وڵاتەکەماندا لە عیراقدا بە گشتیو لە کوردستاندا بەتایبەتی، ئەو ژیانە، تا ئێستا باوەو هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی، کە خێڵەکان بە یەکەوە لە شوێنێکی تایبەتیدا، کە نزیکی ئاوو لەوەڕگە هەڵدەدەنو لەژێر ڕەشماڵدا، کە لەبەنی موو دروستدەکرێت دەژینو ئاژەڵو ماڵاتەکانیان لەو شوێنەدا بەخێو دەکەنو دەی لەوەڕێنن، ئەمەش بەپێی وەرزە، لە زستاندا دێنەوە بۆ پێ دەشتەکانو لە هاویندا بەرەو ژوور دەبنەوە بۆ کوێستانەکان بە دوای لەوەڕدا.

ئەوەی شایانی باسە کۆچی هۆزە کوردەکان چونکە لە

ناوچەیەکی شاخاوی دان، کۆچی (ستوونیە)ی یە لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بەڵام کۆچی ئەو هۆزانەی لە دەشتو بیابانـدا دەژین جوڵەو کۆچیان (بازنەییە)بە واتای بۆ لەوەڕ بە دەوری خۆیاندایە دەسوڕێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ژیانی کۆچەریو هاتوچۆیان بێ ناخۆشیو بێ ئەرکو ماندوبوون نییە، بەڵام ئەگەر ساڵ خۆش بێتو بەهارەکەی تەڕ بێتو هاتیی بێت هەموو ناخۆشییەکیان لەبیر دەچێتەوە هۆزە کۆچەرەکان بە زۆری لەسەر بەروبوومی ئاژەڵو ماڵاتەکانیان دەژین.

ئەگەر چی هەندێکیان لە کاتی زستاندا، کە دێنەوە پێ دەشتەکان لە ناو دێهاتدا بن یان هەر لەژێر ڕەشماڵدا کشتوکاڵێکی کەم دەکەن بەدەم کاروباری تریانەوە، ئەم هۆزانە ئاژەڵەکانیان بە زۆری مەڕو بزنەو کەمێک ڕەشەووڵاخیشیان هەیە، ماڵو کەلوپەلیان سوکەو بە وڵاخو کەر دەیگوێزنەوە. بە دەم لەوەڕەوە لە سەرەتای بەهاردا بەرەو کوێستانانەکان بەرەو ژوور دەبنەوەو ئاژەڵەکانیان لەو کوێستانانە دەلەوەڕێننو تێریان دەکەنو لە دەمە دەمی پایزدا بەرەو خوار، بەرەو گەرمیان دبنەوە بەو هەموو پیتو بەرەکەتەی کە لە ماڵاتەکانیان دەستیانکەوتووە، لە کەرەو ڕۆنو پەنیرو، خوریو موو، ئەگەرچی ژیانی کۆچەریو کۆچەرایەتی بەرەو کەم بووینەوەو زۆربەی هۆزەکانی نیشتەجێبوون یان خەریکە نیشتەجێ دەبن بەڵام هێشتا بەشێکی کەم ماون وەکو هەندێ تیرەی جاف.

ئەوەی شایانی باسە لەم دواییەدا میریو کاربەدەستان خەریکی نیشتەجێکردنی ئەو هۆزو تیرانەن، کە هێشتا بەشێوەی کۆچەری ماونەتەوە، بەتایبەتی هۆزە عەرەبەکانی ناوچەی ناوەڕاستو

ڕۆژئـاوای وڵات، ئەویـش بـە دروسـتکردنی خانـوو قوتابخانـەو بیمارسـتانو هەڵکەندنـی بیری ئـاوو ڕێکخسـتنی ڕێو شـوێنی کشـتوکاڵ.

بـاری کۆمەڵایەتـی نـاو هـۆزە کۆچـەرەکان بەپێـی بـاری ژیانیـان لەسـەر بنەڕەتـی هۆزایەتییـە، ئەویـش ئەوەیـە کـە هەمـوو یەکێـک بـە هـۆی هۆزەکەیـەوە دەپارێزێت، بە واتـا هەموویـان یەکـن بۆ پارێزگاری خۆیـانو مـەڕو ماڵاتیـان، جگـە لـەوەی، کـە هـەر هـۆزە سـەرۆکێکی هەیـە کـە ئەویـش پشـتاو بـۆی ماوەتـەوە، جگـە لـەوەی، کـە هـەر ئازایـیو زرنگـی دەورێکـی هەیـە لـە بـۆ ئـەو سـەرۆکەو سـەرۆکی هـۆز دەسـتەڵاتێکی تـەواوی هەیـە لـە بەڕێوەبردنـی کاروبـاری هۆزەکەیـدا لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە، جگـە لـەوەی، کـە ئەنجومەنێکـی تایبەتـی لـە پیـاو ماقـوڵانو ڕیـش چەرمـووی هۆزەکـە یارمەتـی دەدا لـە ئیـشو کاری هۆزەکـەدا، بـەڕێ پیشـاندانو پێشکەشـکردنی ئامـۆژگاری.

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
ئابوری	:	(اقتصادی)
ئاژەڵو ماڵات	:	حەیواناتی مالی لەمەڕو بزنو ڕەشە وڵاخ
ڕەشماڵ	:	ئەو خانووە سەفەرییەیە کە لە بەنی مو دروستدەکرێت کۆچەر تێیدا دەژیت وەکو (چادر)و (خێمە)
نیشتەجێکردن	:	دامەزراندنو دانانی کۆچەریەکان لەناو دێهاتو ئاواییدا

گفتوگۆ:

١. هۆزی کۆچەر لە هاویندا لە کوێ هەڵدەدا؟

٢. کۆچەرەکان بە چی دەژین؟

٣. ئایا ڕاستە کە خەریکە ژیانی کۆچەرایەتی نەمینێت؟

٤. ناوی ئەو هۆزانە بلێ، کە تا ئێستا لە کوردستاندا خەریکی کۆچن؟

٥. وەسفی دیمەنی ڕەشماڵێکی ماڵە کوردێک بکە لە تەڕی بەهاردا لە قەد شاخێکدا هەڵیداوە؟

قازی محەمەدی پێشەوا و کۆماری کوردستان

قازی محەمەد کوڕی عەلی کوڕی میرزا قاسمە، لە ساڵی (١٩٠١)ز لە شاری مهاباد (ساباڵاخ) لە بنەماڵەیەکی ئایینی بەناوبانگ لەدایکبووە، هەموو زانستە ئایینییەکانی سەردەمی خۆی تەواو کردووەو زۆر کتێبی بێگانەی خوێندۆتەوە، جگە لە زمانی فارسی (ڕوسیو ئینگلیزیو عەرەبی) بە نووسینو خوێندنەوە زانیوە.

یەکەم جار، کە قوتابخانە کراوەتەوە، قازی محەمەد کراوە بە سەرۆکی (اداره المعارف)ی ناوچەکە، بێ ئەوەی یارمەتیو موچە لە میری وەربگرێت، هەمیشە خەڵکی هانداوە بۆ خوێندنو خوێندەواری، پاڵپشتی هەژارو جوتیارو ڕەنجدەران بوو، هەستی نیشتمانپەروەریو دیموکراسیخوازی کاری لە بیروباوەڕو ڕێبازی ژیانی کردووە.

ساڵی (١٩٣٨)ز قازی عەلی باوکی کۆچی دوایی دەکات، قازی محەمەد دەبێتە قازی مهاباد، لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا (١٩٣٩- ١٩٤٥)ز دەوڵەتی شاهەنشاهی لە ئێران بێهێز دەبێت، دەسەڵاتی بەسەر زۆر ناوچەی حوکمڕانی خۆیدا لە دەستدەدات، هەر لەو ساڵانەدا هێزی سوپای یەکێتی سۆڤیەت بەشێک لە خاکی ئێران داگیردەکات، ئەم بارودۆخە لەلایەکو گەشەکردنو بەرزبوونەوەی هەستی کوردایەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا لەلایەکی ترەوە، بوو بە هۆی ئەوەی ڕێکخراوێکی نیشتمانی ڕزگاریخواز بە ناوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) (ژ.ک) ساڵی (١٩٤٢) لە مهاباد دابمەزرێنرێت، ئەم کۆمەڵەیە گۆڤاری (نیشتمان) یان کردە زمانحاڵی خۆیان، لەو سەردەمەدا گۆڤاری (نیشتمان) ڕۆڵی گرنگی بینی لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی ناوچەکەو ئاراستەکردنیان بۆ کاری ڕێکخراوەییو نیشتمانی.

هەر كۆمەڵەی (ژ.ک) بووە هۆی دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە ساڵی(١٩٤٥). لە (٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦)دا کۆماری کوردستان لە مهاباد دامەزراو قازی محەمەد بووە سەرۆکی کۆمارو لەگەڵ سرودی (ئەی ڕەقیب) لە مەیدانی چوارچرا (ئاڵای کوردستان) هەڵکرا، پاش چەند ڕۆژێک دەستەی وەزیران لە سیازدە کەس دیارکران.

ئەگەر چی کۆماری مهاباد یازدە مانگ لە تەمەنی پڕ شانازی بەسەربرد، بەڵام لەو ماوە کورتەدا ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان لە ڕووی ئابوریو کۆمەڵایەتییەوە گەشەیکرد، بایەخی زۆر بەزمانو ئەدەبی کوردی دراو ژمارەیەک ڕۆژنامەو گۆڤاری بە توانا دەرچوونو بوونە ناوی دیار لە کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، لەوانە: (ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری ئاوات، گۆڤاری هەڵاڵە، گۆڤاری هاواری نیشتمان، گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد)، هەروەها هێزی سوپای کۆمار دامەزرا، بزوتنەوەی شانۆگەری چالاکی بەخۆوە بینی، شانۆی (دایکی نیشتمان) نمایشکرا.

دوای یازدە مانگ بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی جیهانو ناوچەکەو کشانەوەی سوپای سۆڤیەت لە ناوچەکەو نەبوونی کادری ئیداریو پسپۆڕی شارەزا بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی کۆمارەکە، هەروەها نا بەرابەری سوپای ئێرانو هێزی کۆمار، بوونە مایەی لاوازبوونو شکستی کۆماری کوردستان لە بەرامبەر لەشکری ئێراندا، بەم جۆرە بە پیلانێکی دەرەکیو ناوەکی نەخشە کێشراو، قازی محەمەدو هاوڕێکانی ناچارکران خۆیان بدەن بە دەست لەشکری دوژمنەوە، دوژمن زۆر دڕندانە، وەک پیشەی هەمیشەییان لە ڕۆژی

(١٩٤٧/٣/٣١) دا لـه مەیدانی چوارچرادا، قازی محەمـەدو حسین سـەیفی قـازیو ژمارەیـەک لـە قارەمـانو شۆڕشـگێڕانی کوردیـان لەسـێدارە دا.

پێشـەوا قـازی محەمـەد نەیویسـت لـە ناخۆشـیو شکسـتدا ئـەو میللەتـە جێ بهێڵێـت، کـە لـە خۆشـیو دامەزراندنـی کۆمـاردا لەگەڵیـان بـوو، لەبـەر ئـەوە زۆر جەسـورانە چـووە پێشـوازی مەرگـو بـووە ناوێکی نەمـرو سـەرکردەیەکی هەڵکەوتـووە لـە مێـژووی هاوچەرخـی کـورد.

شـاعیرو نووسـەری ناسـراو ئیبراهیـم ئەحمـەد (بلـە) لـە ماتەمـی لـە سـێدارەدانی پێشـەوادا دەڵـێ:

گەرچی شیوەنە شینی پێشەوا
گریان نەنگییە لە شینی ئەوا
بێخی ناکۆکیو نیفاق هەڵکەندن
ڕێگەو شوێن دانان بۆ تۆڵە سەندن
یەکگرتن، جەنگین، نەبەرد، تا مردن
هەوڵو تەقەلای گەل، ئازادکردن
گیانی بڵندی سەرۆک ئەکەن شاد
ئەیگەیـــەننە بەهەشـــتی موراد

بۆ زانین:

شانۆی (دایکی نیشتمان) لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا نمایشکرا، ناوبانگی دەرکردو لە شوێنە دوورەکانی کوردستانەوە خەڵک بۆ تەماشاکردنی دەچوونە مهابادو نەخشێکی بەرچاوی هەبوو لە هۆشیارکردنەوەو جۆشدانی هەستی نەتەوایەتی لەنێو خەڵکدا، بەتایبەتی لەنێو لاوانی نەتەوەکەماندا.

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
میری	:	دەوڵەت
موچە	:	مەعاش، بژێوی
نابەرابەر	:	نا یەکسان
ادارە المعارف	:	بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردە
بێخی ناکۆکی	:	سەرچاوەی ناکۆکی
نیفاق هەڵکەندن	:	لە گۆڕنانی دووبەرەکیو دووزمانی
نمایشکرا	:	پیشاندرا
نەخشێکی بەرچاو	:	کارێکی دیار

ژیانی ئەمرۆم دەفرۆشم بۆ کڕینی نانی سبەی

لێرە بە هێمنی هەنگاو بنێ هاکا دیسان دەنگی تەقینەوەی مین لەنێو ئەشکەوتی ئەو شاخانەدا دەنگی دایەوەو، پرمەی ولاغی قاچاخچی‌و هانکە هانکی کۆڵبەرانی ماندووی بڕی، ئەرێ ئەو کۆڵبەبەرانەی وا ژیانیان بۆتە چیرۆکی کارەساتو هەڵپڕووکان قاچاخچین؟ نا ئەوانە قاچاخچی نین، کاسبکارن لە گەرووی شێردا بە شوێن پاروەوە نانێکدا دەگەڕێن، بە جەرگترین مرۆڤەکانی ئەم گۆی زەوییەن، کە سینگیان پڕە لە چیرۆکی کارەساتو سات بەساتی ژیانیان ململانێی مەرگەو ژیان. هەر یەک لەوان باری هەزاران خەمو کارەساتیان لە کۆڵناوەو قوربانییەکن بە تاوانی ژیان، ئایەتی مەرگیان دەپژێننە کۆشی مانو هەناسەیان، چ ڕاتلەکێنەرو خەمهێنەرە، تەنانەت ڕوانینو ووردبوونەوەیەکی کورت لە بەشێکی زۆر بچوک لە شەوەژانو ئازارەکانیان.

ئەوان قاچاخچی نین، بەڵام بێکاروکاسبینو ڕژێمی ئێرانی دوژمنیان سوێندخواردوو نەیاری قەستەسەریان، ئەو ناوەی بەسەردابڕیون تا هەروا سوکو سانا هەموو جۆرە تۆمەتێکیان بخاتە پاڵو دەستی ئاوەڵا بێ بۆ هەموو جۆرە سەرکوتێکو هەر چەشنە ڕمکردنیان. لە بیرمان نەچێ ئەو (قاچاخچی)یانە بەشێکی زۆر لە ئەو (ڕەسەنترین) نەتەوەی ئێرانیو (بوێرترین سنوور پارێزانی) ولاتن کە گەورە بەرپرسانی ڕێژیم وەختو ناوەختو لە کاتە ناسکەکاندا بەسەریاندا هەڵدەڵێن، کەچی ئەوان بە کولە مەرگی دەژینو ژیانیان وە مەترسی دەخەن بۆ ئەوەی پاروە نانێک بۆماڵو منداڵیان وە دەستبێنن. ئەوان لە ناوچەکەیدا دەژین، کە بە وتەی پایە بەرزانی ڕژێم (لە هێمنترینو ئارامترین) ناوچەکانی ولاتە، کەچی کارو کاسبی‌و

کارگـەو پیشەسـازیو ئاوەدانـی تیـا قاتـە.

ژیـان لەناوچـە سـنوورییەکانی کوردسـتاندا گەلێـک تاقـەت پڕوکێـنو پـڕ هەژمەتتـرە لـە چـاو ناوچەکانـی تـری کوردسـتان. ئـەو ناوچانە هەموو کاتو زیاتر لە شوێنەکانی تری کوردستان سوتەمەنیی شـەڕو پێکـدادان بـوون، زەوییەکانیـان لەجێـی لـە خۆگرتنـی دەغـڵو دان، بوونەتـە کێڵگەمیـنو هـەر بـە ڕووی دانیشـتوانی ناوچەکەشـدا تەقیونەتـەوەو دەتەقێنـەوە.

لەنێـوان شـەڕی ئێـرانو عێـراق زۆرتریـن زیانیـان بەرکـەوتو لەسـەردەمی بـە نـاو ئاوەدانـیو (سـازندەگی) دا کەمتریـن ئاوڕیـان لێدرایـەوەو ئێستاکەش زۆرتریـن قوربانیانـی کارەساتەکانی پاشـماوەی شـەڕو درێـژەی سیاسـەتە چەوتەکانـی ڕێژیـم هـەر لـەو گەلـەن. گەلێک کـە تەنانـەت ژیانـی کۆڵبـەریو شـەو بـە کێویشـی پـێ ڕەوا نابینیـن. رامـان لـە ژیانـی کولـە مەرگیو پڕاوپڕ لـە دۆخـی لـە گێڕانـەوە نەهاتووی ئـەم خەڵکـە، ویژدانیزینـدووی هـەر مرۆڤێکـی دەروەسـت بـە مرۆڤایەتـی دەهەژێنێ.

ئـەوان دەزانـن تەقەیـان لێدەکـرێو دەکەونـە بـەر دەسـرێژی هێزەکانـی ڕێژیـم، ئـەوان دەزانـن مینـە نووسـتووەکانی ژێـر دڵـی خـاک، چاوەڕوانیـان دەکـەنو هـاکا گرمەیـەکو پەڕینـی دەسـتو لاقێـک، لـە لێـدان کەوتنـی دڵێـکو هەتیووبوونـی منداڵێکـی چـاو لـە دەرگاو بـێ سەرپەرشـتو بـێ نانهێنـەر مانـەوەی بنەماڵەیـەکو... ئـەوان بـاش دەزانـن سـەرماو سـۆڵو بەفرو کرێوە بێ بەزییە، لەوانەیـە برشـتیان لێببـڕێو ڕقیـان هەڵێنـێ یاخـۆ بکەونـە ژێـر ڕنـوی بەفـرو لەوانەشـە بەرگـەی ڕەوەزو هەڵدێران نەگرنو بکەونـە بـەر رقـی سروشـت، بـەڵام نیـازی کۆشـێک منداڵـی برسـی چـاوەڕوان، نەبوونـی هیـچ هیوایـەک بـۆ

دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان تین وەبەر هەنگاوەکانیان دەنێو وا دەکا بیر لە گرفتو کۆسپو کۆستەکانی بەردەم ڕێیان نەکەنەوە. ئەوان ڕێگەی هاتو نەهاتیان دەگرن، کەچی لەولا دڵە خورپە بۆ ساتێکیش لە بنەماڵەکانیان نابێتەوە، کە ئاخۆ بڵێی کاسبکارەکانیان، برا، باوک یا هاوسەرەکانیان جارێکی تر سەر بەدەرگای ماڵیدا بکەنەوەو بۆ نوچدانێ لای وان بمێننەوە.

لە ڕاستیدا نە ئەوان قاچاخچینو نە ئەو کەلوپەلانەی لەسەریان دەدرێنە بەر دەسرێژ، شتومەکی قاچاخنو نەکردەوە نا مرۆڤەکانی هێزەکانی ڕێژیم لەو پێوەندییەدا پاساو هەڵدەگرن. ئەگەر هێنانو بردنی کەلوپەلو پێداویستیەکانی ڕۆژانەی ژیان قاچاخە، بۆ لەسەر سنورو لە خاڵی (سیفر)ی سنوردا پێشیان پێناگیرێو بۆ لە قوڵایی خاکی کوردستاندا دەکەونە بەر ڕاوەدوونانی هێزەکانی ڕێژیمو چۆنە وا بە سوکو سانا سیلەیان لێدەگیرێو خەڵتانی خوێن دەکرێنو کەلوپەلو شتومەکەکانیشیان بە تالان دەبردرێن. کام یاساو ڕێسای مرۆڤانەو کامە شەرع ڕێگە دەدا، کە کاسبکارانی کورد بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەک بدرێنە بەر دەسرێژی گوللەو ماڵو ژیانیان لێتێکبدرێ؟ ئەگەر ساتو سەوداو هێنانو بردنی کەلوپەلی ژیانو خواردنو کۆڵبەری قاچاخ تاوانە، کامە یاسا ڕێگە دەدا بەبێ گرتنو دادگاییکردن سزایەکی وەها توندو نامرۆڤانەیان بەسەردا بسەپێندرێو بکوژانو بڕیاردەرانی ئەو کارەساتانەش دەسخۆشییان لێبکرێو ڕێزیان لێبگیردرێ؟

ئەو جۆرە کردەوانەی ڕێژیم ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکەنو دەیسەلمێنن، کە ڕوانگە ئەوانەوە ڕۆڵەکانی کورد هەر هەموو بەهۆی کوردبوونیان تاوانبارو نەیارنو کوشتنو دەستگرتنو بەسەر خوێنو ماڵو سامانیان شتێکی ئاسایی، حەڵاڵو ڕەوایە. ئەو ڕێگە

پێدانەش لە سەرچاوە ئایینییەکانی ڕێژیمو ئایدۆلۆژیی باڵا دەستەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگینا هەر لەو پێوەنییەدا ڕوونو ئاشکرایە، کە خودی بەرپرسانی پایە بەرزی ڕێژیمو بگرە بڕیار بەدەستانی ئاستی خوارەوەش بە کەڵک وەرگرتن لە ڕانتو ڕانتخۆریی نێو خۆی دەزگای دەوڵەتییەکان بە کەڵک ئاوەژوو لە پێوەندیو بەرپرسیارەتییەکانیان بە شێوەیەکی بەربڵاوو لە پانتایەکی بەرفراواندا هەر ئەو شتومەکە قاچاخەو کەلوپەلی بەمانا ڕاستی قاچاخ لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بۆ قوڵایی شارەکانی ئێرانو هەموو ناوچەکانی وڵات ڕادەگوێزن.

باس لە چارە ڕەشیو بێ ئەنوایی ئەو گەلە بەشخوراوە نە ئەوەیە تەواو دەربڕی مەزڵوومییەتو چەوساوەیی ئەوان بێو نە ئەوەیە کە بەو چەند دێرە ببڕێتەوە.

ئەوەی جێ بەهەموو دڵخۆشییەکو ژیانی خێزانیان لێژ دەکاو بەرەو چارەنووسی لێڵو نادیاریان دەبا، بێگومان بێ هیوایی، دۆشداماوەیو بێ دەرەتانییە، ئەگینا بڵێی ئەو کاسبکارانە ئەگەر تۆسقاڵێ هیواو شک ببەن، کە لە پەنا کەسوکارو خێزانیانو لە شار یا گوندەکانیان کارێکو سەرقاڵییەک هەبێ، کە بتوانن ژیانیانی پێ دابینبکەن، بێنو بە لە بەرچاوگرتنی هەموو ئەو مەترسیانەو هەست پێکردنو بە مۆتەکەی مەرگ بەسەر سەریاندا ملی ڕێگەی هاتو نەهات بگرن؟

ئەوان بە تاوانی قاچاخچییەتی گیانیان لێدەستێندرێو بارەکانیان زەوتو بە تالان دەبرردرێ لە حاڵێکدا زۆربەی ئەو کەسانەی لەو چارەنووسەدا پەلەقاژەی مەرگو ژیانیانە، کرێگرتە یاخۆ کۆڵبەرنو بارەکەش هی خۆیان نییەو ئەگەر لە کەمینو مەرگیش پارێزراو بووبن،

ئـەوا دەبـێ لـە بەرامبـەر دانـی سـزای قورسـی (تـا ٢٥٠ هـەزار تمـەن) بگەڕێنـەوە سـەر کاروبـاری خۆیـان! ئـەوە لـە حاڵێکدایە، کـە قازانجی ئـەو کۆڵبەرییـە لـە ڕۆژدا لـە (٥٠٠٠) هـەزار تمـەن بـۆ سـەرێ تێناپـەڕێ. ملدانـی ئـەوان بـەو چارەنووسـەش لـەو دۆخـەدا کـە بێکاری، گرانـیو، ڕۆژ ڕەشـی لـە هەمـوو بارێکـەوە تەنگـی بـە خەڵکـی کوردسـتان هەڵچنیـوە.

ئـەوان لـە پڕووکانـی لـەشو گیانیـان خـۆش دەبنو بـەرەو ڕووی ئـەو هەمـوو مەترسـیو کارەسـاتانە دەبنـەوە، تەنیـا لـە پێناو دەسـتخسـتنی لانـی کەمـی بژێـوی ژیانیـانو ئـەوەش دیـاریو ویسـتی ئـەو ڕێژیمەیـە، کـە تینـووە بـە خوێنـی ڕۆڵەکانـی ئـەو گەلـەو لـە ڕیـزی دوژمنـە سـوێند خواردووەکانیەتـی.

لـە ڕاسـتیدا ئـەوە گۆشـەیەکە لـە پێناسـەی نەتەوەیـەک، کـە لـە چوارچێـوەی ئێرانێکـی دژ بـە هەمـوو مافەکانـیو نامـۆ بـە هەمـوو داوا ڕەواکانـی ناچـار بـە ژیانێکـی کولەمەرگـی کـراوە. هـەر لـە جێـدا هـۆی سـەرهەڵدانی هـەژاری، بێکاریو گەشەسـەندنیان لـە کۆمەڵگـەی کوردسـتانداو پەنابردنـی دانیشـتوانی ئـەم هەرێمـە بـۆ هـەر چەشـنە کارێکـی تاقـەت پڕوکێـنو پـڕ مەترسـی دەگەڕێتـەوە سـەر دواکەوتـوو ڕاگیـراوی گەشـەنەکردنی کوردسـتان، بـەڵام هـەر هـۆی گەشەنەسـەندنی کوردسـتان چ لـە بـواری ئابوریو چ لـە بـواری سیاسـیو کۆمەڵایەتیدا گرێدراوە بـە نێوەڕۆکـی سیاسـەتە شـۆڤینانەو دژە کوردانـەی دەسـەڵات بـە دەسـتانی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی.

ڕژێمـی کۆمـاری ئیسـلامی بـە سـەرنجدان بـەوەی، کـە هـەر لـە سـەرەتاوە بزووتنـەوەی مافخوازانـەی گەلـی کـوردو خەباتگێڕانـی کوردسـتانی، وەک چقڵـی چـاوو لەمپـەری جێبەجێکردنـی سیاسـەتە دژی گەلییەکانـی زانیـوەو لـە ڕوویەکـی تریشـەوە بەهـۆی بیـری شـۆڤێنیانەو

بـه بیانـووی پڕوپوچـی، وەک نەبوونـی ئەمنییـەتو هەبوونـی ڕەوتـی ئازادیخـوازی (هەڵبـەت لـە ڕوانگـەی ئەوانەوە جوداییخوازی) کوردسـتان، نیشـتمانی ئێمەیـان لـە هـەژاریو دواکەوتووییـدا ڕاگرتـووەو هەوڵـی سـڕینەوەی شوناسـی نەتەوەیـیو مێژووییمانـی داوەو هـەر کاتێکیـش مەترسـییەک بـەرەو ڕووی دەسـەڵاتەکەیان بۆتـەوە، کردویانیـن بـە قەڵغانـی بـەڵاو نازنـاوی (ڕەسـەنترین ئێرانی)و بوێرترین (سـنوورپارێزی) داوەتـە پاڵیـان.

سـڕینەوەی ئاسـەواری هـەژاری، بێـکاریو دواکەوتوویـی کوردسـتان یـە گشـتیو ناوچـە سـنوورییەکانی کوردسـتان بـەر لـە هەموو شـتێک بەسـتراوەتەوە بەخۆشـکردنی بـواری گەشـەی سیاسـیو ئەوجـار گۆڕینـی ڕوانگـەی ڕێژیـم سـەبارەت بە کێشـەی نەتەوەیی لە کوردسـتانو بـەدوای ئـەوەدا دانانـی پلانـی کارامـەو لەبـار لە بـواری سـەرمایەگوزاری، دامەزردانی کارخانەو کارگە پیشـەییەکانو پشـتگیرییەکان لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنـەری دەرفەتـی کارو بەشـی خسووسـیو تەرخانکردنـی بۆدجـە بـە مەبەسـتی نۆژنکردنـەوەو مۆدێرنیزەکردنـی کشـتوکاڵ، ئاژەڵـداریو بەشـەکانی تـری گەشـەی ئابـوری، ئـەوەش نـە لـە ئیـرادەی دەسـەڵات بەدەسـتانی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی دەوشـێتەوەو نـە ئـەو بیـرە شـۆڤینانەو دژی گەلییـە لـە خۆیدا توانـای نوێبوونەوەو بەخۆدا چوونەوە شکـدەبا.

(عەلی بداغی، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (٤٠٠)ە نوا ٢٠٠٤)

واتای پەیڤەکان

وشە		واتاکەی
دەروەست	:	خەمخۆر
ڕەوەز	:	قەدپاڵی شاخ
پاساو	:	دەلیل، بیانوو
بێ ئەنوا	:	بێ دەسەڵات، چارە ڕەش
ڕێژێم	:	ڕژێم
ئاوەڵا	:	کراوە، ڤەکری
قەستەری سەر	:	تینووی سەر
کاسبکار گەلێکن	:	کاسبکارێکی زۆرن، گەلەک شولکەر
تیاقاتە	:	لێی نییە، لێ نینە
هەژمەت	:	زەحمەت
بڕست	:	تاودان، هێز
نووچدان	:	کەوتن، کەفتن

[پێرست]

ز	بابەت	لاپەڕە
١.	پێشەکی	٣
٢.	بەشی ڕێزمان	٥
٣.	وەرزی یەکەم ناو لەڕووی پێکهاتنەوە	٦
٤.	چاوگ	١٥
٥.	چاوگ لە ڕووی پێکهاتنەوە	٢٠
٦.	بەکارهێنانی چاوگ وەک ناو	٢٦
٧.	ڕەگی کار	٣١
٨.	دۆزینەوەی ڕەگی کار	٣٤
٩.	چاوگ سەرچاوەی دروستکردنی کارە	٤٦
١٠.	دەمەکانی کاری ڕابردوو	٤٩
١١.	دەمەکانی کاری ڕانەبردوو	٥٥
١٢.	کاری داخوازی	٦١
١٣.	کاری بکەر دیار و کاری بکەر نادیار لە کرمانجی خواروو	٦٦
١٤.	وەرزی دووەم کاری بکەر دیار و کاری بکەر نادیار لە کرمانجی سەروو	٧٢
١٥.	جێناوی پرس	٧٧
١٦.	هاوەڵناوی پرس	٨١
١٧.	هاوڵکاری پرس	٨٥

لاپەڕە	بابەت	ز
٩٠	رستەی لێکدراو	١٨.
٩٤	ئامرازی پەیوەندی	١٩.
٩٨	ئامرازی دانەپاڵ	٢٠.
١٠٥	بەشی ئەدەب	٢١
١٠٦	وەرزی یەکەم ئەدەب چییە؟	٢٢
١٠٧	مێژووی ئەدەب	٢٣
١٠٨	ڕەخنەیی ئەدەب	٢٤
١١٠	جۆر و مەبەستەکانی هۆنراوە	٢٥
١١٦	فۆلکلۆر چییە؟	٢٦
١١٨	داستان	٢٧.
١٢٧	وەرزی دووەم داستانی کوردی	٢٨.
١٣٩	پەندی پێشینان	٢٩.
١٤٤	لێکۆڵینەوەی تازەی ئەدەبی کوردی	٣٠.
١٤٦	ڕێبازی کلاسیکی	٣١.
١٤٧	ڕێبازی ڕۆمانتیکی	٣٢.
١٤٩	ڕێبازی ڕیالیزمی	٣٣.

ز	بابەت	لاپەڕە
.٣٤	نمونەی ئەدەب	١٥٥
.٣٥	وەرزی یەکەم حاجی قادری کۆیی	١٥٦
.٣٦	وەلی دێوانە	١٦١
.٣٧	پیرەمێرد	١٦٤
.٣٨	هەژاری موکریانی	١٦٩
.٣٩	دیلان	١٧٢
.٤٠	وەزی دووەم سەبری بۆتانی	١٧٧
.٤١	مقداد مەدحەت بەدرخان	١٨٠
.٤٢	شاکر فەتاح	١٨٥
.٤٣	بەشی خوێندنەوە	١٩٢
.٤٤	دوازدە سوارەی مەریوان	١٩٣
.٤٥	نرخی سەربەستی	١٩٩
.٤٦	ڕەواندز	٢٠١
.٤٧	دارگوێز	٢٠٤
.٤٨	بەرزەبوون	٢٠٦
.٤٩	گورگ و ئێستر	٢١٢
.٥٠	سەرهەڵدان	٢١٥
.٥١	هونەری شانۆگەریی پێویستی بە هەرەوەزە	٢١٧
.٥٢	نامیق کەمال	٢٢٢

ز	بابەت	لاپەڕە
٥٣.	هەژاری	٢٢٧
٥٤.	ئەز دزانم ئاڤ ل سەر چ ڕا دچت بەلێ نابێژم	٢٣١
٥٥.	ژیانی کۆچەر	٢٣٥
٥٦.	قازی محەمەدی پێشەوا و کۆماری کوردستان	٢٣٩
٥٧.	ژیانی ئەمڕۆم دەفرۆشم بۆ کڕینی نانی سبەی	٢٤٣
٥٨.	پێڕست	٢٥٠